National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان
ساڵی دووەم _ خولی گرێدانی پاییزە
(١ی ئەیلولی ٢٠٢٠ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠٢١)




## راپۆرتی چوارەم
## لە خولی پێنجەم

ئازاری 2021

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ژمارە (٦٣)

# راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی چوارەم

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

ساڵی دووەم _ خولی گرێدانی پاییزە

(١ی ئەیلولی ٢٠٢٠ بۆ ٢٨ ی شوباتی ٢٠٢١)

٢٠٢١

## ستاف کار

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی روانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**روانگە فایەق عەلی**

چاودێرانی پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

**شۆخان مەحمود عەبدولەجید**

**٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣، لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە .**

**٭- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی پێ کردووە، بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی.**


**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢١**

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی لەسەر پرۆژەکەی چاودێری پەرلەمان | ٥ |
| پوختەی خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ ) تا ( ٢٠٢١/٢/٢٨ ) | ٦ |
| ١- دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٦ |
| ٢-دۆخی یاسادانان | ٦ |
| ٣- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان : | ٧ |
| ٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان | ٨ |
| ٤-پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی | ٩ |
| ٥- بودجەی پەرلەمان | ٩ |
| مانگرتنی پەرلەمانتاران لە تەلاری پەرلەمان | ٩ |
| هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان | ١٠ |
| یەکەم : ئاستی کارەکانی دامەزراوەیی پەرلەمان | ١٠ |
| ١-ئاستی چالاکی پەرلەمان | ١٠ |
| ٢-رێژەی ئامادەبوون لە پەرلەمان | ١٠ |
| ٣-ئاستی باڵانس لە بەشداری ئەندامان | ١١ |
| ٤-کاری یاسادانان | ١٢ |
| ٥-چالاکی چاودێری | ١٢ |
| ٦-ئاستی دەستپاکی | ١٣ |
| دووەم : چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن | ١٤ |
| ١-چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجی کردن | ١٤ |
| ٢-رۆڵی یاسادانانی پەرلەمان | ١٥ |
| ٣- پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ هاوڵاتیان | ١٥ |
| سێیەم : پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکی ئەندامەکان | ١٦ |
| ١- پابەندبوونی پەرلەمان | ١٦ |
| ٢- یاسادانان لە لایەن پەرلەمانتارانەوە | ١٦ |
| ٣-رۆڵی چاودێری پەرلەمانتار | ١٧ |
| ٤-چالاکی پەرلەمانتار لە لیژنە پەرلەمانییەکان | ١٧ |
| ٥-هەماهەنگی پەرلەمانتار لەگەڵ هاوڵاتیان | ١٧ |
| خشتەی ژمارە ( ١ ): دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ – ٢٠٢١/٢/٢٨ ) | ١٨ |
| خشتەی ژمارە ( ٢ ): خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی پایزە | ١٩ |
| خشتەی ژمارە ( ٣ ): یاسا پەسەندکراوەکان لە خولی پایزە | ٢٠ |
| خشتەی ژمارە ( ٤ ): بریارە کارگێڕییە پەسەندکراوەکان | ٢٠ |
| خشتەی ژمارە ( ٥ ): خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ ) | ٢١ |
| خشتەی ژمارە ( ٦ ): یاسا پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ ) | ٢٣ |
| خشتەی ژمارە ( ٧ ): بریارە یاساییە پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ ) | ٢٤ |
| خشتەی ژمارە ( ٨ ): مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە ( ٩ ) دانیشتنی خولی پایزە | ٢٤ |
| خشتەی ژمارە ( ٩ ): وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٢٧ |
| خشتەی ژمارە ( ١٠ ): پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان: | ٣٠ |
| بیرۆکەی ئەندامان | ٣٠ |
| ئەرکەکانی پەرلەمان | ٣١ |
| یەکەم- ئەرکی یاسادانان | ٣١ |
| ١-دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٣١ |
| دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزە، لە ( ٢٠٢٠/٩/٢ ) | ٣١ |

دانیشتنی ژمارە ( ٢ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/٣ ) .......... ٣٢
دانیشتنی ژمارە ( ٣ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/٨ ) .......... ٣٢
دانیشتنی ژمارە ( ٤ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/٩ ) .......... ٣٣
دانیشتنی ژمارە ( ٥ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/١٥ ) .......... ٣٤
دانیشتنی ژمارە ( ٦ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/١٦ ) .......... ٣٤
دانیشتنی ژمارە ( ٧ )، لە ( ٢٠٢٠/٩/٢٩ ) .......... ٣٥
دانیشتنی ژمارە ( ٨ )، لە ( ٢٠٢٠/١٠/٥ ) .......... ٣٥
دانیشتنی ژمارە ( ٩ )، لە ( ٢٠٢٠/١٠/٢٧ ) .......... ٣٨
دانیشتنی ژمارە ( ١٠ )، لە ( ٢٠٢٠/١٠/٢٧ ) .......... ٣٨
دانیشتنی ژمارە ( ١١ )، لە ( ٢٠٢٠/١١/٣٠ ) .......... ٣٩
دانیشتنی ژمارە ( ١ )ی نائاسایی، لە ( ٢٠٢١/١/٦ ) .......... ٤٠
٢-لیژنە هەمیشەییەکان .......... ٤٢
دووەم- ئەرکی چاودێری .......... ٤٣
سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە .......... ٤٤
ئە نجام .......... ٤٥
راسپاردەکان .......... ٤٩
خشتەی ژمارە ( ١١ ): پوختەی ژمارەی خولی پایزە .......... ٥٠
خشتەی ژمارە ( ١٢ ): پوختەی ژمارەی کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ ) .......... ٥١
کار و چالاکی لیژنەی هەمیشەییەکان لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢١/٢/٢٨ ) .......... ٥٢
خشتەی ژمارە ( ١٣ ): لیژنەی کاروباری یاسایی .......... ٥٣
خشتەی ژمارە ( ١٤ ): لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری .......... ٥٣
خشتەی ژمارە ( ١٥ ): لیژنەی کاروباری پێشمەرگە .......... ٥٤
خشتەی ژمارە ( ١٦ ): لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئە نجومەنە خۆجییەکان .......... ٥٥
خشتەی ژمارە ( ١٧ ): لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری .......... ٥٦
خشتەی ژمارە ( ١٨ ): لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .......... ٥٧
خشتەی ژمارە ( ١٩ ): لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر .......... ٥٨
خشتەی ژمارە ( ٢٠ ): لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی .......... ٥٩
خشتەی ژمارە ( ٢١ ): لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی .......... ٦٠
خشتەی ژمارە ( ٢٢ ): لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم .......... ٦١
خشتەی ژمارە ( ٢٣ ): لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی .......... ٦٢
خشتەی ژمارە ( ٢٤ ): لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار .......... ٦٣
خشتەی ژمارە ( ٢٥ ): لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان .......... ٦٤
خشتەی ژمارە ( ٢٦ ): لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان .......... ٦٥
خشتەی ژمارە ( ٢٧ ): لیژنەی دەستپاکی .......... ٦٦
خشتەی ژمارە ( ٢٨ ): لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا .......... ٦٧
خشتەی ژمارە ( ٢٩ ): لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی .......... ٦٨
خشتەی ژمارە ( ٣٠ ): لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ .......... ٦٩
خشتەی ژمارە ( ٣١ ): لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرت .......... ٧٠
پاشکۆی ژمارە ( ١ ): دەقی وتەکانی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزە .......... ٧١
پاشکۆی ژمارە ( ٢ ): هەڵوێستی بەشێك پەرلەمانتاران لەسەر دۆخی کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پەکخستنی پەرلەمان .......... ٧٣
پاشکۆی ژمارە ( ٣ ): یادداشتی ئینستتیوتی پەی .......... ٧٤
لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان .......... ٧٩

## پێشەکی

بەپشت بەستن بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)، **ئینستیتیوتی پەی** بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە **روانگەی پەی** (مرصد پەی) دامەزراند، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە کارکردنە بۆ دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی و گەیاندنی زانیاری بەرای گشتی، لەپاڵ ئەم ئامانجە، دروستکردنی فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە پەی بەهاوکاری هاوبەشەکانی لە کۆمەڵی مەدەنی کاری بۆ دەکات.

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی، (١٣) راپۆرتی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەسەر خولی چوار و (٤) راپۆرتی لەسەر خولی پێنج بڵاوکردۆتەوە، لەپاڵ کاری بەردەوامی ماڵپەری فەرمی روانگەی پەی، بڵاوکردنەوەی راپۆرتی وەرزی، بەیاننامەی رۆژانە لەسەر کارەکانی پەرلەمان، ژمارەیەك رێکخراو و کەسانی پسپۆڕ و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیە لە دەوری تۆڕێك کۆبوونەتەوە، بە ئامانجی کار و فشاری زیاتر لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز.

**"ئێمە لە پەی، هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێک کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت"**

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە هەرێم "باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە، ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە پەیڕەو یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە".

بۆیە ئێمە لە **ئینستیتیوتی پەی**، هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. پەرلەمانێك کە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لەدیموکراتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا.

**ئینستیتیوتی پەی** خوازیارە بەم پرۆژەیە، ئەو نامەیە بە نوخبەی دەسەڵات بگەیەنێت، کە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەهێزکردنی بەرزترین دامەزراوەی هەرێم، هەر هەوڵێکی زیاتر بۆ پەراوێزخستنی پەرلەمان، کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر شێوازی حوکمکردن و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك.

**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**
**ئازاری ٢٠٢١**

## پوختەی خولی پایزە

**( ٢٠٢٠/٩/١ ) تا ( ٢٠٢١/٢/٢٨ )**

### ١- دانیشتنەکانی پەرلەمان:

لە ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هاتووە ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەبێت پەرلەمان هەموو خولێکی گرێدان نزیکەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام نە لە خولی پایزە و نە لە هیچ خولێکی تردا دانیشتنەکان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، کۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢١/٢/٢٨) واتە بە (دوو ساڵ و سێ مانگ و بیست و چوار ڕۆژ)، تەنها (٥٦) دانیشتن کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکانیش نزیکەی (١٤٩:٥٧) سەد و چل و نۆ کاتژمێر و پەنجاو حەوت خولەك کۆبوونەتەوە.

### ٢-دۆخی یاسادانان:

لە خولی پایزە، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٥) پێشنیازە و پرۆژەیاسا کران، خوێندنەوەی دووەمی بۆ (٣) پێشنیازە و پرۆژەیاسا کراون، (٣) یاسا و (٢) بڕیاری کارگێڕی پەسەندکراون، لە کاتێکدا لەم خولی پێنجەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٣٥) پێشنیازە و پرۆژەیاسا و بڕیار کراون، (١٠) یاسا و (٧) بڕیار پەسەندکراون.

لە کردنەوەی خولی پایزەدا لە (٢٠٢٠/٩/٢) سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند بەپێویستی ئەزانم چەند خاڵێك وەك ئەرکی پەرلەمان لەم قۆناغەدا بخەمە ڕوو:-

١-پشتیوانی لەشاندی دانوستانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کەرێککەوتنێکی هاوسەنگ لەچوارچێوەی ماف و ئەرکە دەستوورییەکان لەم قۆناغە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

٢- چڕکردنەوەی ئەرکی لیژنەکان و پەرلەمانتاران لەچاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کەژمارەیەیان زۆرو زەوەندەو تەنها بەجێبەجێکردنیان داهاتی نەوت، داهاتی دەروازەو خاڵە سنوورییەکان، داهاتی وەدەستهاتووی وەرگرتنی باج لەگەورە باجدەران و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی بواری پیشەسازیی نەوتی و ڕێکخستنەوەی تەواوی داهاتە ناوخۆییەکان، زۆر لەئێستا زیاتر دەبێت و دۆخ و گوزەرانی خەڵك و هەرێمەکەشمان دەباتە قۆناغێکی تر.

٣-هیچ خەرجییەك لەدەرەوەی یاسای بودجە بەشێوەی زانستی و پشتبەست بەسەنەدی قانوونی خەرج ناکرێت، بۆیە جگە لەوەی ئەرکی حکومەتە دوای (٧) حەوت ساڵ، پرۆژەیاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمان، ئەرکی پەرلەمانتاران و لیژنەکانیشە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بۆ ناردنی پرۆژەیاسای بودجە بکەن، لەبەرئەوەی ئەوە (٧) حەوت ساڵە پەرلەمان نەیتوانیوە یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی کەپەسەندکردنی بودجەیە جێبەجێ بکات.

ئێستا ئەگەر پرسیار لە سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان بکرێت کە ئایا چەند لە ئەرکەکانی ئەو قۆناغەیان لە ماوەی (٤) مانگی رابردوو جێبەجێکردووە، دەبێت وەڵامیان چی بێت!؟ بە تایبەت کە ناڕەزایەتی پەرلەمانتار لە ئەدای سەرۆکایەتی و بێدەسەڵات کردنی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پشتگوێخستی لە لایەن حزبە سیاسیەکانەوە وەرز لە دوای وەرز لە هەڵکشاندایە.

بۆیە نەك کارەکانی خولی پایزە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئەرکەکانی خولی بەهارەش (٢٠٢٠/٣/١ تا ٢٠٢٠/٨/٣١) جێبەجێ نەکران، کە گرنگترینیان بریتی بوو لە کارکردن لەسەر:

١–وەبەرهێنان.

٢–دەروازە سنوورییەکان.

٣–پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی.

٤–ئەنجومەنی دەرمان و خۆراك.

٥–ڕێکخستن و فرۆشتنی هاوردەکردنی لێدەرهێندراوەکانی نەوت.

نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەرکەکانی خولی پایزەی ساڵی یەکەمیش لە (٢٠١٩/٩/١ تا ٢٠٢٠/٢/٢٨) کە بریتی بوون لە (١٤١) خاڵ کە لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان دانرابوو، کەمترین خالیان لێ جێبەجێ کراوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە:

**١–کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوور.**

**٢–هێنانی بودجەی (٢٠٢٠) بۆ پەرلەمان.**

**٣–گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە بە یاسا.**

**٤–فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات.**

**٥–دڵنیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.**

**٦–چارەنوسی فەرمانبەرانی گرێبەست.**

**٧–دامەزراندنی یەکەمی زانکۆکان.**

**٨–یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.**

## ٣- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان:

لەم خولەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، دەبوو لیژنەکان لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا، (٨) راپۆرت بنووسن، بەڵام تەنها (١) راپۆرت نوسراوە.

دۆخی لیژنە هەمیشەییەکان لە سەرەتای خولی پێنجەوە خراپە، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢١/٢/٢٩) واتە بە (٢٧) مانگ و (٢٤) ڕۆژ، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٣٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە و ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەکان کراوە، دەبوو لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا (٧٢) راپۆرتی لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە بنوسرایە، بەڵام تەنها (٣٣) راپۆرت نوسراوە.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، بەدواداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی پایزە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، لەباشترین حاڵەتدا بە یاننامەیەکیان دەرکردووە، کە هیچ کاریگەریەکی نەبووە لەسەر دۆخەکە، بۆ نموونە:

١- مانەوەی چەندین دەستگیرکراوی بادینان لە زیندانەکان بەبێ هیچ مافێکی یاسایی.

٢- داخستنی ئوفیسی سەرەکی NRT و راگرتنی پەخشی کەناڵەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە.

٣- دەستگیرکردنی دەیان خۆپیشاندەر و چالاکەوان لە ناویاندا مامۆستا (بەدەل بەرواری، ئومێد بەرۆشکەیی، شێروان شێروانی) کە ماوەی چەندین مانگە لە زیندانەکاندان و لە کەمترین ماف بێبەشن.

٤- بەردەوامی بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و کوژران و برینداربوونی دەیان کەس و چۆڵبوونی دەیان گوند.

٥- پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان و کارنەکردن بە یاسای رۆژنامەگەری، کە بەپێی راپۆرتی چاودێرانی رێکخراوی پۆرۆمێدیتێریەن بۆ مافەکانی مرۆڤ تەنها لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ٩٨ حاڵەتی پێشێلکاری دژی رۆژنامەنووسان هەبوون.

لە سەرەتای دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی پارێزگای سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی راپەرین لە ٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ هێزە ئەمنییەکان بە زەبروزەنگ وەڵامی ناڕەزایەتییەکانی دایەوەو گازی فرمێسك رێژ و گوللەی پلاستیکی وگوللەی راستەقینەیان بەکارهێنا، هەرچەند ئاماری رەسمی لەبەردەستادا نین بەڵام بە پێی بە دواداچونی رۆژنامەنوانی (٨) خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنیەکان بە گوللە کوژراون و زیاتر لە (١٢٠) کەس بریندار بوون، زیاتر لە (١٥٠) فەرمانگەی حکومی و بارەگای حزبی سوتان یان زیانیان پێگەیشتووە، زیاتر لە (١٠٠) خۆپیشاندەر دەستگیر کراون)، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ئەرکی بەدواداچوونی لیژنەکان و دەبوو لەسەر ئەو پێشێلکاریانە کاری پەیڕەوی بکرایە و وەزیری پەیوەندیدار بانگهێشتی لیژنە و دانیشتنەکانی پەرلەمان بکرایە، دۆخی بەدوادانەچوون لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان لە خولەکانی پێشووش هەروەهایە، ئەو ماددانەی دەسەڵات بە لیژنە هەمیشەییەکان دەدەن ئەرکی چاودێریکردن راپەڕێنن بریتین لە: ماددەکانی (٤٠ تا ٤٤)، بەڵام کەمترین ئەدای ئەم ئەرکە پەیڕەوییانە کراوە.

### ٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان:

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەدای ئەو ئەرکە بکەن، بۆ ئەم خولە بەردەست نیە پەرلەمانتاران چەند پرسیاریان ئاڕاستە کردووە، بەڵام وەڵام نەدانەوەی پرسیار بۆتە عورف و ئەندامان بەردەوام نارەزایەتی دەردەبڕن، هەر بەو بۆنەیەوە لیژنەی کاروباری پەرلەمان لە کۆبوونەوەی (٢٠٢٠/٩/٩)ی خۆیدا رایگەیاند: داوا لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکەن بەمیکانیزمێك چارەسەری دواکەوتنی پرسیار و وەڵامی پەرلەمانتاران بکرێت کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان دەکرێت. سەبارە بە ماددەی (٦٦) خستنەڕووی بابەتی گشتی بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، ئەندامان لەم خولەدا (٤) یاداشتیان پێشکەشکرد، بەڵام هیچیان نەخرایە بەرنامەی کارەوە، کە

ئەمە ئەوپەڕی گرنگینەدانە بە پرس و نوێنەرایەتی خەڵك لە پەرلەمان، بە تایبەت لە فراکسیۆنەکانی دەرەوەی حکومەت.

لە (٦) دانیشتنی پەرلەماندا (٨) ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران چوونەتە پەرلەمان، (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (١) جار، جێگری سەرۆك (١) جار، وەزیری دارایی (١) جار، وەزیری کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی (١) جار، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان (٤) جار)، وەزیری حکومەت ئامادەی دانیشتنەکان بوون، جگە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران یەك جاریش سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوون.

### ٤- پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی:

ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٠) حکومەتی هەرێم، بودجەی نەناردۆتە پەرلەمان، ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) ژمێرەی کۆتایی نەنێردراوەو بەیانی دارایی نەبووە و نەخراوەتە بەردەم پەرلەمان.

### ٥- بودجەی پەرلەمان:

لە ماددەکانی (١٦، ١٠٧، ١٠٨) پەیڕەودا باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات و ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، رێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی، بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و رێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و رەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی راپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

پرسیار ئەوەیە پەرلەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و رای گشتی. لە کاتێکدا داوای بودجە و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

**تێبینی:** لەسەر پرسەکانی (دانیشتنەکانی پەرلەمان، دۆخی یاسادانان، دۆخی چاودێری دامەزراوەکان) لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا بە (١٢) خشتە زانیاری و شیکردنەوە دانراوە. لەسەر پرسی (لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان) لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا لە ژێر ئەو ناونیشانە بە (١٩) خشتە، زانیارییەکان و شیکردنەوە دانراوە.

## مانگرتنی پەرلەمانتاران لە تەلاری پەرلەمان

رۆژی (٢٠٢٠/١٢/٩) کۆمەڵێك پەرلەمانتاری فراکسیۆنە جیاوازەکان لە ناوپەرلەمانی کوردستان مانیان گرت، یاداشتێکیان سەبارەت بەهەڵوێست و مانگرتنەکەیان بلاوکردەوە. (دەقی یاداشتەکە لەپاشکۆی ئەم راپۆرتەدا هاوپێچە).

دوای سەردانی سەرۆکی پەرلەمان بۆلای مانگرتووان و لەسەر بەڵێنی سەرۆکی پەرلەمان دوای (٥) رۆژ مانگرتن لە (٢٠٢٠/١٢/١٣) بە بەڵێنی ئەنجامدانی دانیشتن مانگرتنەکەیان شکاند، بەڵام دانیشتنەکە ئەنجامنەدرا.

## هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان

یـەکێتی پەرلەمانـەکانی جیهـان (IPU) پێـوەرێکی پێـنج پلـەیی دانـاوە بـۆ پێوانـەکردنی ئاسـتی چـالاکی پەرلەمانەکان، و هەڵسەنگاندنی خودی ئەندام پەرلەمانەکان.

### یەکەم: ئاستی کارەکانی دامەزراوەیی پەرلەمان :-

پێوەری کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی خولێکی گرێداندا بریتین لە:-

### ١-ئاستی چالاکی پەرلەمان :

ڕێژەی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی پەرلەمان: ١٠٠ دانیشتن (لە ماوەی ١٠ مانگ بـەلانی کەمـەوە، دوو هەفتە لە مانگێکدا بەلانی کەمـەوە، سـێ ڕۆژ لـە هەفتەیەکدا بـەلانی کەمـەوە، پێـنج دانیشـتن لەهەفتەیەکدا بـەلانی کەمەوە، و دوو کاتژمێر بۆ هەر دانیشتنێك بەلانی کەمەوە):

أ- لاواز (کەمتر لە ١٠٠ کاتژمێر)

ب- مامناوەند (١٠٠-٢٠٠ کاتژمێر)

ت- چالاك (٢٠٠-٢٥٠ کاتژمێر)

پ- زۆر چالاك (زیاتر لە ٢٥٠ کاتژمێر)

پەرلەمان کوردستان لە چوار مانگی خولی پاییزەدا (٣١) کاتژمێر لە (١٢) دانیشـتندا کۆبۆتـەوە ، **کەواتـە ئاسـتی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا لاوازە.**

### ٢-ڕێژەی ئامادەبوون لە پەرلەمان:

**یەك**: کۆی ئامادەنەبوون لە پەرلەمان (نەهاتن و مۆڵەت) لە هەموو دانیشتنەکانی پەرلـەمان لـەو خولـەدا، دابـەش بکرێت بەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان و کەرەتی ژمـارەی دانیشـتنەکان دەکرێـت، و یەکسـان دەبێـت بـە ئاسـتی چالاکی پەرلەمانی لەو خولەدا:

أ-چالاك (کەمتر لە پێنج لەسەد)

ب- پچرپچر (لەنێوان ٥-١٠٪)

ت- کۆنترۆڵنەکراو (لە نێوان ١٠-٢٥٪)

پ- لە کۆنترۆڵ دەرچوو (لە نێوان ٢٥-٥٠٪)

کۆی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران (بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت) بریتی یە لە (١٣٠ جار÷ ١٠٨ ئەنـدام× ٩ =١٠,٨، ئەمـە جگە لە مۆڵەت و ئامادەنەبوونی دانیشتنەکانی ژمارە (٧، ١١) کە نەخوێندراوەتەوە)، کەواتە دۆخی ئامادەنەبوون لـەم خولەدا کۆنترۆڵنەکراوە.

**دوو**: ژمارەی ناڕازیبوون لەسەر نیسابی دەنگدان دابەشی ژمارەی دانیشتنەکان:-

أ- ڕێکخراو (کەمتر لەیەك جار)

ب- پچڕپچڕ (له نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نه‌كراو (له‌دوو جار زیاتر)

**لەم پێوەرەدا پەرلەمانی کوردستان ئاستەکەی ڕێکخراوە.**

**سێ**: ژماره‌ی ناڕازی بوون له‌سه‌ر بڕیاری سه‌رۆكی دانیشتنه‌كان دابه‌شی ژماره‌ی دانیشتنه‌كان:-

أ- ڕێكخراو (كه‌متر له‌یه‌ك جار)

ب- پچڕپچڕ (له نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نه‌كراو( له‌دوو جار زیاتر)

**لەم پێوەرەدا ئاستی پەرلەمان کۆنترۆڵنەکراوە**، چونکه لەم وەرزەدا ئەندامان دەیان جار لەڕێگەی خاڵی پەیڕەوییەوە ناڕەزایەتیان نیشانداوە لەسەر وەرنەگرتنی خاڵی پەیڕەوی ئەندامان و دانەنانی یاداشتنی ئەندامان لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان.

**چوار**: ژماره‌ی دانیشتنه‌كان كه هه‌ڵپه‌سێردراون به‌مه‌به‌ستی كۆنترۆڵكردنی دانیشتنه‌كه:

أ- ڕێكخراو (كه‌متر له‌یه‌ك جار)

ب- پچڕپچڕ (له نێوان ١-٢ جار)

ت- كۆنترۆڵ نه‌كراو (له‌دوو جار زیاتر)

دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٠/١٠/٢٥) (٢) جار پەخش راگیرا دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠٢٠/١١/٣٠) (٥) جار پەخش راگیرا، لەم وەرزەشدا (٢) جار جەلسە هەڵگیرا بەو پێیە پەرلەمان لەم پێوەرەدا لە پلەی پچڕپچڕدایە.

**٣-ئاستی باڵانس له به‌شداری ئه‌ندامان**

**یه‌ك**: ڕێژه‌ی به‌شداری ئه‌ندامه‌كان له خولی گرێدان هه‌ژمار ده‌كرێت، له ڕێگای ژماره‌ی وشه‌كانی له‌هه‌موو دانیشتنه‌كان و دابه‌شی ژماره‌ی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان ده‌كرێت.

**دوو**: ڕێژه‌ی به‌شداری هه‌ر ئه‌ندامێك، له ڕێگای ژماره‌ی وشه‌كانی له‌هه‌موو دانیشتنه‌كان دابه‌شی ئه‌نجامی دابه‌شكردنی ڕابردوو.

أ- لاواز (له نێوه كه‌متری ئه‌و ڕێژه‌یه).

ب- سنوردار (له نێوان ٥٠-٧٥٪)

ت- مامناوه‌ند (٥٪ زیاتر یان كه‌متر)

پ- چالاك (له نێوان ١٠٠-١٥٠٪ ڕێژه‌ی)

ج- زۆر باش (له نێوان زیاتر له ١٥٠٪ ڕێژه‌ی)

ئه‌م پێوه‌ره ناچه‌سپێت ئه‌گه‌ر پرۆتۆكۆلی په‌رله‌مان له‌به‌رده‌ست نه‌بێت بۆ زانینی ژماره‌ی وشه‌كانی په‌رله‌مانتاران.

## ٤-كاری یاسادانان

**یەك**: ژمارەی ئەو پڕۆژانەی کە خراونەتە بەردەم پەرلەمان دابەشی ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەسەندی کردووە:

أ- کەمتر لە چارەك، (ئاستی چالاکی سنوردارە).

ب- لە نێوان چارەك تا نیو، (چالاکی مامناوەندە).

ت- زیاتر لە نیو، (چالاکە).

(٥) پێنشنیازە و پرۆژە یاسا لە لایەن ئەندامان و حکومەتەوە پێشکەش کراون، (٣) یاسا دەرچوویندراون، کەواتە (٥÷٢=٢,٥)، **کەواتە ئاستی چالاکی مامناوەندە**، ئەگەر سێ خولی پێشوو وەرگرین، ئاستەکە هەر بەهەمان شێوەیە، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢١/٢/٢٨) خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٣٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، بەڵام تەنها(١٠) یاسا و (٧)بڕیار پەسەندکراوە، کەواتە (٣٥÷١٧=٢٠.٥٪)، **کەواتە ئاستی چالاکی یاسادانان مامناوەندە.**

**دوو**: دەستپێشخەری پرۆژە یاساکان لە لایەن ئەندامەکانەوە:

ژمارەی پرۆژە یاساکان کە لە لایەن ئەندامانی و لیستەکان دابەشی ژمارەی یاساکان کە پەسەندکراون

أ- (کەمتر لە ١٠٪) دەستپێشخەری لاوازە.

ب- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپێشخەری سنوردارە.

ت- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪)دەستپێشخەرە.

پ- (لە نێوان ٥٠-٧٥٪) فەرماندەی یاسادانانە.

ج- (زیاتر لە ٧٥٪) خاوەن بڕیاری سیاسیە.

(٤) پێنشنیازە یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەشکراون، هیچ پێشنیازێك نەکراوەتە یاسا، **کەواتە ئاستی دەستپێشخەری لاوازە**، بەڵام ژمارەی پێشنیازە یاسا و بڕیاری ئەندامان لە خولەکانی گرێدانی پێشوو (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢١/٢/٢٨)، بریتیە لە (٢٧)دانە، کە دەبوو لە دوای خوێندنەوی یەکەم لە درێژترین ماوەدا بە (٣٨) ڕۆژ بکرانایە بە یاسا، بەڵام لەو ماوەیەدا تەنها (٧) یاسا و (٤) بڕیار لەسەر پێشنیازی ئەندامان پەسەندکراوە، بەم پێ یە **ئەندامان دەست پێشخەرن**.

## ٥-چالاکی چاودێری

**یەك: گشتگیری چالاکی چاودێری:** ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری وەکو ئیمزا کۆکردنەوە[١] یان دروستکردنی لیژنەی بەدواداچوون، دابەشی ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری لە ماوەی خولەکەدا، یەکسانە بەڕێژەی ئەنجامدانی کاری چاودێری. ئەندامان (١٢٧) واژوویان بۆ (٥) کاری چاودێری کۆکردەوە، کە یەکێکیان پرساندنی (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگرەکەی، وەزیری دارایی) بوو، تەنها (١) کار لەسەر ئەو داوایانە کرا. ، ١٧١÷١= ١,٢٧٪.

[١]-لە کاتی جێبەجێ کردنی ئامرازی چاودێری کە پێویستی بە زیاتر لە یەك واژۆ هەیە وەکو پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون کە پێویستی بە زیاتر لە یەك ئەندام هەیە ئەندامێك واژوی کردبێت لەسەر ئەو داواکاریە، بە یەك جار هەژمار دەکرێت.

**دوو: بەشداری کردن لە کاری چاودێری** : ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری، دابەشی ژمارەی ئەندامان، یەکسانە بە ڕێژەی گشتی بەشداری لە ئەنجامدانی کاری چاودێری.

أ- لاواز (کەمتر لە نیوەی ڕێژەی گشتی)

ب- سنوردار (لە نێوان ٥٠-٧٥٪ لە ڕێژەی گشتی)

ت- مامناوەند(٥٪ زیاتر یان کەمتر لە ئەنجامی ڕابردوو)

پ- چالاك (لە نێوان١٠٠-١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو)

ج- زۆر باش (لە نێوان زیاتر لە ١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو).

لەم خولەدا یەك کارکراوە، کەواتە (١/١٠٨=٠,٩٪)، بە پێی ئەم پێوەرە **بەشداری ئەندامان لەکاری چاودێری لە ئاستێکی لاوازدایە.**

**٦-ئاستی دەستپاکی**

**یەك**: درووستی کارەکان یەکسانە بە ژمارەی داواکارییەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- لە نێوان ٢٥-٥٠٪ دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانێکی گەندەڵە

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

**دوو**: پاکی هەنگاوەکان یەکسانە بە ژمارەی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی داواکاری وەرگرتنەوەی متمانە.

أ- (کەمتر لە ٥٪)پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر)پەرلەمانیکی گەندەڵە

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

**سێ**: دروستی ڕێوشوێنەکان یەکسانە بە ژمارەی تۆمەتبارکردن لە ڕووی دادگاکانەوە، دابەشی ژمارەی بڕیارەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪) دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵ

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

**چوار**: دروستی هەڵسوکەوتەکان یەکسانە بە ژمارەی سەلماندنی تۆمەتەکە لەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانیکی دەستپاکە

ب- لە نێوان ٥-١٠٪ دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵ

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی نەخراوەتە بەرنامەی کار.

## دووەم: چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن

### ١-چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجی کردن

أ- ژمارەی داواکاری ئامرازەکانی لێپرسینەوە (پرسیار و لێپرسینەوە) کە ئاراستەی حکومەت کراوە. (ژمارەی پرسیار بەردەست نیە، بەڵام تەنها یەك پرسان‌دن کراوە)

ب- ژمارەی وەڵامی فەرمی حکومەت کە قەناعەتپێکراوە سەبارەت بە لێپرسینەوە (حکومەت، پرساندنەکەی بە نوسراو وەڵام دایەوە و لە دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٧/١٠/٢٠٢٠) گفتوگۆی لەسەرکرا، فراکسیۆنەی (یەکگرتوو) بایکۆتی کۆبوونەوەکەی کرد، وەڵامی حکومەت و کۆتایی پرۆسەکە خرایە دەنگدان و لە کۆی (٩٠) پەرلەمانتاری ئامادەبوو، (٨١) دەنگی بەدەستهێنا و پرۆسەی وەرگرتنەوەی متمانە جێبەجێ نەکرا.

ت- ژمارەی لێپرسینەوە تایبەت بە بودجەی گشتی دەوڵەت. (هیچ لێپرسینەوەیەك نەکراوە).

پ- ژمارەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە کە پێکهێنراون. (یەك لیژنە لەسەر هەڕەشەکردن لە سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ پێکهێنرا، لیژنەکە وتەکانی نەسەلماند و وتەکانی (کازم فاروق) لەپرۆتۆکۆل سڕدرانەوە).

ج- ژمارەی لێپرسینەوەکان کە بوون بە داواکاری لێسەندنەوەی متمانە. (یەك داوای پرساندن هەبوو، بەڵام بە دەنگی (٨١) پەرلەمانتار وەڵامەکانی پرسێندراوان قبوڵکراو، نەچووە قۆناغی وەگرتنەوەی متمانە).

ح- ژمارەی دەنگدان لەسەر متمانەی وەزیر. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەكراوە).

خ- ژمارەی دەنگدانی لەسەر لێسەندنەوەی متمانە لە حكومەت. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەكراوە).

### ٢-ڕۆڵی یاسادانانی پەرلەمان

أ- ژمارەی پرۆژە یاساكان كەتاوتوێ كراون لە خولی پەرلەمانیدا. (٧) پێشنیاز و پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەكەم و دووەمیان بۆ كراوە.

ب- ژمارەی یاساكان كە پەسەند كراون لە میانی خولی پەرلەمانیدا. (٣) یاسا پەسەندكراوە.

ت- ڕێژەی دەستپێشخەری ئەندامانی پەرلەمان. (١) داواكاری بۆ پێشكەشكردنی بیرۆكە هەبوو، بەڵام نەخرایەڕوو.

پ- ژمارەی ئەو یاسایانەی كە پەرلەمان چەند جارێك هەمواری كردۆتەوە پاش پەسەندكردنی. لەم خولە (١) یاسایە، (بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو كارتێكارە عەقڵییەكان لەهەرێمی كوردستان-عیراق).

ج- ژمارەی ئەو یاسایانەی كە سەرۆكی ڕەتیكردۆتەوە. هیچ یاسایەك رەتنەكراوەتەوە.

ح- ژمارەی ئەو یاسایانەی كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند كراون، بەڵام دادگا هەڵیپەساردوون بەمەبەستی زانینی ئەوەی تا چەند دەستورین. (نیە).

خ- ژمارەی پێشنیاری هاوڵاتیان و كۆمەڵگای مەدەنی كە لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی كراون. (نیە).

### ٣-پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ هاوڵاتیان

أ- ژمارەی دانیشتنەكانی پەرلەمان؟ (١٢ دانیشتن).

ب- ڕێژەی دانیشتنەكانی پەرلەمان كە لە لایەن تەلەڤزیۆنەوە پەخش كراون؟ (١٠ دانیشتن).

ت- ڕێژەی دانیشتنەكانی پەرلەمانی كە بەشێوەیەكی كورت پەخش كراون لە تەلەڤزیۆن؟ (٢ دانیشتن).

پ- ئایا پەرلەمانی ماڵپەڕی ئەلكترۆنی هەیە؟ (بەڵێ).

ج- ئایا ئەو ماڵپەڕە ئەكتیڤە و بەشێوەیەكی بەردەوام ئەبدەیت دەكرێتەوە؟ (بەڵێ ئەبدەیت دەكرێتەوە، بەڵام زۆری زانیاری گرنگی هەیە لەسەر كاری پەرلەمانی تیادانیە، هەروەها، چەندین یاسا و بڕیاری پەرلەمانی كە پەسەندكراوە لە سایت بڵاوناكرێتەوە، یاسای مادده هۆشبەرەكان، بڕیاری گەرانەوەی پارێزبەندی بۆ پەرلەمانتار (سۆران عومەر).

ح- ژمارەی یاداشتی دانیشتنەكان كە بەردەستە لەو سایتە؟ (نییە).

خ- ژمارەی بەیاننامەی دەرچوو لە لایەن پەرلەمانەوە لە ماوەی ئەو خولە؟ (٣) دانە: ١- پەرلەمانی كوردستان ئیدانەی سووتاندنی ئاڵای كوردستان و بارەگای پارتی لەبەغدا دەكات. ٢- ڕاگەیانراوێك لەسەرۆكایەتیی

پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەتێپەڕاندنی یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ٣- ڕاگەیاندراوێك لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ ڕۆژی ئاڵای کوردستان.

د- ئایا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە پێش سازکردنی؟ بەڵێ.

ژ- ئایا هاوڵاتی دەتوانن سەردانی پەرلەمانی بکەن وئامادەی دانیشتەکان بکەن؟ ڕێکاریی پەیڕەوی هەیە بۆ ئامادەبوونی ڕێکخراوەکان و هاوڵاتیان، بەڵام لە خولی پێشوودا تەنها (١) جار کۆمەڵێك ڕێکخراو ئامادەی دانیشتنەکان بوون، بەڵام دیار نییە بە چ میکانیزمێك ڕێگە بە ڕێکخراوەکان دراوە، بەڵام ئێمە لە ئینیستیتیوتی پەی کە ماوەی (٧) ساڵە چاودێری پەرلەمان دەکەین، بەڵام ڕێگە بە تیمەکانی ئێمە نادرێت نەك بەشداری دانیشتنەکان بکەن، بەڵکو ڕێگە نادرێت ڕاپۆرتەکانی پرۆژەکەش بخرێنە ناو سندوقی ئەندامانی پەرلەمان.

## سێیەم: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکی ئەندامەکان

### ١- پابەندبوونی پەرلەمان

أ- ڕێژەی ئەو دانیشتنانەی کە ئەندام پەرلەمان ئامادەی دەبێت لە کۆی ژمارەی دانیشتنەکان لە خولی گرێدان.

*لە خشتەی ژمارە (١٠) تایبەتە بە ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان.

ب- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتاران بۆ نوسینگەی پەرلەمان بەمەبەستی گرتنی ڕێوشوێن دژی. (نیە)

ت- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتارەکانی بۆ لیژنەی بەهاکان. (نیە)

پ- ژمارەی دەرکردنی سزا دژی ئەندام پەرلەمان. (نیە)

ج- ژمارەی ئەندامەکان کە پارێزبەندیان لەسەر هەڵگیراوە. (نیە)

ح- ڕێژەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەسەرجەم دانیشتنەکان ئامادەبوون. (٤٥ پەرلەمانتار).

خ- ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە هەرگیز قسەیان نەکردووە لەماوەی خولی پەرلەمانی. (٤ پەرلەمانتار).

### ٢-یاسادانان لە لایەن پەرلەمانتارانەوە

أ- ژمارەی پێشنیاری پرۆژە یاساکان کە پەرلەمانتار پێشنیاری کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (٤ پێشنیار).

ب- ژمارەی پێشنیاری هەمووارکردنی یاساکان کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە لەخولەکەدا؟ (نیە).

ت- ژمارەی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەموارکردنی پێشکەشکراو لە لایەن پەرلەمانتارەوە بۆ لیژنەکان؟ (نیە).

پ- ژمارەی پێشنیازە خودییەکان (خوازراوەکان) کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە؟ (١) دانە، بەڵام پێشکەش نەکرا.

ج- ژمارەی بەشداریکردنی پەرلەمانتار لە وتوێژەکان لە دانیشتنەکان؟ (١٠٤ پەرلەمانتار).

ح- ژمارەی وتوێژەکان کە پەرلەمانتار بەشداری تیادا کردووە لە لیژنە؟ (بەردەست نیە).

### ٣-ڕۆڵی چاودێری پەرلەمانتار

أ- ژمارەی بەیاننامە بەپەلە کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لەماوەی خولەکەدا؟ (٢١) دانە.

ب- ژمارەی داواکاری کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نیە).

ت- ژمارەی پرسیارەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نیە).

پ- ژمارەی پرساندنەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (یەك پرساندن).

ج- ژمارەی پێشنیار کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا و ئایا باس کراوە لە دانیشتنەکان؟ (٤ داوکاری بەژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەشکراوە، بەڵام هیچیان نەخرایە بەرنامەی کار).

ح- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە داواکردنی لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت؟ (بەڵێ).

خ- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە تۆمەتبارکردنی وەزیر؟ (نەخێر).

د- ژمارەی سەردانەکان کە پەرلەمانتار ئەنجامی داوە لە چوارچێوەی کارەکانی لیژنە؟ (٦١ سەردان).

### ٤-چالاکی پەرلەمانتار لە لیژنە پەرلەمانییەکان

أ- ڕێژەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەی هەمیشەیی و کاتییەکان؟ (خشتەیەکی ورد لەسەر زانیاری لیژنەکان لە ڕاپۆرتەکەدا هاوپێچە).

ب- ژمارەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەکانی دیکە؟ (خشتەیەکی ورد لەسەر زانیاری لیژنەکان لە ڕاپۆرتەکەدا هاوپێچە).

ت- ژمارە پێشنیار و بیرۆکە کە پەرلەمانتار پێشکەشی لیژنەکەی کردووە وتەبەنی کراوە لە ڕاپۆرتەکاندا؟ (بەردەست نیە).

### ٥-هەماهەنگی پەرلەمانتار لەگەڵ هاوڵاتیان

أ- ئایا پەرلەمانتار نوسینگەی هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتیان؟ نەخێر، تەنها نوسینگەی پەرلەمان هەیە لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان.

ب- ئایا پەرلەمانتار پێگەی ئەلکترۆنی هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ هاوڵاتیان؟ (نەخێر)، بەشی زۆر ئەندامان تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و بیروڕاکانیان.

## خشتەی ژمارە (١)

## دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ – ٢٠٢٠/١٢/٣١)

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی بڕگەکانی کار | ژ. بڕگەی جێبەجێکراو | ماوەی دانیشتنەکە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٠/٨/٣١ | ٢٠٢٠/٩/٢ | کردنەوەی خول | ٥ | ٤ | ٠٠:٤٦ | |
| ٢ | ٢٠٢٠/٩/٢ | ٢٠٢٠/٩/٣ | ٢ | ١ | ١ | ٠٤:١٦ | |
| ٣ | ٢٠٢٠/٩/٦ | ٢٠٢٠/٩/٨ | ٣ | ٤ | ٤ | ٠١:٢٩ | بەشێکی بە داخراوی بەڕێوەچوو. |
| ٤ | ٢٠٢٠/٩/٨ | ٢٠٢٠/٩/٩ | ٤ | ١ | ١ | ٠٢:٣٥ | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ئامادەی دانیشتنەکەبوو. |
| ٥ | ٢٠٢٠/٩/١٣ | ٢٠٢٠/٩/١٥ | ٥ | ٢ | ٢ | ٠٢:٥٦ | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ئامادەی دانیشتنەکەبوو. |
| ٦ | ٢٠٢٠/٩/١٥ | ٢٠٢٠/٩/١٦ | ٦ | ١ | ١ | ٠٠:١٦ | دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە داخراوی بەڕێوەچوو. |
| ٧ | ٢٠٢٠/٩/٢٧ | ٢٠٢٠/٩/٢٩ | ٧ | ١ | ١ | ٠١:١٥ | |
| ٨ | ٢٠٢٠/١٠/٣ | ٢٠٢٠/١٠/٥ | ٨ | ١ | ١ | ٠٩:٢٤ | سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، سەرۆکی دیوانی و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئامادەی دانیشتنەکەبوون. |
| ٩ | ٢٠٢٠/١٠/٥ | ٢٠٢٠/١٠/٧ | ٩ | دانیشتنەکە دواخرا | | | |
| ١٠ | ٢٠٢٠/١٠/٢٥ | ٢٠٢٠/١٠/٢٧ | ٩ | ٣ | ٣ | ٠١:٣٧ | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ئامادەی دانیشتنەکەبوو. |
| ١١ | ٢٠٢٠/١١/١٥ | ٢٠٢٠/١١/١٧ | ١٠ | دانیشتنەکە دواخرا | | | |
| ١٢ | ٢٠٢٠/١١/٢٤ | ٢٠٢٠/١١/٢٥ | ١٠ | ٣ | ٢ | ٠٣:٤٩ | |
| ١٣ | ٢٠٢٠/١١/٢٨ | ٢٠٢٠/١١/٣٠ | ١١ | ٣ | ١ | ٠٠:٥٣ | |
| ١٤ | ٢٠٢٠/١١/٣٠ | ٢٠٢٠/١٢/٢ | ١٢ | دانیشتنەکە دواخرا | | | |
| ١٥ | ٢٠٢١/١/٤ | ٢٠٢١/١/٦ | ١ ی نائاسایی | ٢ | ٢ | ٠٢:٠٤ | |
| سەرجەم | | | ١١ | ٢٧ | ٢١ | ٣١:٢٠ | |

ڕونكردنەوەی سكرتێری پەرلەمان سەبارەت بەدواخستنی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی پەرلەمان:

بڕیار بوو سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە (٢\١٢\٢٠٢٠) بەڕێوەبچێت، دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان نوسراوی ئامادەكردووە و ئاراستەی سەرۆكایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەكرێت تاوەكو شاندی دانوستانكاری هەرێم و لایەنی پەیوەندیداری حكومەتی هەرێم، لەدانیشتنێكی تایبەتی پەرلەمانی كوردستان ئامادەبن، بەمەبەستی گفتوگۆكردن لەسەر پرسی مووچەو شایستە داراییەكانی هەرێم و ڕەوشی گفتوگۆكان لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ و پلان و ئامادەكارییەكانی حكومەتی هەرێم بۆ هەموو ئەگەرەكانی پەیوەست بەڕەوشی دارایی.

## خشتەی ژمارە (٢)

## خوێندنەوەی یەكەم و دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساكان و بڕیارەكان لە خولی پاییزە

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەكەم | خوێندنەوەی دووەم | پێشكەشكراوە لەلایەن | ئاراستەی ئەم لیژنانە كرا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاسای (فرۆشتن و بەكرێدانی مایەكانی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠٢٠/٩/٢) | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠٢٠/١١/٢٥) | *ئەنجومەنی وەزیران | * یاسایی<br>* دارایی |
| ٢ | پێشنیازی یاسای (ماف و ئەركی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٢، ٣) لە (٣، ٢٠٢٠/٩/٨) | *ئەندامان(پارتی، یەكێتی، گۆڕان، كۆمەڵ، نەوەی نوێ) | * یاسایی<br>* تەندروستی |
| ٣ | پرۆژە یاسای (لەئەستۆكردنی فەرمانبەران لەهەرێمی كوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | دانیشتنی ژمارە (٣،٤، ٥) لە (٨، ٩، ٢٠٢٠/٩/١٣) | *حكومەتی هەرێمی كوردستان | * یاسایی |
| ٤ | پێشنیازی یاسای (پاراستنی تۆڕو بنچینەكانی ئاوو ئاوەڕۆ لەهەرێمی كوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٠/١٠/٢٧) | – | *ئەندامان (یەكێتی، پارتی، هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی، گەشەپێدانی توركمانی) | *یاسایی<br>*شارەوانی |
| ٥ | پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لەهەرێمی كوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٠/١٠/٢٧) | – | *ئەندامان (یەكێتی، پارتی) | *یاسایی<br>*كشتوكاڵ |
| ٦ | پێشنیازەیاسای پەروەردەو خوێندن لەهەرێمی كوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠٢٠/١١/٣٠) | – | *ئەندامان (پارتی) ناوەكان تەواو نەكران. | *یاسایی<br>*پەروەردە |
| ٧ | پێشنیازەیاسای هەمواری یەكەمی زانكۆ تایبەتەكان لەهەرێمی كوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠٢٠/١١/٣٠) | – | *ئەندامان (پارتی) ناوەكان تەواو نەكران. | *یاسایی<br>*پەروەردە |

## خشتەی ژمارە (٣)

## یاسا پەسەندکراوەکان لە خولی پایزە

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٥) لە رۆژی (٢٠٢٠/٩/١٥) | وەقائیع چاپ نەکراوە، هەر بۆیە یاساکەش بڵاونەکراوەتەوە. | بە (٧٠) دەنگ پەسەنکرا. |
| ٢ | یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٧) لە رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٩) | وەقائیع چاپ نەکراوە، هەر بۆیە یاساکەش بڵاونەکراوەتەوە. | بە (٧١) دەنگ پەسەنکرا. |
| ٣ | یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە رۆژی (٢٠٢١/١/٠٦) | بۆ سەرۆکی هەرێم ناردراوە و هێشتا لە وەقائیعی کوردستان بلاو نەکراوەتەوە | بە (٦٤) دەنگ پەسەندکرا. |

**تێبینی:**

*لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٠/٩/٨) یەکێك بە خاڵەکانی بەرنامەی کار، بریتی بوو لە خستنەروو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددەو برگەیەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان لەهەرێمی کورستان–عیراق) بەهەردوو زمانی (کوردی و عربی) کە بەبڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتیی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٩٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

*بەپێی زانیارییەکانمان، لە مانگی (٢٠٢٠/٥) سەرۆکی هەرێم لە دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی، (یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاخبردنی نەوتی) گەراندۆتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام لە خولەشدا نەخرایەوە بەرنامەی کار.

## خشتەی ژمارە (٤)

## بریارە کارگێڕییە پەسەندکراوەکان

| ژ | ژمارەی بریار | مێژووی بریار | ناوی بریار | مێژووی دانیشتن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٨ | ٢٠٢٠/٩/٩ | پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوون لەسەر ووتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی جولانەوەی نەوەی نوێ. | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٠/٩/٩) | بەدەنگی (٧٩) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |
| ٢ | ٩ | ٢٠٢٠/١٠/٢٧ | دانانی بەرێز (عومەر عەبدوڵلا فەتاح) وەك ئەندام بۆ سەر لیژنەی دارایی وکاروباری ئابوری پەرلەمان. | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٠/١٠/٢٧) | بەدەنگی (٧٤) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

## خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ )

| ژ | ناوی پڕۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | خوێندنەوەی دووەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئەو لیژنانە ئاراستەیان کراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور. | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٩/٣/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠١٩/٤/٣) | ٦٨ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، سەردەم، ئازادی، پێکهاتەکان) | * کاروباری یاسایی |
| ٢ | پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | ٣٤ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، ئازادی، پێکهاتەکان) | * کاروباری یاسایی<br>* شارەوانی |
| ٣ | پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان– عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٧) | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی) | * کاروباری یاسایی<br>*پێشمەرگە و ناوخۆ |
| ٤ | لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان. | دانیشتنی ژمارە (١٤) لە (٢٠١٩/٠٧/١١) | دانیشتنی ژمارە (٢)ی نا ئاسایی لە (٢٠١٩/٨/١) | ٦٥ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی) | * کاروباری یاسایی<br>* کاروباری شەهیدان |
| ٥ | هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | دانیشتنی ژمارە (٢) لە (٢٠١٩/٠٩/٢٥) | ئەندامانی(پارتی، یەکێتی، گۆران، یەکێتی نەتەوەیی، گەشەپێدان) | *کاروباری یاسایی |
| ٦ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بەنەوت و بەرووبوومەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٨). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ٧ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری<br>* وزە |
| ٨ | پێشنیازەیاسای (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٩ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، ژمارە (٧٨)ی ساڵی (٢٠١٢). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | *کاروباری یاسایی |
| ١٠ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئالوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*پێشمەرگە و ناوخۆ<br>(لە کاتی جیا کردنەوەی لیژنەکان ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ دەکرێت). |
| ١١ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ١٢ | پێشنیازی یاسای دەزگای کۆنترۆلی جۆریی دڵنیایی، لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | – | *ئەندامان(گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*لیژنەی دارایی<br>*وزە * تەندروستی |
| ١٣ | پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی، لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان(گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کۆمەڵایەتی |
| ١٤ | پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | – | *ئەندامانی (گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ). | * کاروباری یاسایی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | – | *ئەندامانی (فراکسیۆنی یەکێتی) | * کاروباری یاسایی |
| ١٦ | پێشنیازی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | – | *ئەندامان(گۆڕان،، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کۆمەڵایەتی |
| ١٧ | پێشنیازی بریاری پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەرە پەروەردەییەکان. | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | – | *ئەندامان(گۆڕان،، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*پەروەردە |
| ١٨ | پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | – | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* تەندروستی |
| ١٩ | پێشنیازی یاسای (ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | دانیشتنی ژمارە(٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤)، ژمارە (٩) لە (٢٠١٩/١٢/١٠) | *ئەندامان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، میللەت) | * کاروباری یاسایی<br>*ڕۆشنبیری<br>* شارەوانی |
| ٢٠ | پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | – | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان) | * کاروباری یاسایی<br>*وزە |
| ٢١ | پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | – | *ئەندامان(پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکێتی نەتەوەیی) | * کاروباری یاسایی<br>* وزە<br>* ناوخۆ و ئاسایش |
| ٢٢ | پێشنیازەیاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | – | (نەوەی نوێ، کۆمەڵ) | * کاروباری یاسایی<br>* دارایی و ئابوری<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٢٣ | پێشنیازە بریاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | – | یەکێتی | * کاروباری یاسایی |
| ٢٤ | پرۆژەیاسای مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤) | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە(٢٠١٩/١٢/١٦) دانیشتنی ژمارە(١١) لە(٢٠١٩/١٢/١٨) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* تەندروستی و ژینگە<br>* کۆمەڵایەتی |
| ٢٥ | پێشنیازەبریاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان). | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠١٩/١٢/١٠) | دانیشتنی ژمارە (١٢) لە(٢٠١٩/١٢/٢٤) | پارتی، یەکێتی، گۆڕان، سەردەم، ئازادی، گەشەپێدان، چاکسازی، بەرەی تورکمان، میللەت، نەتەوەیی، یەکێتی نەتەوەیی | * کاروباری یاسایی<br>*ڕۆشنبیری |
| ٢٦ | چاکسازی لە خانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٦) | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) و دانیشتنی ژمارە(١٤) لە (٢٠٢٠/٠١/١٣) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* پێشمەرگە* شەهیدان<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* دارایی و ئابوری |
| ٢٧ | پێشنیازە بریاری (پێشکەشکردنی پێشنیازەو یاسا و بریار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر بە حکومی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ) . | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٠/٥/٦) | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٠/٥/٧) | *ئەندامان (یەکێتی، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، ئازادی، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، پارتی دیموکرات) | * یاسایی. |
| ٢٨ | پرۆژە یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | – | *حکومەتی هەرێمی کوردستان | * یاسایی |
| ٢٩ | پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لەهەرێمی کوردستان–عیراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | – | *ئەندامان (پارتی، یەکیتی، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشور، گۆڕان، بەرەی تورکمانی، لیستی میللەت) | * یاسایی |
| ٣٠ | پێشنیازی یاسای (ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان–عیراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٠/٧/٢٧) | – | *ئەندامان (یەکێتی، پارتی، گۆڕان، سەربەخۆکان، پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، کۆمەڵ، لیستی میللەت) | * یاسایی |

## خشتەی ژمارە ( ٦ )

## یاسا پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ )

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور. | دانیشتنی ژمارە(٥) لە (٢٠١٩/٥/٨) | لە ژمارە (٢٣٦)ی وەقایع لە (٢٠١٩/٥/١٩)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٩) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٢ | هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٨) | لە ژمارە (٢٣٩)ی وەقایع لە (٢٠١٩/٧/٣١)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٠) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٣ | بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٠٤) | لە ژمارە (٢٤٥)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٢/٢٤)بڵاوکراوەتەوە | بە (٧٤) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٤ | ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٦) | لە ژمارە (٢٤٦)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٢/٢٧)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٤) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٥ | مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) | لە دوای تەواو بوونی وادەی یاسایی لایەن سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوەو درەنگ بلاوکرایەوە | بە (٨٨) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٦ | چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان– عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٥) لە (٢٠٢٠/٠١/١٦) | لە ژمارە (٢٤٧)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/٢/٦)بڵاوکراوەتەوە | بە (٨٩) دەنگ پەسەندکرا. |
| ٧ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢) لە رۆژی (٢٠٢٠/٣/٠٤) | لە دوای تەواو بوونی وادەی یاسایی لایەن سەرۆکی هەرێمەوە گەڕێندرایەوەو درەنگ بلاوکرایەوە | بە (٨٨) دەنگ پەسەنکرا. |

## خشتەی ژمارە ( ٧ )

## بڕیارە یاساییە پەسەندکراوەکان لە ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٠/٨/٣١ )

| ژ | ژ.بڕیار | مێژووی دانیشتن | ناوی بڕیار | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١١ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی نا ئاسایی لە (٢٠١٩/٨/٣). | دیـــــاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٠٨/٠٣) وەك رۆژی کۆمــــــەڵکوژی (جینۆســــــاید) ئێزدییەکان. | لە ژمـارە (٢٤٠) ی وەقـایع لـە (٢٠١٩/٩/١١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٨٧) دەنگ پەسەنکراوە. |
| ٢ | ١٢ | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٩/٠٩/٢٩). | هەمواری یەکەمی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. | لە ژمارە (٢٤٢) ی وەقـایع لـە (٢٠١٩/١٠/٢١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٩١) دەنگ پەسەنکراوە. |
| ٣ | ٣ | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢). | پرۆژە بریاری (رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان). | لە ژمارە (٢٤٨) ی وەقـایع لـە (٢٠٢٠/٣/١) بڵاوکراوەتەوە. | بە (٧٣) دەنگ پەسەنکراوە. |
| ٤ | ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠٢٠/٦/٢٩). | پێشکەشکردنی پێشنیازەو یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەدەر بە حکومی ماددەی (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ. | تا ئێستا لە سایتی فەرمی پەرلەمان و وەقایعی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە. | بە (٦٠) دەنگ پەسەنکراوە. |

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە ( ٩ ) دانیشتنی خولی پایزە

| ژمارە | ناوی ئەندام | ناوی فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | پارتی | ١ | ٠ |
| ٢ | جەلال محەمەد عەبدوڵڵا | پارتی | ٦ | ٠ |
| ٣ | سەروان محەمەد عەلی | پارتی | ٣ | ٠ |
| ٤ | پێشەوا تاهیر مستەفا | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٥ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | پارتی | ١ | ٠ |
| ٦ | سەباح مەحمود محەمەد | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | رزگار عیسا سوار | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | پارتی | ١ | ٠ |
| ٩ | حیکمەت محەمەد عبو زێد | پارتی | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن | پارتی | ١ | ٠ |
| ١١ | شوان کریم محەمەد صادق | پارتی | ١ | ٠ |
| ١٢ | سەلام عەبدوڵڵا حەسەن | پارتی | ٠ | ٠ |
| ١٣ | بژار خالید عەبدوڵڵا | پارتی | ٢ | ٠ |
| ١٤ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا | پارتی | ٠ | ٠ |
| ١٥ | وەیسی سەعید وەیسی | پارتی | ٠ | ٠ |
| ١٦ | موحسین حوسێن مستەفا | پارتی | ٢ | ٠ |
| ١٧ | سەفین ئاغا عومەر | پارتی | ١ | ٠ |
| ١٨ | مەم ئەسکەندەر مەم | پارتی | ١ | ٠ |
| ١٩ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٢٠ | زانا خالید سمایل | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢١ | ئیحسان محەمەد سەلیم | پارتی | ١ | ٠ |
| ٢٢ | بەهمەن کاک عەبدوڵڵا ئەحمەد | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢٣ | بەختیار شوکری سلێمان | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٢٥ | سەعید مستەفا تەتەرخان | پارتی | ١ | ٠ |
| ٢٦ | خەدیجە عومەر تەها | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٢٧ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢٨ | نزار عەبدولغەفار عەزیز | پارتی | ١ | ٠ |
| ٢٩ | چیا حەمید شەریف | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٣٠ | زاهیر محەمەد عەلی | پارتی | ١ | ٠ |
| ٣١ | هەدیە موراد حەیدەر | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٣٢ | جوان یونس محەمەد | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣٣ | لیزا فەلەکەددین کاکەیی | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣٤ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | پارتی | ٣ | ٠ |
| ٣٥ | لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣٦ | نەجات شەعبان عەبدوڵڵا | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣٧ | سەوسەن محەمەد میرخان | پارتی | ٠ | ٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | گوڵیزار رەشید حاجی | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٣٩ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤٠ | ژیان تاهیر ئەحمەد | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤١ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤٢ | گولستان باقی سلێمان | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٤٣ | زێدان ڕەشیدخان ئەودەل | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤٤ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | پارتی | ١ | ٠ |
| ٤٥ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵڵا | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٤٦ | ڕۆژان محەمەد کەریم | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٤٧ | جەمال حەویز مستەفا | یەکێتی | ٢ | ٠ |
| ٤٨ | زیاد جەبار محەمەد | یەکێتی | ٢ | ٠ |
| ٤٩ | عوسمان کەریم سوارە | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٥٠ | سەرکۆ ئازاد حوسێن | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٥١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٢ | عەباس فەتاح ساڵح | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٣ | فەیسەڵ عەباس عەولا | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٥٤ | لوقمان حەمەد حاجی | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٥ | هێرش حەسەن حەمەد | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٦ | هاوڕێ پەنا محەمەد | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٨ | بالآنبۆ محەمەد عەلی | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٥٩ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا | یەکێتی | ٢ | ٠ |
| ٦٠ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٦١ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٦٢ | سەلمە فاتیح تۆفیق | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٦٣ | ڕاهی ڕەهبەر سەیدبرایم | یەکێتی | ٢ | ٠ |
| ٦٤ | شیرین یونس عەبدوڵڵا | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٦٥ | عەلی حەمە ساڵح | گۆران | ٥ | ٠ |
| ٦٦ | شیرین ئەمین عەبدولعەزیز | گۆران | ٤ | ٠ |
| ٦٧ | گۆران عومەر عەلی | گۆران | ٥ | ٠ |
| ٦٨ | شایان کاکە ساڵح | گۆران | ٤ | ٠ |
| ٦٩ | یاسین خزر تەها | گۆران | ٠ | ٠ |
| ٧٠ | ڕزگار محەمەد مەحمود | گۆران | ٠ | ٠ |
| ٧١ | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | گۆران | ٣ | ٠ |
| ٧٢ | جەلال محەمەد ئەمین | گۆران | ٥ | ٠ |
| ٧٣ | شاخەوان ڕەئوف مستەفا | گۆران | ٠ | ٠ |
| ٧٤ | دابان محەمەد حوسێن | گۆران | ٦ | ٠ |
| ٧٥ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | گۆران | ٠ | ٠ |
| ٧٦ | گولیستان سەعید محەمەد | گۆران | ٤ | ٠ |
| ٧٧ | عومەر عەبدوڵڵا فەتاح | کۆمەڵ | ٢ | ٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٨ | عەبدولستار مەجید قادر | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٧٩ | عوسمان عەلی سمایل | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ٨٠ | هەورامان حەمە شەریف | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٨١ | موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٨٢ | بەدریە ئیسماعیل مەحمود | کۆمەڵ | ٢ | ٠ |
| ٨٣ | ڕوپاك ئەحمەد ڕەحمان | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٨٤ | کازم فاروق نامیق | نەوەی نوێ | ١ | ٠ |
| ٨٥ | کاوە عەبدولقادر حەسەن | نەوەی نوێ | ٦ | ٠ |
| ٨٦ | سیپان سالم حەسەن | نەوەی نوێ | ٢ | ٠ |
| ٨٧ | مژدە مەحمود محەمەد | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ |
| ٨٨ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | یەکگرتوو | ٢ | ٠ |
| ٨٩ | ئیسماعیل عەلی تەها | یەکگرتوو | ٢ | ٠ |
| ٩٠ | ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵلا | یەکگرتوو | ٠ | ١ |
| ٩١ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | یەکگرتوو | ٠ | ٠ |
| ٩٢ | هەلز ئەحمەد محەمەد | یەکگرتوو | ٠ | ٠ |
| ٩٣ | دیاری ئەنوەر حەمەڕەحیم | سەربەخۆ | ١ | ٠ |
| ٩٤ | مەم بورهان قانع | سەربەخۆ | ٠ | ٠ |
| ٩٥ | سیروان فەرەج محەمەد | سەربەخۆ | ١ | ٠ |
| ٩٦ | ڕۆمیۆ حوزەیران نیسان | هـ.ی.ن | ٠ | ٠ |
| ٩٧ | جنان جەبار بویا | هـ.ی.ن | ٠ | ٠ |
| ٩٨ | ڕۆبینە ئۆمیلك عەزیز | هـ.ی.ن | ٠ | ٠ |
| ٩٩ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | گەشەپێدانی تورکمان | ٣ | ٠ |
| ١٠٠ | سارا دڵشاد بەکر | گەشەپێدانی تورکمان | ١ | ٠ |
| ١٠١ | باپیر کامەلا سەلمان | هاوپەیمانی سەردەم | ٢ | ٠ |
| ١٠٢ | محێدین حەسەن یوسف | میللەت | ١ | ٠ |
| ١٠٣ | شادی نەوزاد وەهاب | سەربەخۆ | ٠ | ٠ |
| ١٠٤ | هیمداد سەباح بیلال | بەرەی تورکمان | ٠ | ٠ |
| ١٠٥ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | میللەت | ٠ | ١ |
| ١٠٦ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | گەلی ك.س.ئ سریانی | ٢ | ٠ |
| ١٠٧ | فەرید یەعقوب ئیلیا | رافیدەین | ٣ | ٠ |
| ١٠٨ | فاهیك کەمال سوغون | ئەرمەن | ٠ | ٠ |
| | **کۆی گشتی** | | **١٢٨** | **٢** |

تێبینی:

–خشتەکەی سەرەوە تەنها مۆڵەت و ئامادەنەبوونی (٩) دانیشتنە، چونکە مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠٢٠/٩/٢٩) لە لایەن سکرتێری پەرلەمانەوە نەخوێندرایەوە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١) لە دانیشتنی ژمارە (١٢) دەخوێندرێتەوە کە هێشتا ئەنجام نەدراوە.

–ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان بە پێی دانیشتنەکان لە پێگەی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان (payied.org) لەبەشی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران هەیە.

## خشتەی ژمارە (٩)

## وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان

*ناوی پەرلەمانتاران لە خشتەکەدا بە پێی ژمارەی کورسی فراکسیۆنەکان لە گەورەوە بۆ بچوک ریزکراوە.

*لە خولی پایزەدا کە ماوەکەی چوار مانگ بوو، پەرلەمان (١٢) دانیشتنی ئەنجامدا، بۆیە یازدە خانە بۆ دانیشتنەکان دانراوە.

*لەم خشتەیەدا وتەی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکان کە لەسەر مەنەس بوون و راپۆرتیان هەبووە بە قسەکردن هەژمار نەکراوە.

| | | دانیشتنەکانی پەرلەمان | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ. | ناوی ئەندام | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | کۆ |
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | - | ٢ | - | - | ١ | - | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ٦ |
| ٢ | جەلال محەمەد عەبدوڵلا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٣ | سەروان محەمەد عەلی | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | - | ٧ | - | ١ | ١٠ |
| ٤ | پێشەوا تاهیر مستەفا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ٣ |
| ٥ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | - | ٢ | - | - | ١ | | | ١ | - | ٢ | - | - | ٦ |
| ٦ | سەباح مەحمود محەمەد | - | ٢ | - | - | ١ | | ١ | ١ | - | | - | ١ | ٦ |
| ٧ | رزگار عیسا سوار | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | | ٠ |
| ٨ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ٩ | حیکمەت محەمەد عبوزێد | - | ٤ | - | - | - | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ٧ |
| ١٠ | ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن | - | - | ١ | ٣ | ٢ | ١ | - | - | ١ | ٢ | ٣ | - | ١٣ |
| ١١ | شوان کریم محەمەد صادق | - | - | - | ١ | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| ١٢ | عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ١٣ | بژار خالید عەبدوڵلا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ١٤ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵلا | - | ٦ | ٣ | ٥ | - | - | - | ١ | - | ٩ | ١ | ١ | ٢٦ |
| ١٥ | وەیسی سەعید وەیسی | - | ١ | ١ | ٢ | - | - | - | ١ | - | ١ | ١ | - | ٧ |
| ١٦ | موحسین حوسێن مستەفا | ١ | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ١٧ | سەفین ئاغا عومەر | - | ٤ | - | - | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٦ |
| ١٨ | مەم ئەسکەندەر مەم | - | ١ | - | ١ | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٤ |
| ١٩ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ | ١ |
| ٢٠ | زانا خالید سمایل | - | ٤ | ٢ | ٢ | ٢ | - | - | ١ | - | ٣ | ١ | ١ | ١٦ |
| ٢١ | ئیحسان محەمەد سەلیم | - | ١ | - | - | - | | ١ | ١ | - | ١ | - | - | ٤ |
| ٢٢ | بەهمەن کاك عەبدوڵلا ئەحمەد | - | ١ | ١ | ٢ | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٧ |
| ٢٣ | بەختیار شوکری سلێمان | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٠ |
| ٢٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٢٥ | سەعید مستەفا تەتەرخان | - | - | - | - | ٢ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٣ |
| ٢٦ | خەدیجە عومەر تەها | - | ٢ | ١ | - | ٢ | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ٨ |
| ٢٧ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | - | ١ | ١ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| ٢٨ | نزار عەبدولغەفار عەزیز | - | - | ١ | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | ٢ |
| ٢٩ | چیا حەمید شەریف | - | ٣ | - | ١ | - | - | - | - | ١ | - | - | - | ٥ |
| ٣٠ | زاهیر محەمەد عەلی | - | ٢ | ١ | ٢ | ٤ | - | - | ١ | - | ٩ | - | - | ١٩ |
| ٣١ | هەدیە موراد حەیدەر | - | - | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ٣٢ | جوان یونس محەمەد | - | ٢ | - | - | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٤ |
| ٣٣ | لیزا فەلەکەدین کاکەیی | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | ڕۆژان ئیبراهیم عەلی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٠ |
| ٣٥ | لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ | - | ١ | - | ٢ | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٥ |
| ٣٦ | نەجات شەعبان عەبدوڵلا | - | ١ | - | ٢ | ١ | - | - | ١ | - | ٣ | - | - | ٨ |
| ٣٧ | سەوسەن محەمەد میرخان | - | ١ | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٣ |
| ٣٨ | گوڵیزار ڕەشید حاجی | - | ٤ | ١ | - | ٤ | - | - | ١ | - | - | - | - | ١٠ |
| ٣٩ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | - | ١ | ٢ | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٥ |
| ٤٠ | ژیان تاهیر ئەحمەد | - | ١ | ١ | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٣ |
| ٤١ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | - | ٤ | ٣ | ٣ | ٢ | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ١٥ |
| ٤٢ | گولستان باقی سلێمان | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | ٣ | - | - | ٥ |
| ٤٣ | زێدان ڕەشیدخان ئەودەل | - | - | - | ١ | - | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ٤ |
| ٤٤ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | - | ٢ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٣ |
| ٤٥ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا | - | ٣ | ١ | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٥ |
| ٤٦ | ڕۆژان محەمەد کەریم | - | ١ | ١ | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٤ |
| ٤٧ | جەمال حەوێز مستەفا | - | - | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ٤٨ | زیاد جەبار محەمەد | - | - | - | - | - | - | - | ٢ | ١ | - | ٢ | - | ٥ |
| ٤٩ | عوسمان کەریم سوارە | - | ٤ | ٢ | ٢ | ٢ | - | - | ١ | - | ٣ | - | - | ١٤ |
| ٥٠ | سەرکۆ ئازاد حوسێن | - | ٢ | ١ | - | ٣ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٨ |
| ٥١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | - | ١ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| ٥٢ | عەباس فەتاح ساڵح | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | ١ | - | ٣ |
| ٥٣ | فەیسەڵ عەباس عەولا | - | - | - | - | ٢ | - | - | - | - | - | - | - | ٢ |
| ٥٤ | لوقمان حەمەد حاجی | - | ٢ | ١ | ٣ | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ١٠ |
| ٥٥ | هێرش حەسەن حەمەد | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ٥٦ | هاوڕێ پەنا محەمەد | - | ٢ | - | ١ | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ٦ |
| ٥٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | - | ٢ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | - | ٤ |
| ٥٨ | بالانبۆ محەمەد عەلی | - | ٤ | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | ٣ | - | - | ١٠ |
| ٥٩ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا | ١ | ٤ | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ١ | ١٠ |
| ٦٠ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | - | ١ | - | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٥ |
| ٦١ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | - | ٢ | ١ | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٧ |
| ٦٢ | سەلمە فاتیح توفیق | - | ٢ | - | ١ | | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٥ |
| ٦٣ | ڕاهی ڕەهبەر سەیدبرایم | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٦٤ | شیرین یونس عەبدوڵلا | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ٦٥ | عەلی حەمە ساڵح | ١ | ١ | - | - | - | - | ١ | ١ | - | ١ | - | ١ | ٦ |
| ٦٦ | شیرین ئەمین عەبدولعزیز | - | ٢ | - | - | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ٥ |
| ٦٧ | گۆران عومەر عەلی | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٦٨ | شایان کاکە ساڵح | - | - | - | ٣ | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ٦ |
| ٦٩ | یاسین خزر تەها | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ٣ |
| ٧٠ | رزگار محەمەد مەحمود | - | ٣ | ١ | - | ٢ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | ٨ |
| ٧١ | ئاشنا عەبدوڵلا قادر | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | ٧ | - | - | ٨ |
| ٧٢ | جەلال محەمەد ئەمین | - | ٢ | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ٦ |
| ٧٣ | شاخەوان ڕەئوف مستەفا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٧٤ | دابان محەمەد حوسێن | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٧٥ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | - | ١ | - | ٢ | ٢ | - | - | ١ | - | ٦ | - | - | ١٢ |
| ٧٦ | گولیستان سەعید محەمەد | - | - | - | - | ١ | - | ١ | ١ | ١ | - | ١ | - | ٥ |
| ٧٧ | عومەر عەبدوڵلا فەتاح | - | - | - | - | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ٣ |
| ٧٨ | عەبدولستار مەجید قادر | ١ | - | ٢ | - | ١ | - | - | ١ | ١ | ١ | ١ | - | ٩ |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٩ | عوسمان عەلی سمایل | - | - | ١ | ٢ | ٤ | - | - | ١ | - | - | - | ١ | ٩ |
| ٨٠ | هەورامان حەمە شەریف | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ٤ |
| ٨١ | موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ | - | ١ | ٢ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٣ |
| ٨٢ | بەدریە ئیسماعیل مەحمود | - | ٣ | ١ | ٢ | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ٩ |
| ٨٣ | ڕوپاك ئەحمەد ڕەحمان | - | ١ | ٣ | ١ | ٢ | - | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١٢ |
| ٨٤ | كازم فاروق نامیق | ١ | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٩ |
| ٨٥ | كاوە عەبدولقادر حەسەن | - | - | - | - | - | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ١ | ٤ |
| ٨٦ | سیپان سالم حەسەن | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ٥ |
| ٨٧ | مژدە مەحمود محەمەد | ١ | ١ | ٢ | - | - | - | - | ١ | ١ | ١ | - | ١ | ٨ |
| ٨٨ | شێركۆ جەودەت مستەفا | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ٣ |
| ٨٩ | ئیسماعیل عەلی تەها | ١ | ٥ | ٢ | ٤ | ٣ | - | ١ | ١ | - | - | - | - | ١٧ |
| ٩٠ | ئەبوبەكر عومەر عەبدوڵلا | ١ | - | - | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ٢ | - | ١ | ٧ |
| ٩١ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | ١ | ٥ | ١ | ٣ | ٤ | - | - | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١٩ |
| ٩٢ | هەلز ئەحمەد محەمەد | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ٤ |
| ٩٣ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | ١ | - | - | - | ١ | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ | ٥ |
| ٩٤ | مەم بورهان قانع | ١ | ٤ | ٤ | ٤ | ١ | - | ١ | ١ | ١ | ٢ | ١ | ١ | ٢١ |
| ٩٥ | سیروان فەرەج محەمەد | ١ | ١ | - | ٣ | ٣ | - | ١ | ١ | - | ٦ | - | ١ | ١٧ |
| ٩٦ | ڕۆمیۆ حوزەیران نیسان | - | ١ | ١ | | ١ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ١ | | - | ٩ |
| ٩٧ | جنان جەبار بویا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ٩٨ | ڕۆبینە ئۆمیلك عەزیز | - | ١ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ١ |
| ٩٩ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | - | - | - | - | - | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ٢ |
| ١٠٠ | سارا دڵشاد بەكر | - | ١ | - | - | ٤ | - | - | ١ | - | - | - | - | ٦ |
| ١٠١ | باپیر كامەلا سەلمان | - | - | - | - | - | - | - | ١ | ١ | - | - | - | ٢ |
| ١٠٢ | محێدین حەسەن یوسف | - | ٣ | ٢ | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ٦ | - | - | ١٤ |
| ١٠٣ | شادی نەوزاد وەهاب | - | ٢ | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | - | - | - | ٥ |
| ١٠٤ | هیمداد سەباح بیلال | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | ٢ | - | - | ٤ |
| ١٠٥ | ئازاد ئەكرەم بەهرام | - | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٢ |
| ١٠٦ | كلارا عودیشۆ یەعقوب | - | - | - | ٢ | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ٣ |
| ١٠٧ | فەرید یەعقوب ئیلیا | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| ١٠٨ | فاهیك كەمال سوغون | - | - | - | - | - | - | - | ١ | - | - | - | - | ١ |
| | كۆ | ١٢ | ١٢٧ | ٥٤ | ٧٢ | ٧١ | ٤ | ١٩ | ٩٥ | ١٧ | ١٠٩ | ١٩ | | ٦٢٦ |

*لەم خولەدا (٣) پەرلەمانتار (هیچ) قسەیەكیان نەكردووە، (١٤) پەرلەمانتار (یەك جار) قسەیەكیان كردووە، (١٣) پەرلەمانتار (دوو جار) قسەیەكیان كردووە، (١١) پەرلەمانتار (سێ جار) قسەیەكیان كردووە، (١٠) پەرلەمانتار (چوار جار) قسەیەكیان كردووە، (١٣) پەرلەمانتار (پێنج جار) قسەیەكیان كردووە، (٩) پەرلەمانتار (شەش جار) قسەیەكیان كردووە، (٥) پەرلەمانتار (حەوت جار) قسەیەكیان كردووە، (٦) پەرلەمانتار (هەشت جار) قسەیەكیان كردووە، (٥) پەرلەمانتار (نۆ جار) قسەیەكیان كردووە، (٥) پەرلەمانتار لە (دە جار) قسەیەكیان كردووە، (١) پەرلەمانتار (یازدە جار) قسەی كردووە، (٢) پەرلەمانتار لە (دوازدە جار) و (١١) پەرلەمانتاریش لە دووانزەجار زیاتر قسەیان كردووە.

*كاتێك سەرنجی دانیشتنەكانی پەرلەمان دەدەیت، بەڕوونی دیارە بەشداری چەندین ئەندام لە گفتوگۆكان تەنها لە پێناو قسەكردنە، نەك ئیزافەیەك بۆ گفتوگۆكان، وە قسە كردن لە ناو پەرلەمان بە بێ خاڵی پەرپەرەوی لە لایەن بەشێكی بەرچاوی ئەندامەنامە پەیرەو دەكرێت.

## خشتەی ژمارە (١٠)

## پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان:

| ژ | ناوی لیژنە | ژ. پرۆژەیاسا وبڕیارکە ئاراستەکراوە | ژ.راپۆرتی نوسراو لەسەر پرۆژە یاساکان | ژ. کۆبوونەوە | دانیشتنی گوێ لە یەکگرتن | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | سەردانی مەیدانی | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | 5 | 1 | 9 | 1 | 0 | 3 | 2 | 0 |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | 1 | 1 | 8 | 5 | 1 | 1 | 2 | 0 |
| ٣ | کاروباری پێشمەرگە | 0 | 0 | 7 | 2 | 0 | 10 | 0 | 1 |
| ٤ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | 0 | 0 | 7 | 1 | 0 | 2 | 0 | 0 |
| ٥ | کشتوکاڵ و ئاودێری | 1 | 0 | 7 | 4 | 1 | 2 | 0 | 0 |
| ٦ | پەروەردە و خوێندنی باڵا | 2 | 0 | 7 | 4 | 0 | 8 | 2 | 6 |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگە | 0 | 0 | 7 | 2 | 0 | 7 | 1 | 3 |
| ٨ | کاروباری شەهیدان و جینۆساید | 0 | 0 | 10 | 2 | 0 | 4 | 1 | 1 |
| ٩ | پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی | 0 | 0 | 9 | 3 | 0 | 2 | 0 | 0 |
| ١٠ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | 0 | 0 | 7 | 1 | 0 | 0 | 4 | 0 |
| ١١ | وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی | 0 | 0 | 6 | 2 | 0 | 1 | 1 | 0 |
| ١٢ | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن | 1 | 0 | 4 | 8 | 1 | 6 | 0 | 1 |
| ١٣ | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | 0 | 0 | 7 | 3 | 0 | 2 | 0 | 0 |
| ١٤ | رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی | 0 | 0 | 9 | 12 | 1 | 3 | 0 | 1 |
| ١٥ | دەسپاکی | 0 | 0 | 8 | 2 | 1 | 1 | 0 | 1 |
| ١٦ | کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | 0 | 0 | 6 | 0 | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٧ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | 0 | 0 | 2 | 5 | 0 | 18 | 1 | 0 |
| ١٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ | 0 | 0 | 9 | 7 | 0 | 19 | 0 | 0 |
| ١٩ | داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت | 0 | 0 | 6 | 3 | 0 | 1 | 0 | 1 |
| | | | | | | | | | |
| | سەرجەم | 10 | 2 | 135 | 67 | 6 | 90 | 14 | 16 |

## بیرۆکەی ئەندامان

بەپێی خاڵی (٢)ی برگەی (یەکەم) لە مادەی (٤٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بخاتەڕوو.

لە دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠٢٠/١١/٣٠) خاڵێکی بەرنامەی کار تایبەت بوو، بە بیرۆکەی (رەخساندنی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان) لە لایەن پەرلەمانتار (شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا) بەڵام بەهۆی تێکچوونی دانشتنەکەوە ئەم خاڵەی بەرنامەی کار جێبەجێ نەکرا.

# ئەرکەکانی پەرلەمان

## یەکەم- ئەرکی یاسادانان:

### ١-دانیشتنەکانی پەرلەمان:

لە ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هاتووە ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەبێت پەرلەمان هەموو خولێکی گرێدان نزیکەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام لەم خولەدا (١٢) دانیشتنی پەرلەمان سازکراوە، بڕگەکانی بەرنامەی کار (٢٥) بڕگە بووە و تەنها (٢١) بڕگەی جێبەجێ کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکان نزیکەی (٣١) کاژێر بووە، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٥) (پێشنیاز و پرۆژە یاسا) کراوە، تەنها (٣) یاسا پەسەندکراون.

***دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزە، لە** ( ٢٠٢٠/٩/٢ ) .

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی.

سێیەم: وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی دووەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. **دەقی وتەکە لە پاشکۆدا هاوپێچە.**

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان).

پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :**

١- سەرۆکی پەرلەمان داوای خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشووی لە سکرتێری پەرلەمان کرد، بەڵام سکرتێر تەنها بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خوێندەوە، ئەمەش پێشێلی ماددەی (٥٢) بڕگەکانی (دووەم، سێیەم) پەیڕەوی ناوخۆیە.

٢- ئەندامی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٥٤) بڕگەی (دووەم) مافی هەیە، سێ خولەك لە داوی خستنەڕووی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆکردن قسەبکات، بەڵام چەند پەرلەمانتارێك ئەم ماددە پەیرەویەیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ ماددەی (٥٦) بڕگەی یەکەم، کەمافی بە ئەندام داوە، لە هەرکاتێکدا بە پشت بەستن بە یەکێك لە ماددە و بڕگەکانی دەستوور، یاسا بەرکارەکان، پەیڕەوی ناوخۆ، مۆڵەت وەربگرێت بۆ ماوەی (١) خولەك، قسەبکات، ئەم پێشێلکاریانەش لە لایەن ئەندامانەوە بەهەمان شێوەی پێشێلکارییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان زیانی هەیە بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان.

٣- لەسەر هەڵوێستی پەرلەمان و درووستکردنی لیژنەی پەرلەمان بۆ سەردانی شارەکان و ڕەوشی دەستگیرکراوان لەسەر خۆپیشاندانەکان، سەرۆکی پەرلەمان، وتی: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ (٣) لیژنەی لاوەکی درووستکردووە بۆ سەردانی شارەکان و سەردانی دەستگیرکراوان و هۆکاری دەستگیرکردنیان.

٤- لەسەر پەلاماردانی پەرلەمانتاران و نەبوونی هەڵوێست لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، سەرۆکی پەرلەمان وتی: ئێمە مامەڵە لەگەڵ فەیسبووك ناکەین، دەبێت یاداشت هەبێت بۆ ئەوەی ئێمە قسەی خۆمان بکەین، بەڵام کەس یاداشتی بە ئێمە نەداوە، ئێمە لە نێوان ئێوە و راگەیەندراوی دەزگا ئەمنیەکان بە یەك مەسافە وەستاوین.

٥- لە وەڵامی پرسیاری ئەندامان لەسەر دۆسیەی قەرزەکان و نەهاتنی حکومەت بۆ پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان وتی: تا ئەم کاتە دۆسیەکە لای دیوانی چاودێری داراییە، راپۆرتی سەرەتاییان تەواو کردووە و بۆ ئێمەشیان ناردووە، بەڵام درێژەی راپۆرتەکە نەهاتووە، هەرکات تەواویان کرد ئێمە ئیشی لەسەر ئەکەین.

٦- لە دوای وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، کە رەخنەگرتن بوو لە بەنامەی کاری پەرلەمان، بە هۆی نا پەیڕەویی وتەکانیەوە گرژی درووست بوو لە نێوان ئەندامان، سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتنەکە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنا.

٧- لە دانیشتنەکەدا (١٠١) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٧) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

### *دانیشتنی ژمارە (٢)، لە (٢٠٢٠/٩/٣) .

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) .

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :**

١- ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیازیانکرد پەخشی راستەوخۆ رابگیرێت بۆئەوەی ئەندامان بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە گفتوگۆی ماددەی حەوتەمی پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش) کە تایبەت بوو بە لە باربردنی کۆرپەلە لە کاتی نەخۆش کەوتنی ئافرەتی دوو گیان.

٢- بەشی یەکەمی دانیشتنەکە (٩٧) پەرلەمانتار ئامادەبوو، (١١) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون، بەشی دووەمیش (٨٩) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (١٨) پەرلەمانتاری مۆڵەت بوون.

### *دانیشتنی ژمارە (٣)، لە (٢٠٢٠/٩/٨) .

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان).

دووەم: خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددەو برگەیەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان لەهەرێمی کورستان-عیراق) بەهەردوو زمانی (کوردی و عربی) کە بەبریاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتیی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان-عێراق).

چوارەم: سوێند خواردنی پاڵێوراو بەڕێز (عومەر عەبدوڵلا فەتاح محەمەد) لەشوێنی ئەندامی پەرلەمانی دەستلەکارکێشاوە (سۆران عومەر سەعید).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- لە کاتی گفتوگۆ لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددە و برگەیەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو کارتێکارە عەقڵییەکان لەهەرێمی کورستان-عیراق) لەسەر پێشنیاری سەرۆکی پەرلەمان و بە دەنگی (٥٥) پەرلەمانتار پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکە راگیرا.

٢- لە دانیشتنەکە لە لایەن ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمانەوە پرسی دواکەوتنی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکاندا لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا باسی لێوەکرا، لەوبارەیەوە سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند:"دوای ئەوەی ئێمە بەهەندێ لەئەندامانی پەرلەمانمان وت کەئێوە هەندێك درەنگ هاتوونەتە ناو کۆبوونەکەوە، بەرێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێیان راگەیاندین کە ئەوان پێش هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکانیان دەکەن، مافی ئەوەشیان هەیە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بزانن لەناو هۆڵەکە دەنگ بەچی دەدەن، لەبەرئەوە ئێمە کۆبوونەوەی بەیانیانمان خستە سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ".

٣- لە دانیشتنەکەدا (٩٧) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (١١) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

## *دانیشتنی ژمارە (٤)، لە (٢٠٢٠/٩/٩) .

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان-عێراق).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- کازم فاروق، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، رایگەیاند: لە لایەن دوو ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی پارتی و ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکێتی هەرەشەی کوشتنی لێکراوە. ئەو قسانەی د.کازم، لەلایەن ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لوقمان وەردی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی، بەتوندی رەتکرایەوەو بەبوختان و بێ بنەماو تۆمەت هەڵبەستن بە فراکسیۆنەکانیان و ئەندامانیان لەقەڵەمداو بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەپێی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان کرد بۆ دەرخستنی راستییەکان، دواتر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی حەوت کەسیی لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان پێکهێنراو کە بریتی بوون لە (د.ئیسماعیل عەلی تەها سگێری سەرۆکی لیژنە، بژار کۆچەر، لوقمان محەمەد، رۆمیۆ هەکاری، رزگار محەمەد، رووپاك ئەحمەد رەحمان و هیمداد سەباح بیلال)، بە دەنگی (٧٩) پەرلەمانتار لیژنەکە پەسندکرا، سەرۆکی پەرلەمان داواشی لەسەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ کرد کە کات و شوێن و چۆنیەتیی رووداوەکە بە نوسراو ئاراستەی بەرێز سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بکات.

٢- لە دانیشتنەکەدا (٨٦) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٢٢) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

***دانیشتنی ژمارە (٥)، لە (٢٠٢٠/٩/١٥).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان–عێراق).

دووەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- سەبارەت بەپرسیاری ئەندامان لەسەر بێئەنجامی لە کارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە قسەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: "ئەو لیژنەیە بەبڕیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دروستکراوە، ئێمە مولزەمین بەوەی بینێرین بۆ وەقایع، ئیمزامان کردووەو ناردوومانە بۆ وەقایع، ئەمڕۆش لیژنەکە خۆی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، دڵنیابن لەوەی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی موتابەعەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی لیژنەی بەدواداچوونەکە ئەکەین و هەرکاتێك کارەکان تەواوبوو نەتیجەکە رادەگەیەنین".

٢- بەشی یەکەمی دانیشتنەکە (٩٣) پەرلەمانتار ئامادەبوو، (١٤) پەرلەمانتار مۆڵەت بوو، (١) پەرلەمانتار غایب بوو، بەڵام پێش کۆتایی دانیشتنەکە لەسەر داوای چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئامادەبوون وەرگیرایەوە، ژمارەی ئامادەبوان (٨١) ئەندام بوون.

***دانیشتنی ژمارە (٦)، لە (٢٠٢٠/٩/١٦).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی (کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ) و خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پلانی (وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) سەبارەت بەدۆخی چاکسازییەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەناو چاکسازییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)، بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری (کاروکاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەماف مرۆڤ، داوایکرد لەبەر هەستیاریی بابەتەکە کە پرسی چاکسازییەکان و زیندانیانە، هەروەها بۆ پاراستنی ماف ئەو زیندانیانە، دانیشتنەکە بەداخراوی بەڕێوە بچێت و ئەو پێشیازەشی لە لایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە پشتیوانیی لێکراو، دواتر بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە داخراوی بەڕێوەچوو.

٢- لە دانیشتنەکەدا (٨٨) پەرلەمانتار ئامادەبوون و (٢٠) پەرلەمانتاریش مۆڵەت بوون.

***دانیشتنی ژماره (٧)، له (٢٠٢٠/٩/٢٩).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان-عێراق).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- سکرتێری پەرلەمان مۆڵەت و ئامادەنەبوونی ئەم دانیشتنەی نەخوێندەوە.

٢- پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان) کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکرابوو، بەدەنگی (٧١) پەرلەمانتار پەسەندکرا.

***دانیشتنی ژماره (٨)، له (٢٠٢٠/١٠/٥).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەك: لەسەر داوای بەڕێز (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) خستنەڕوو و گفتوگۆکردن بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە بەئامادەبوونی بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان -عێراق.

١- هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەمووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنیشنی لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

٢- بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە.

٣- دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

٤- بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٥- لێکەوتەکان و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- ٩٨ ئەندامی پەرلەمان پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی کرد.

٢- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رەخنەی لەو پەرلەمانتارانە گرت کە هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانیان جێهێشتبوو و رایگەیاند: "پێویست بوو لێرە بونایەو گوێیان لەوەڵامەکان گرتبا".

٣- دانیشتنەکە نزیکەی (١٠) کاژێری خایاند و تیایدا (٩٨) ئەندام ئامادەبوون، (٥) ئەندام مۆڵەت بوون، (٥) ئەندام غایب بوون.

### کورتەیەك لە وتەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لەبەردەم پەرلەمان:

*لە دوای دەستبەکاربوونمان لە کابینەی نۆیەم، پەیوەندیی بەهێزو پتەومان لەگەڵ پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەبووە، کە کاریگەریی ئەرێنیی هەبووە لەسەر باشتر جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەراورد لەگەڵ خولەکانی دیکەی پێشووی پەرلەمان، ئێمە لە کابینەی نۆیەمی

حکومەت زۆرترین وەزیر و بەرپرسانی حکومەتمان ناردۆتە پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان، لەسەر بنەمای شەفافیەت بەئەرکی خۆمان زانیوە راستییەکان بەخەڵکی خۆمان بڵێین دوور لەهەموو موزایەدە کردنێك بەردەوام دەبین لەچاکسازی"، وتیشی:"بەم نزیکانە ئەنجوومەنی وەزیران راپۆرتێکی تایبەت و پڕ وردەکاری لەبارەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی رەوانەی پەرلەمان دەکات".

*سەرۆکی حکومەت روونیکردەوە کە بۆ پێداچوونەوە بەبواری باج لە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی باڵای پێك هێناو ئەنجوومەنی وەزیران سەرجەم راسپاردەکانی لیژنەکەی پەسندکردو کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەتی دانانی باج لەسەر پەیوەندی و گەیاندن و پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لە چوارچێوەی دانانی باج لەسەر پەیوەندی و گەیاندن، وەك مۆبایل و ئینتەرنێت، تائێستا ٤٩ کۆمپانیای گەیاندن، لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ئاگادار کراونەتەوە بۆئەوەی پابەندبن بەشایستە داراییەکان لەگەڵ کۆمپانیای فرۆکەوانی و گەیاندنی عێراق، هەروەها ٧ کۆمپانیا دراونەتە دادگا بۆ پابەندبوون بەشایستە داراییەکان.

*دەربارەی قەرزەکان، وتی: سەرجەم قەرزەکانی هەرێم گەیشتۆتە ٢٨ مليارو ٤٧٦ ملیۆن و ٦٥٠ هەزار دۆلار، داهاتی حکومەت زیاتر لە ٤ ملیار دۆلار بووەو تائێستا توانیویانە ١٢ مووچە دابەش بکەن و تەنها مووچەی دوو مانگ دواکەوتووە.

*دەربارەی بابەتی لامەرکەزی سەرۆکی حکومەتی، وتی: پێشتریش باسمان کردووە لامەرکەزیی ئیداری بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە کارنامەی کابینەی نۆیەم هاتووەو لەم کابینەیە لە هەموو کابینەکانی پێش خۆی دەسەڵاتی زیاتر بەپارێزگارەکان دراوە.

*لەبارەی خاڵە سنوورییەکان وتی: "بەداخەوە تائێستا ئاسەواری دوو ئیداری بەتەواوەتی نەسڕاوەتەوە، لەگەڵ کاك قوبادو ئەوانەی لەکابینە لەگەڵمانن هەوڵمانداوە کالاتری بکەینەوەو هەر نەیهێڵین، خۆشم لەراپۆرتەکەدا ئاماژەم بەوە کرد پێشێلی هەندێك شت دەکرێت و قاچاخچێتی هەیە، بەڵام لیژنەی پێویست پێکهێنراوەو بۆ کۆنترۆڵکردنی بەردەوئەمین و هەرگیز رێگە بەوە نادەین بەردەوام بێت و قبووڵی ناکەین، بەڵام ئێمە نامانەوێت لەئەنجامی ئەو رێکارانەی دەیگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، کێشەی دیکەی سیاسی و ئەمنی و ئاسایشی دروست بێت، دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگرین".

*سەبارەت بەنەناردنی یاسای بودجەش بۆ پەرلەمان سەرۆکی حکومەت، ووتی: "ئەگەر داهاتێکی چەسپاو نەبێت، ناتوانرێت بودجە ئامادە بکرێت، هەر کاتێکیش دڵنیا بین کەدەتوانین بودجە ئامادە بکەین و پێوەی پابەند دەبین، بێگومان ئامادەی دەکەین و رەوانەی پەرلەمانی دەکەین".

*لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە لەبارەی هەلی کار بۆ یەکەمەکان، وتی:"ئێمە ئەگەر واز لەموزایەدات بێنین و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئایا حکومەت بەدامەزراندنی هەرکەسێك داوای کار بکات سەرکەوتوودەبێت ؟ ئەمە لە هیچ سیستمێکی پێشکەوتووی ئابووریی دونیادا نییە ئەوەی دەرچێت چاوی لەوە بێت حکومەت دایبمەزرێنێت"تکاتان لێدەکەم ئەگەر دەتانەوێ پشتیوانیی خەڵك بکەن، یارمەتیی حکومەت بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیەی دەستپێکردووە، بۆ زیادکردنی کەرتی تایبەت و سیاسەتی تێکەڵکردنی کەرتی گشتی و تایبەت بەسەرپەرشتیی حکومەت، ئەگەر ئەوە بکەین بێگومان پێویستی بەدامەزراندن لەلایەن حکومەت یەکجار

کەمدەبێتەوە، هەر کاتێکیش حکومەت بتوانێت مووچەی فەرمانبەری زیاتر دابین بکات، دەرگای دامەزراندن دەکاتەوە".

*دەربارەی چاکسازی، وتی هەندێك بەرچاوڕونیتان دەدەمێ، بۆ نموونە کارەبا، پێشتر ٧ بۆ ٨ ئەوپەڕی ١١ سەعات کارەبامان هەبووە، لەو کابینەیە خەرجیی کەمتری حکومەت، داهاتی زیاتری کارەبا بۆ حکومەت، سیستمێکی باشتریش ئێستا وا خەریکین بخەینە کار، توانیومانە ٢١ سەعات کارەبا دابین بکەین، ئەوە بەخەرجیی زیاتر نەبووە، بەڵکو خەرجیش گەڕێنراوەتەوەو کەمتری تێچووە".

*لە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارێك لەبارەی دەستگیرکردنی خەڵك بەدەر لەیاسا مەسرور بارزانی، وتی: "ئەو برادەرەی باسی کرد بەدەر لەیاسا خەڵك گیراون، من دەڵێم ئەو قسەیە راست نییە، ئەوانەی گیراون بەبڕیاری دادوەر گیراون، ئەوانەی گیراون تەنیا داوای مووچەیان نەکردووە، بەڵکو تەحریزیان کردووە لەکەناڵەکان و لەسۆشیال میدیاش داوای رووخان و سووتاندن و تێکدانیان کردووە، ئەوەش لەدەربڕینی را دەردەچێت و دەکەوێتە قاڵبی تەحریزو هاندان بۆ تاوان".

*لە بارەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان، وتی:"دانەنانەوەی وەزیری سامانە سروشتییەکان، بەپێی یاسا من وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سروشتییەکانیشم، کەواتە هیچ کێشەیەکی یاسایی نییە کەبگوترێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان نییە، بەڵکو هەیە، بەڵام بۆچی وەزیرێکی دیکە دانەنراوە، ئێمە هەوڵمانداوە لەکەسێك بگەڕێین بتوانێت ئەو مەلەفە وەکو پێویست بەڕێوەببات و شارەزابێت و جێگەی متمانە بێت، توانای ئیش و کارەکەی هەبێت، چونکە کارەکە ئاڵۆزە ئەوەندە ئاسان نییە، لەلایەکی دیکەشەوە خۆم حەزم دەکرد لەوردەکارییەکانی کاری وەزارەتەکە شارەزابم کەچۆن دەکرێت، تائێستاش پێشنیازی دوو کەسمان کردووە کەوەك وەزیر دەستبەکار بێت، هەر کاتێکیش گەیشتینە ئەنجام داواتان لێدەکەم ئەو بەڕێزە پێنشیازکراوە دێتە پەرلەمان دەنگی پێبدەین بۆئەوەی ببێتە وەزیری سامانە سروشتییەکان".

*سەبارەت بەمووچە، ئاماژەی بەوەدا:"هەندێك شت ناویژدانییە، دەگوترێت بە ٦٠ رۆژ نیو مووچە دەدرێت، وانییە، ئێستا لە ١٤ەمین مانگین، ١٢ مووچەمان داوە، دوومانگیش بەرێژەیەکی دیاریکراو دەستکاری کراوەو دابەش کراوە، ئەگەر بەبڕیاری حکومەتی عێراق با دەبوایە ٣ مووچە هەر نەدەین، چونکە ٣ مووچەیان بۆ ئێمە هەر نەناردووە، هەندێکجاریش دوادەکەوێت خەتای ئێمە نییە، ئێمە تووشی ئەو هەموو قەیرانانە بووین، دەبوایە یارمەتیی ئێمە بدەین کەچۆن رووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببینەوە، حەز دەکەم بەواقیعی بیر بکەنەوە، لەگەڵ واقیع مامەڵە بکەن و واز لەموزایەدە بێنن.

### دواتر جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چەند خاڵێکی خستەڕوو:

ئێمە بەشێکین لەوڵاتێك کەنوقمی قەیران و کێشەیە لەبوارەکانی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەوە، چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم تەنیا لەرێگەی رێککەوتنێکەوە لەگەڵ بەغدا دەبێت، بەڵام لەو دۆخەدا عێراق ناتوانێت لەرێگەی هیچ رێککەوتنێکەوە تەواوی کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە ناتوانێت کێشەکانی خۆشی چارەسەر بکات، قەیرانی عێراق زۆر لەوە قووڵترە کە بەرادەستکردنی داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکانیش چارەسەر بێت، بۆیە ئەوانیش

گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کەهیچ رێگەچارەیەك لەبەردەمیان نییە جگە لەئەنجامدانی چاکسازی لەسیستەمی حوکمڕانی و دارایی عێراق و وەرگرتنی قەرزێکی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکەی".

بەشێك لەکیشەکانمان لە بەغداد سیاسین، چونکە هەندێك لایەنی سیاسی هەن، ئاراستەیەکیان لەناو خەڵکی عێراق خولقاندووە، گوایە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی کێشەکانی عێراقەو خەڵکیان بەشێوەیەك تێگەیاندووە کەهەرێمی کوردستان بەشی خۆی دەخوات و بەشی ئەوانیش دەبات، بەداخەوە بەشێك لەنوێنەرانی کورد لەبەغداش دەستیان لەخولقاندنی ئەو ئاراستەیەدا هەیەو یارمەتیدەربوون بۆئەوەی ئەو بیرکردنەوەیە لای خەڵکی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان دروست بێت".

***دانیشتنی ژمارە (٩)، لە (٢٠٢٠/١٠/٢٧).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاساییانەی خوارەوە:

١ـ پێشنیازی یاسای (پاراستنی تۆڕو بنچینەکانی ئاوو ئاوەڕۆ لەهەرێمی کوردستان–عێراق).

٢ـ پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لەهەرێمی کوردستان–عێراق).

دووەم: دانانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عومەر عەبدوڵلا فەتاح) لەلیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

سێیەم: گفتوگۆی پرساندن و وەڵامەکانی بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) و (جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) و (وەزیری دارایی و ئابووری)، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٠، ٧١، ٧٣) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**<u>چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:</u>**

١– بایکۆتکردنی دانیشتنی پەرلەمان لە لایەن فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی.

٢– لە کاتی گفتوگۆ لەسەر پرساندنی حکومەت بەریەککەوتن لە نێوان ئەندامانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ و چەند پەرلەمانتارێکی دیکە لە فراکسیۆنەکانی دەسەڵات درووستبوو، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ وتی: خەڵك هاتۆتە ناو هۆڵەوە بۆ ئەوەی مۆبایلەکەم لێبستێنن، بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشنەکە دووجار پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکە راگیرا.

٣– بەدەنگی ٨١ پەرلەمانتار پرۆسەی پرساندن کۆتاییپێهات و دانیشتنی متمانە لێسەندنەوە ئەنجام نەدرا.

٤– لە دانیشتنەکەدا (٩٥) پەرلەمانتار ئامادەبوون، (١٣) پەرلەمانتار مۆڵەت بوون.

***دانیشتنی ژمارە (١٠)، لە (٢٠٢٠/١٠/٢٧).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەو گفتوگۆکردنی راپۆرتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی)، سەبارەت بە (دیاردەی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات)، بەئامادەبوونی بەڕێز ( وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان).

دووەم: خستنەڕووی ڕاپۆرتی لیژنەی (بەدواداچوون) لەسەر وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، کە بەبڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ پێکهێنرا.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: لەمەودوا ڕێگە بەکەس نادرێت لە دەرەوەی پەیڕەو قسەبکات و لە دانیشتنەکەشدا قسەی بەم ئەندامانە بڕی بە بۆنەی نا پەیڕەوی بوونی وتەکانیانەوە:"١-ڕۆمیۆ هەکاری، ٢-گولیستان سەعید، ٣-سەرکۆ گەلالی، ٤-عەلی حەمەسالح، ٥-عەبدولستار مەجید، ٦-ئاشنا عەبدوڵلا، ٧-بەدریە ئیسماعیل، ٨-سەرچنار ئەحمەد، ٩-سیروان فەرەج).

٢- رزگار محەمەد ئەندامی لیژنەکە، ڕاپۆرتی لیژنەی (بەدواداچوون)ی لە قسەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەسەر تۆمەتبارکردنی چەند ئەندامێکی پەرلەمان بەهەڕەشەکردن لێی، خوێندەوە، دواتر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری کۆتایی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی خستەڕوو و ڕایگەیاند: "لەتێبینییەکان و ڕوونکردنەوەکانی لیژنەکە بۆمان دەرکەوت لیژنەکە لەئەنجامی بەدواداچوونەکانی بەڵگەی پێویستی بۆ سەلماندنی ڕووداوەکە دەستنەکەوتووەو لەبەرئەوەی لیژنەی پەرلەمانی دەسەڵات و ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە لەتاوانکاریی لەبەردەست نەبووە، نەیتوانیوە بابەتی هەڕەشەکردن یەکلایی بکاتەوە".بۆیە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەسڕینەوەی تەواوی قسەکانی پەرلەمانتار د.کازم و وەڵامەکانی پەرلەمانتاران و ئەو ڕێوشوێنانەی وەرگیراون لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٩، لەپرۆتۆکۆلی پەرلەمان و هەروەها ڕاشیانگەیاند: "لەو ڕوانگەیەی کە لێکۆڵینەوە لەکرداری تاوانکاری لەتایبەتمەندیی دەسەڵاتی دادوەرییە کۆتایی بەکاری لیژنەی بەدواداچوون دهێنرێت و داواکارین کەپەرلەمانتارانی بەڕێز لێبووردەبن بەرامبەر یەکتری و ئەو دۆسییەیە کۆتایی پێبێت".

٣- لە دانیشتنەکەدا (١٠٠) پەرلەمانتار ئامادەبوون، (٨) پەرلەمانتار مۆڵەت بوون.

## *دانیشتنی ژمارە (١١)، لە (٢٠٢٠/١١/٣٠).

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە:

١/ پێشنیازەیاسای پەروەردەو خوێندن لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

٢/ پێشنیازەیاسای هەمواری یەکەمی زانکۆ تایبەتەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: خوێندنەوەو گفتوگۆکردنی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی)و لیژنەی (ڕۆشنبیرو کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان)، سەبارەت بە (دیاردەی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات)، بەئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا)، پەیوەست بە (ڕەخساندنی هەلی کار لەهەرێمی کوردستان).

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

١- بەهۆی وەرنەگرتنی خاڵی پەیڕەوی و دانەنانی یاداشتەکانیان لە بەرنامەی کار پەشێوی لە دانیشتنەکە دروستبوو.

٢- پەرلەمانتاران بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە جێگەکانیان هەستانەوە و دەسیانکرد بە کوتانی مێزەکانی بەردەمیان، بەوهۆیەشەوە پێنج جار پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکان وەستا، دواتر دانیشتنەکە بۆ ماوەی سەعاتێك هەڵگیرا و دواتر باسی دۆخی ژیان خەڵك خرایە بەرنامەی کار، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی حکومەت پەرلەمانتاران ئامادەنەبوون واز لە نارەزایەتی بهێنن و داوای ئامادەبوونی حکومەتیان دەکرد، لەبەرامبەر چوونە پاڵ فراکسیۆنی سەوز بە نارەزایەتیەکان، سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکە جێهێشت و جێگرەکەی درێژەی بە دانیشتنەکەدا و لەسەر داوای فراکسیۆنی زەرد خاڵێکر تر بۆ بەرنامەی کار زیاد کرا، کە بریتی بوو لە بانگهێشتی شاندنی دانوستانکاری حکومەتی هەرێم لە گەڵ بە غداد بۆ پەرلەمان و پرسینەوەی هۆکارەکانی نەناردنی بودجە لە بەغدادەوە، دواتر دانیشتنەکە بەبێ هیچ گفتوگۆیەك کۆتایی هات.

٣- ژمارەی ئامادەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (١٢) دەخوێندرێتەوە کە هێشتا ئەنجام نەدراوە.

### *دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی، لە (٢٠٢١/١/٦).

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: دەنگدان لەسەر متمانەدان بە بەڕێز (کمال عبدالحمید عبدالرحمن) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، بەپێی برگەی (٤)ی ماددەی (پەنجا و شەش) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

دووەم: دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان-عێراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی، پەرلەمانی کوردستان لەبەشی یەکەمی دانیشتنی خۆیداو بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان بەڕێوەچوو، لەکۆی (١٠١) ئەندامی ئامادەبوو بەدەنگی ٨١ پەرلەمانتار متمانەی بەبەڕێز (د.کەمال عەبدولحەمید عەبدولڕەحمان) ئەتروشی وەك وەزیری سامانە سروشتییەکان بەخشی.

لەبەشی دووەمی دانیشتنەکە بەپێی خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کەبریتی بوو لەدەنگدان لەسەر پرۆژە (یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان-عێراق)، لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند کەپێکهاتبوو لەلیژنەکانی (کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابووری)، بەجیا ناوونیشان و ماددە بەماددەو برگە بەبرگەو هۆکارەکانی دەرچوواندنی پرۆژەیاساکە بەو پێشنیازانەی کەلەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنی پێشووتردا لەکاتی خوێندنەوەی دووەمی پرۆژەیاساکە بۆ هەر مادەو برگەیەك خرابوونەڕوو و لەو ڕاپۆرتە هاوبەشەدا

جیگەیان کرابووەوە، خرانە دەنگدانەوەو پەسندکران. پاشان کۆی یاساکە خرایە دەنگدانەوەو بە ٦٤ دەنگ پەسندکرا و کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەكە:**

١-لە قسەکانی هەردووك ئەندامان مژدە محمود و پیشەوا هەورامی هەندێ ووشە لە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان دەسریتەوە وەك عەیبە و نەفام ..بە فەرمانی سەرۆکی پەرەلەمان.

٢-لەکاتی قسەکانی هاورێ مەلا ستار کە کاتی تەواو بو سەرۆکی پەرەلەمان پێیگووت کاتت تەواو بوو گەیشتە لوقمان وەردی هەندی دەنگە دەنگ دروست بوو لە پەرلەمان بەلام دەنگ راگیرا بۆ ماوەی یەك خولەك دواتر سەرۆکی پەرلەمان ووتی ریگە بەهەمووتان دەدەم قسە بکەن.

٣-دوای بەشی یەکەمی دانیشتن سەرۆکی پەرلەمان داوای یەك چارەگ پشوی کرد لە کاتی پشوو ئاژاوەیەك لە پەرلەمان دروست بوە کە سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دەڵێتە سەرۆکی پەرلەمان بۆچی وەزیر رۆیشت بریار وابو دوای دەنگدان جوابی پرسیارەکان بداتەوە بۆ ریگەت دا بروات لەو کاتانە فراکسیۆنی پارتی هێرش دەکەنە سەرنەوەی نوێ هەرچەند پەخش راوەستا بوو بەلام لە فەیسبوکی چەند ئەندامیکی نەوەی نوی دەنگ بلاو بۆتەوە.

## ٢-ليژنە هەمیشەییەکان:

لەم خولەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا کراوە، دەبوو لیژنەکان لە ماوەی (٢١) رۆژدا، (١٠) راپۆرت بنووسن، بەڵام تەنها (٢) راپۆرت نوسراوە،

بەپێی ماددەی (٣٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، (١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، دەتوانن لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژ، بەسەر ئاراستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند، دەتوانن داوای روونکردنەوە لە بارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەم هەنگاوە پەیڕەوییە نەگیراوەتەبەر.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، بەداواداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی پایزە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، لەباشترین حاڵەتدا بە یاننامەیەکیان دەرکردووە، کە هیچ کاریگەریەکی نەبووە لەسەر دۆخەکە، بۆ نموونە:

٦- مانەوەی چەندین دەستگیرکراوی بادینان لە زیندانەکان بەبێ هیچ مافێکی یاسایی.

٧- داخستنی ئوفیسی سەرەکی NRT و راگرتنی پەخشتی کەناڵەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە.

٨- دەستگیرکردنی دەیان خۆپیشاندەر و چالاکەوان لە ناویاندا مامۆستا (بەدەل بەرواری، ئومێد بەرۆشکەیی، شێروان شێروانی) کە ماوەی چەندین مانگە لە زیندانەکاندان و لە کەمترین ماف بێبەشن.

٩- بەردەوامی بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و کوژران و بریندابوونی دەیان کەس و چۆڵبوونی دەیان گوند.

١٠- پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان و کارنەکردن بە یاسای رۆژنامەگەری، کە بەپێی راپۆرتی چاودێرانی رێکخراوی یۆرۆمێدیتێریەن بۆ مافەکانی مرۆڤ تەنها لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ٩٨ حاڵەتی پێشێلکاری دژی رۆژنامەنووسان هەبوون.

١١- لە سەرەتای دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی پارێزگای سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی راپەرین لە ٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ هێزە ئەمنییەکان بە زەبروزەنگ وەڵامی ناڕەزایەتییەکانی دایەوەو گازی فرمێسك رێژ وگوللەی پلاستیکی وگوللەی راستەقینەیان بەکارهێنا، هەرچەند ئاماری رەسمی لەبەردەستادا نیین بەڵام بە پێی بە دواداچونی رۆژنامەنوانی (درەو میدیا) (٨)خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنیەکان بە گوللە کوژراون K زیاتر لە (١٢٠) کەس بریندار بوون، زیاتر لە (١٥٠) فەرمانگەو بارەگای حزبی سوتان یان زیانیان پێگەیشتووە، زیاتر لە (١٠٠) خۆپیشاندەر دەستگیر کراون)، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ئەرکی بەدواداچوونی لیژنەکان و دەبوو لەسەر ئەو پێشێلکاریانە کاری پەیڕەوی بکرایەوی‌وەزیری پەیوەندیدار پرساندنی لێبکرایە، دۆخی بەدوادانەچوون لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان لە خولەکانی پێشووش هەروهایە، بۆ نموونە دەیان جار یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) رۆژنامەنوسی پێشێلکراوە، بەڵام بەیاننامە نەبێت هیچ رێکارێکی تر نەگیراوەتەبەر. ئەو ماددانەی دەسەڵات بە لیژنە هەمیشەییەکان، دەدەن ئەرکی چاودێریکردن راپەڕێنن بریتین لە: ماددەکانی (٤٠ تا ٤٤) بەڵام کەمترین ئەدای ئەم ئەرکە پەیڕەوییانە کراوە.

## دووەم- ئەرکی چاودێری

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکان، بۆ ئەم خولە پەرلەمانتاران سێ هەنگاویان گرتۆتەبەر:

| ژمارە | هەنگاوەکان | تێبینی | ئاستی جێبەجێ کردن |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | پرسیار | *ئەندامان چەندین پرسیار کە ئاراستەی حکومەتیان کردووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی تەواو لەبەردەست نییە لەسەر پرسیاری ئەندامان. | بەردەوام پەرلەمانتاران لە رێگەی خاڵی پەیڕەوییەوە نارەزایی دەردەبڕێن لە وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانیان. |
| ٢ | خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی یەکەم. | ١-لە (٢٠٢٠/١١/٢٥) لەلایەن (٢٣) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، نەوەی نوێ، یەکێتی، ئازادی، مەم بورهان) لە سەربەخۆکان، یاداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراو داوایانکرد، هەردوو وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ خستنەڕووی پلانی وەزارەتەکانیان تایبەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خوێندکاران بۆ بۆ ئەم ساڵ. | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) رۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | ٢-لە (٢٠٢٠/١١/١٨) لەلایەن (٣٤) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، گۆران، پارتی، یەکگرتوو، یەکێتی، نەوەی نوێ، بەرەی تورکمان، سیروان بابان- سەربەخۆ) داواکرا رۆژی (٣ی ١٢ی ٢٠٢٠) کە رۆژی جیهانی رێزگرتن و ناساندنی مافەکانی هاووڵاتیانی (خاوەن پێداویستی تایبەت)ە، دانیشتنێکی پەرلەمان تایبەت بکەن بەو بۆنە جیهانیەو گفتوگۆی کێشەکانی (منداڵان و هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەوادەکانیان) لە هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەرێزان وەزیرانی (کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، دارایی و ئابوری، تەندروستی). | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) رۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | ٣-لە (٢٠٢٠/١١/٢) لەلایەن (١٦) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان، سیروان بابان- سەربەخۆ، دیاری ئەنوەر-سەربەخۆ) داواکرا، وەزیری ناوخۆ بانگهێشت بکرێت (سەبارەت بەدەستگیرکردنی رۆژنامەنوسان و چالاکوان لە پارێزگای هەولێر و دهۆك). | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) رۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | ٤-لە (٢٠٢٠/٩/٩) لەلایەن (١٦) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆران نەوەی نوێ، ئازادی) داواکرا بەر لە ساڵی دارایی پرۆژە یاسایی بودجە بنێردرێتە پەرلەمان. | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) رۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| ٣ | پرساندن | ١-لە (٢٠٢٠/9/27) لەلایەن (23) پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، ئازادی، نەوەی نوێ)، پەرلەمانتاران (عەلی حەمە ساڵح، شایان کاکە ساڵح، شیرین ئەمین، سیروان بابان، دیاری ئەنوەر، مەم بورهان) داوای لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی دەکەن لەسەر لێبڕینی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. | رۆژی (٢٠٢٠/٨/٣٠) سەرۆکی پەرلەمان لە نوسراوێکدا (٤) تێبینی لەسەر پرساندنەکە ئاراستەی (عەبدولستار مەجید) کرد و بەهۆی ئەو تێبینیانەوە پرساندنەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەندامان. |
| ٤ | لێسەندنەوەی متمانە | نیە | |

## سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە

پرۆژەیاسایی بودجە وەك هەر یاسایەکی تر دێتە ناو پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە یاسایەکی تر، ئەوە بودجە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیە و زامنی کار و گەشەکردن دەکات، بودجە لە داوی پەسەندکردنی دەبێتە گرنگترین پرس بۆ چاودێری پەرلەمان.

**- پرۆژە یاسای بودجە:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەمڵێنراو ڕەوانەی پەرلەمان بکات[٢]، بەڵام ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٠) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

**-ژمێرەی کۆتایی:**

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) نەچۆتە پەرلەمان.

**-بودجەی پەرلەمان:**

لە پەیڕەودا لە (٣) ماددەی پەیڕەوی باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات، بەپێی ماددەی (١٦) برگەی حەوتەم، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، ڕێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی.

لە ماددەی (١٠٧) دا هاتووە، پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی دەبێت، کە سەرۆکایەتی دیوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکیی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

لە ماددەی (١٠٨) بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەسێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و ڕێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

پرسیار ئەوەیە پەرەلەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩، ٢٠٢٠)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و ڕایگشتی، لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

(٢) — لە برگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

## ئەنجام

پەرلەمانی کوردستان وەك بەرزترین دامەزراوەی هەرێم و تاکە مەرجەعی سیاسی و یاسایی، دامەزراوەی هەڵبژێردراو کە تەعبیر لە نوێنەرایەتی سەرجەم هاولاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات و بە یاسا و پەیرەو کارەکانی رێکخراوەو ئەرك و دەسەلاتەکانی دەستنیشانکراون. بەلام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم دامەزراوە بالایە گلێندراوەتە ململانێ سیاسیەکان و نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. ئەم راپۆرتە کە هەڵسەنگاندنی بۆ خولی گرێدانی پاییزەی سالی ٢٠٢٠ ی پەرلەمان کردووە، سەرجەم داتاو زانیارییەکانی ئەو ماوە دیاریکراوەی دۆکیۆمێنت کردووە، ئەم راستیانەی خستۆتە روو:

**یەکەم: ئەرکی پەرلەمان لە یاسادانانادا:**

١-پەرلەمان نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکی یاسادانان هەڵسێت، لەکاتێکدا بۆشاییەکی زۆری یاسایی لەهەرێمدا هەیەو زۆرینەی یاساکانیش بەهۆی گۆڕانکاریی سەردەمەوە پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە، کەچی لەم خولی گرێدانەدا تەنها (٣) یاسای پەسەند کردووە. کە بریتین لە:

-یاسای ژمارە (٤)ی یاسای ماف وئەرکەکانی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

-یاسای ژمارە (٥)ی یاسای لەئەستۆکردن لەهەرێمی کوردستان.

- یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەولەت لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

٢-ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون هەم لە رووی (شکلی) و هەم لە رووی (مەوزوعی)ەوە گرفتیان هەبووەو کوالیتیان وەك پێویست نیە، هەر بۆیە زۆرترینیان یا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یا هەر دوای دەرچونیان پێویستیان بە هەموار هەبووە.

٣-لەماوەی خولی پایزەدا پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی تەنها بۆ (٥) پرۆژە یاسا کردووە، سەرباری ئەو کێشەو گرفتانەی هەن، سەرباری بوونی کەلێنی یاسایی لەهەرێمی کوردستاندا، ژمارەیەکی کەم پرۆژە یاساو بڕیار خوێندنەوەیان بۆ کراوە. ژمارەیەك پرۆژە یاساش هەیە ئەندامان پێشکەشیان کردووە بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی بۆ نەکردووە.

**دووەم: ئەرکی پەرلەمان لە چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردندا:**

١- لەماوەی ئەم خولەدا وێرای ئەو هەموو نارەزایی و کەموکوڕی و داوایەی هەبوو، متمانە لە هیچ وەزیرێك نەسەنراوەتەوە.

٢-لەماوەی ئەم خولەدا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە (٢) جار داوای پرساندنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کراوە. بەلام هیچ کام لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کە بانگهێشتکرابوون بۆ لێپرسینەوە، ئامادە نەبوون بچنە بەردەم پەرلەمان.

٣-لەماوەی یەك ساڵدا (٩) داوا ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی ئامادە بوونی ئەندامانی ئەنجومەن لەبەردەم پەرلەمان. بەلام (٦) لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبوون.

٣-لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا نازانرێت ئەندامانی پەرلەمان چەند پرسیاریان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان شەفاف نیەو ئەو داتایانە ناخاتە بەردەست، بەلام بەپێی وتەی ئەندامان و خودی سەرۆکی پەرلەمانیش زۆرینەی پرسیارەکانی ئەندامان لەلایەن حکومەتەوە وەلام نادرێنەوە. بۆ نمونە سەرۆکی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٢٠/٣/١ی پەرلەماندا وتی:"لەئێستادا زیاتر لە ١١٥ پرسیاری پەرلەمانتاران کە ئاراستەی ئەندامانی کابینەی وزاریی حکومەتی هەرێم کراون وەڵامنەدراونەتەوە".

### سێیەم: ئەرکی پەرلەمان لە پەسەندکردنی بودجەی هەرێمدا:

١-بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات، بەڵام ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٠) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

٢-بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) نەچۆتە پەرلەمان.

٣-بەپێی پەیڕەو، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، رێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی. بەلام پەرلەمان تا ئێستا بەم ئەرکەی هەڵنەستاوە. لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

### چوارەم: پەرلەمانی کوردستان وەك مەرجەعی باڵای نیشتمانی:

١-دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان نیە، پەرلەمان ناتوانێت دەوری مەرجەعی باڵای سیاسی و یاسایی هەرێم بگێرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە (بڕوانەبوونی هێزە سیاسیە باڵا دەستەکانی هەرێم بە کاری پەرلەمان، زاڵبوونی هەژموونی حزبی بەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان).

٢-دەستوری هەرێمی کوردستان کە کە پێویستییەکی گرنگ بوو دەبووایە کاری لەسەر بکرێت، سەرباری ئەو بەلێنانەی درابوون بەلام هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە.

٣-لە دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدادا دەبوایە پەرلەمانی کوردستان مەرجەع و کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و بۆچوونەکان بێت و لەهۆڵی پەرلەماندا بڕیارەکان یەکلا بکرێنەوە و حکومەت لەژێر چاودێری پەرلەماندا هەنگاوەکانی بنابووایە، بەلام وا نەکەوتەوە. بەلکو حکومەت هەمیشە پەرلەمانی وەك مینبەرێك بەکارهێناوە بۆ شەرعیەتدان بە قەناعەتەکانی خۆی، سەرۆکی حکومەت وەك مینبەرێکی رۆژنامەنوسی لێی روانیوەو هەر بۆ ئەم مەبەستەش چۆتە پەرلەمان، لەوکاتانەی ئەندامان داوای ئامادەبوونیان لێکردبێت بۆ لێپرسینەوە ئامادە نەبووە.

٤-وێرای چەندین جار داوای ئەندامان بۆ گفتوگۆ لەسەر قەرزەکانی سەر حکومەت لەم خولەدا هیچ کارێکی لەسەر نەکرا.

## پێنجەم: پێشێلی پەیڕەو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان:

١- لەماوەی خولی گرێدانی پاییزەدا پەرلەمانی کوردستان تەنها (١٢) دانیشتنی ئەنجامداوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو پێویست بوو لەو ماوەیەدا بەلای کەمەوە (٣٥) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام بدات، ئەمە جگە لە کۆبوونەوەی نائاسایی کە لەکاتی پشووەکاندا دەکرێت.

٢-لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا پەرلەمانی کوردستان (٣) دانیشتنی کە راگەیاندبوو دوای خستووە، ئەمەش بەهۆی ململانێی سیاسی و لاوازی دەستەی سەرۆکایەتیەوە کۆبوونەوەکان دواخراون.

٣-لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا پەرلەمانی کوردستان تەها (٣١) کاتژمێر کۆبۆتەوە، لەڕابردوودا کۆبوونەوە هەبووە نیو کاتژمێر و کۆبوونەوەش هەبووە دە کاتژمێری خایاندووە، ئەگەر وەك نەریتێك وەریبگرین و هەر کۆبوونەوەیەك تەنها (٣) کاتژمێری بۆ دابنرێت، پێویست بوو بەلای کەمەوە لەماوەی ئەم خولەدا پەرلەمان (١٠٥) کاتژمێر کۆ ببێتەوە، ئەمە جگە لە کاتژمێری کۆبوونەوە نائاساییەکان ئەگەر بکرابووایە.

٤-بەهۆی ململانێی سیاسییەوە مانگی کانوونی یەکەم پەرلەمان دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکانی داخست و هیچ دانیشتنێکی ئەنجامنەدا.

٥-بەهۆی گوێنەگرتن لە داوای ئەندامان، بەشی زۆری دانیشتنەکان گرژی تێدەکەوێت، سەرۆکایەتیش بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە پەخش رادەگرێت و دوو جاریش لەم خولەدا دانیشتنەکەی هەڵگرتووە.

٦-لە دۆخی چاودێری دامەزراوەکاندا، دەیان پرسیاری وەڵام نەدراوە هەیە،جگە لە (٤) یاداشت، کە هیچیان نەخرایە بەرنامەی کار، یەك داوای پرساندن هەبوو بە دەنگی (٨١) پەرلەمانتار نەچووە قۆناغی وەرگرتنەوەی متمانە.

٧-بەرنامەی کاری دانیشتنەکان لەگەڵ خواستە هەنوکەییەکانی خەڵکی کوردستاندا وێك نایەتەوە، هەر بۆیەش بەردەوام نارەزایی لەلایەن ئەندامان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەربڕدراوەو بەمەش پەشێوی دروستبووە.

## شەشەم: پێشێلی پەیڕەو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە:

١-هاوشێوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمانیش چەندین جار پەیڕەو پێشل دەکەن، بەتایبەت لە کاتی ئاخاوتندا، ئەم کارەش هاوشێوەی پێشێلکارییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی زیانی هەیە بۆ بەرێوەچوونی دانیشتنەکان.

٢-لیژنە هەمیشەییەکان ئەرکی پەیڕەوییان ئەنجام نەداوە، لەم خولەشدا لە کۆی (٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا کە خوێندنەوەیان بۆ کراوە، و دەبوو لەلایەن لیژنەکانەوە (١٠) راپۆرتی لەسەر بنووسن، تەنها (٢) راپۆرت نوسرا، دەیان یاسای بەرکار پێشلکراوە، نەیانتوانی ئەرکی پەیڕەوییە جێبەجێ بکەن .

٣-لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا و لە کۆی (٩) کۆبوونەوەدا (١٣٠) جار تۆماری ئامادەنەبوونی ئەندامی پەرلەمان تۆمار کراوە جا بەهۆی ئامادەنەبوونەکە بەهۆی (غیاب)ەوە بووبێت، یا مۆڵەت یا بایکۆت، لەکاتێکداتۆماری ئامادە نەبوونی ئەندامان لە (٢) کۆبوونەوەشدا تۆمار نەکراوە یا رانەگەیەنراوە، بۆیە لەبەردەست نەبوو، ئەگینا ژمارەکە لەوە زیاترە.

٤-لەماوەی ئەم خولەدا لیژنەکانی پەرلەمان کە ژمارەیان (١٩) لیژنەیە تەنها (١٣٥) کۆبوونەوەیان کردووە، لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو بەلای کەمەوە پێویست بوو بە هەر نۆزدە لیژنەکە لەماوەی ئەم خولەدا بەلای کەمەوە (١٥٢) جار کۆبونەوە بکەن.

٥-لەماوەی ئەم خولەدا لەو (٩٦) کۆبوونەوەیەدا (١٣٤) جار ئامادەنەبوون تۆمار کراوە، کە بەبەراورد لەگەل کۆبوونەوەکان ڕێژەکە زۆرە.

٦-لەم خولەدا (٣) پەرلەمانتار (هیچ) قسەیەکیان نەکردووە، (١٤) پەرلەمانتار (یەك جار) قسەیەکیان کردووە، (١٣) پەرلەمانتار (دوو جار) قسەیەکیان کردووە، (١١) پەرلەمانتار (سێ جار) قسەیەکیان کردووە، (١٠) پەرلەمانتار (چوار جار) قسەیەکیان کردووە، (١٣) پەرلەمانتار (پێنج جار) قسەیەکیان کردووە، (٩) پەرلەمانتار (شەش جار) قسەیەکیان کردووە، (٥) پەرلەمانتار (حەوت جار) قسەیەکیان کردووە، (٦) پەرلەمانتار (هەشت جار) قسەیەکیان کردووە، (٥) پەرلەمانتار (نۆ جار) قسەیەکیان کردووە، (٥) پەرلەمانتار لە (دە جار) قسەیەکیان کردووە، (١) پەرلەمانتار (یازدە جار) قسەی کردووە، (٢) پەرلەمانتار لە (دوازدە جار) و (١١) پەرلەمانتاریش لە دووانزەجار زیاتر قسەیان کردووە.

٧-کاتێك سەرنجی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەدەیت، بەڕوونی دیارە بەشداری چەندین ئەندام لە گفتوگۆکان تەنها لە پێناو قسەکردنە، نەك ئیزافەیەك بۆ گفتوگۆکان، وە قسە کردن لە ناو پەرلەمان بە بێ خاڵی پەرێڕەوی لە لایەن بەشێکی بەرچاوی ئەندامەنامە پەیڕەو دەکرێت.

## ڕاسپاردەکان

١- پێویست بوو خولی پایزە درێژبکرێتەوە بەلام نەکرا، ئێستاش پێویستە بە کۆبوونەوەی نائاسایی کار لەسەر پرۆژە یاساکانی (بودجەی ٢٠٢١، ، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) بکرێت، بەشێوەیەك ، کە لەگەڵ فرە بازنەیی بگونجێنرێت و چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان یاسای هەڵبژاردن و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تیادا بکرێت، بۆئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە هەرێمی کوردستان هاوتای عێراق بە یاسایەکی نوێ ئەنجام بدرێت.

٢- رۆژی (٢٠٢٠/١٠/١٩) حکومەت راپۆرتی (٣) مانگی لە بارەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ناردە پەرلەمان، گرنگە پەرلەمان کاری چاودێری خۆی بکات و ئەنجامەکەی بۆ رای گشتی ئاشکرابکات.

٣- لەم خولەدا دەیان کەس بەبێ دادگایکردن لەسەر داواکردنی مافەکانیان لە زیندانەکان، کەناڵی راگەیاندن داخراوە، خۆپیشاندەر کوژراوە، دوای پاشەکەوت کردنی مووچەکانی (٤ تا ٢٠٢٠/٩) کەچی تا ئەم کاتە بە لێبرینی (٢١٪)ی مووچەی مانگی (١٠) دابەشکراوە، بۆیە گرنگە پەرلەمانتاران لە رێگەی لیژنەکانەوە بەدواداچوون و فشار بکەن لەسەر حکومەت.

٤- پەرلەمان بەرگری لە پەرلەمانتاران بکات و سنوورێك بۆ دەستدرێژی دەزگا ئەمنیەکان دابنێت، لەم خولەدا چەندین پەرلەمانتار رایانگەیاندووە کە هێرشیان کراوەتەسەر.

٥- مانگرتن و هەموو شێوازە مەدەنیەکانی تری نارەزایەتی دەربڕین لە لایەن ئەندامانە درێژەی پێبدرێت بە ئامانجی فشارکردن لە حکومەت و حزبە سیاسییەکان.

٦- داوا لە دیوانی چاودێری دارایی بکرێت بۆ ناردنی تەواو راپۆرتەکەیان لەسەر ٢٨ ملیاری دۆلاری قەرز لەسەر حکومەت و دانیشتنی پەرلەمانی بۆ ئەنجامبدرێت.

٧- پەرلەمان رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢) دەرگای خۆپالاوتی بۆ سەرۆکی دەستەی ماف مرۆڤ کردەوە، بەڵام تا ئەم کاتەش ئەو پۆستە پڕنەکرایەوە، هاوکات ئەرکی پەرلەمانە سەرۆکایەتی هەریەك لە دەستەکانی (دەستپاکی، چاودێری دارایی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان) نوێبکاتەوە کە ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

٨- ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کەم و کوڕی زۆرە، چەندین یاسا و بڕیار کە دەرچوون دانەنراوە، ئەرشیفی خولەکانی پێشووی پەرلەمانیش دانەنراوە، بۆیە گرنگە ئەم ماڵپەڕی ئێستا ببێتە ماڵپەڕی فەرمی هەموو پەرلەمان نەك تەنها خولی پێنج.

٩- لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کار بەسیستمی ئەلکترۆنی دەنگدان بکرێت، کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانەوە ئامادەیە بۆ کارکردن و بودجەیەکی زۆر لە نوژەنکردنەوەی هۆڵی دانیشتنەکان خەرجکرا، بەڵام هەتا ئێستا ئەم سیستمە کارناکات، بۆ دروستی و پاراستنی نهێنی دەنگدان پێویستە ئەم سیستمە بەکاربهێندرێت.

١٠- لیژنە هەمیشەییەکان لە پشووی وەرزی پایزەدا راپۆرت لەسەر ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسایانە بنووسن کە ئاراستەیان کراوە و راپۆرتیان لەسەر نەنوسیوە.

## خشتەی ژمارە (١١)

## پوختەی ژمارەی خولی پایزە

## (١ی ئەیلولی ٢٠٢٠ بۆ ٢٨ ی شوباتی ٢٠٢١)

| ژ | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ١٢ | |
| ٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٣ | |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار | ٢٧ | |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ٢٣ | |
| ٦ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێ نەکراو | ٤ | |
| ٧ | کۆی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٣١:٢٠ | سی و یەک کاتژمێر و بیست خولەك |
| ٨ | ژمارەی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | ٥ | |
| ١٠ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٣ | |
| ١١ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | | |
| ١٢ | ژمارەی بریاری کارگێری پەسەند کراو | ٢ | |
| ١٣ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ٩ | (سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیرەکانی: دارایی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، ناوخۆ، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دارایی، تەندرووستی) |
| ١٤ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٦ | *پەروەردە<br>*خوێندنی باڵا<br>*وەزیری ناوخۆ<br>*وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی<br>*دارایی<br>*تەندرووستی |
| ١٥ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | - | |
| ١٦ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | | |
| ١٧ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ١٣٥ | |
| ١٨ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ٢ | |
| ١٩ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٨ | |
| ٢٠ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | - | بەردەست نیە |
| ٢١ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | - | بەردەست نیە |
| ٢٢ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | - | بەردەست نیە |

## خشتەی ژمارە (١٢)

## پوختەی ژمارەی کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢١/٢/٢٨)

| ژ | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ٥٦ | |
| ٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٩ | |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار | ١٢١ | |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ١١٣ | |
| ٦ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێنەکراو | ٨ | |
| ٧ | کۆی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ١٤٩:٥٧ | سەد و چل و نۆ کاتژمێر و پەنجاو حەوت خولەك |
| ٨ | ژمارەی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | ٣٥ | |
| ١٠ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ١٠ | |
| ١١ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ٧ | |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکران لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ١٧ | *شاندنی دانوستاندی هەرێم<br>*وەزیری کشتوکاڵ<br>*وەزیری بازرگانی<br>*سەرۆکی حکومەت<br>*جێگری سەرۆکی حکومەت<br>*وەزیری دارایی<br>*وەزیری پێشمەرگە<br>*بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە |
| ١٣ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەلاّم ئامادەنەبوون | ١١ | *وەزیری دارایی<br>*ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز<br>*سەرۆکی حکومەت<br>* جێگری سەرۆکی حکومەت<br>*بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە |
| ١٤ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ | |
| ١٥ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | – | |
| ١٦ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٥٢٣ | |
| ١٧ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێت | ٧٢ | |
| ١٨ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێت و نەنوسراوە | ٣٩ | |
| ١٩ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان کە لەسەر پرۆژەیاساکان نوسراوە | ٣٣ | |
| ٢٠ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٢٦٤ | پرسیارەکانی دوو خولی ساڵی یەکەم |
| ٢١ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاّمدراوەتەوە | ١٤٥ | وەلاّمەکانی دوو خولی ساڵی یەکەم |
| ٢٢ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاّم نەدراوەتەوە | ١١٥ | تەنها دوو خولی ساڵی یەکەم |

## کار و چالاکی لیژنە هەمیشەییەکان لە خولی پاییزە

### خشتەی ژمارە (١٣)

### لیژنەی کاروباری یاسایی لە خولی پاییزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بژار خالید عەبدوڵلا | سەرۆک | پارتی | • | • |
| ٢ | عەباس فەتاح ساڵح | ج. سەرۆک | یەکێتی | • | • |
| ٣ | جەلال محەمەد ئەمین | بریاردەر | گۆڕان | • | • |
| ٤ | ڕوپاک ئەحمەد ڕەحمان | ئەندام | کۆمەڵ | • | • |
| ٥ | عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن | ئەندام | پارتی | • | • |
| ٦ | ڕۆژان محەمەد کریم | ئەندام | یەکێتی | • | • |
| ٧ | خەدیجە عومەر تەها | ئەندام | پارتی | • | • |
| ٨ | کاوە عەسبدولقادر حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | • |
| ٩ | سارا دڵشاد ئەبوبەکر | ئەندام | (پ.گ.ت) | • | • |
| ١٠ | ڕۆبینە ئۆمیلك عزیز | ئەندام | (هـ.ی.ن) | • | • |
| ١١ | ڕۆژان ئیبراهیم عەلی | ئەندام | پارتی | • | • |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٥ | *پرۆژە یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان.<br>* پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کورستان.<br>* پرۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.<br>* پرۆژە یاسای پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان.<br>* پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان. |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | • | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | • | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | • | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٩ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١ | *بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو سەرنجی حکومەت، سەبارەت بەپرۆژەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت، پێشوازی کرا لە وەزیرانی (داد، هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران). |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | • | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٣ | جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك و بریاردەرو ئەندامانی لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت و ژمارەیەك لەڕاوێژکارانی پەرلەمان، سەردانی (ئەنجوومەنی دادەوری)، (وەزارەتی داد) و (ئەنجومەنی شورا)یان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | وەزیرانی (داد، هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان). |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | • | |

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زیاد جەبار محەمەد | سەرۆك | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٢ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | ج. سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | بڕیاردەر | (پ.گ.ت) | ٢ | ٠ |
| ٤ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | ئەندام | پارتی | ٥ | ٠ |
| ٥ | لیزا فەلەکەدین کاکەیی | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٦ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٧ | نجات شەعبان عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٩ | عومەر عەبدوڵلا فەتاح | ئەندام | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ئەندام | یەکگرتوو | ٢ | ٠ |
| ١١ | سەرکۆ ئازاد حوسێن | ئەندام | یەکێتی | ٢ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ١ | پرۆژە یاسای (فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان –عێراق). |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | پرۆژە یاسای (فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان –عێراق). |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٨ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٥ | *بەمەبەستی ڕوونکردنەوە لەسەر مووچەو چۆنیەتی ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەغدا، پێشوازی کرا لە وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری حکومەت و پەرلەمان.<br>*یەکێتیی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم.<br>*بەمەبەستی گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکەی حکومەتی هەرێم لەسەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، پێشوازی کرا لە سکرتێری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و سەرۆکی فەرمانگەی تەکنۆلۆجیاو زانیاریی لە ئەنجومەنی وەزیران.<br>*سەبارەت بە پرسی وەرگرتنی باج و دواین ڕێکارەکانی، شاندێکی لیژنە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی باج و خانووەبەرەی میری لەوەزارەتی دارایی و ئابووری کۆبوونەوە.<br>* سەبارەت بە پشکی هەرێم لەبودجەی عێراق و دۆخی دارایی هەرێم، (ستێڤن هیکی) باڵیۆزی بەریتانیا لەعێراق و (جێمس تۆرنتۆ) کونسوڵی بەریتانیا لەهەرێم بەیاوەریی شاندێك، سەردانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووریان کرد. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *بەئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکە لەسەر سەردانە مەیدانییەکانی بۆ دەروازە سنوورییەکان. |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١ | بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چەند بابەتێکی پەیوەست بەبواری دارایی و ئابووری، شاندێکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووریان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری حکومەت و پەرلەمان. |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | | |

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | عوسمان کریم سوارە | ج. سەرۆك | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | رزگار محەمەد مەحمود | بڕیاردەر | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٤ | سەروان محەمەد عەلی | ئەندام | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٥ | حیکمەت محەمەد عبوزید | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٦ | بژار خالید عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی | ٣ | ٠ |
| ٧ | سەعید مستەفا تەتەرخان | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٨ | جەمال حەوێز مستەفا | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٩ | بالآنبۆ محەمەد عەلی | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵلا | ئەندام | یەکگرتوو | ٠ | ٠ |
| ١١ | باپیر کامەلا سلیمان | ئەندام | لیستی سەردەم | ٢ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | * پێشوازی لە نوێنەرانی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی (١٣٢٠٠٠) واژۆی هاولاتیان بۆ دیاریکردنی رۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە.<br>*پێشوازی لە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگە. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١٠ | *سەردانی فەرماندەیی یەکەی ٧٠ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی لە سلێمانی.<br>*سەردانی وەزیری پێشمەرگە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و پرسی پلەبەرزکردنەوە.<br>*سەردانی بنکەی مەشق و راهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە قەزای شێخان کرد.<br>*سەردانی ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ.<br>*سەردانی بەڕێوبەرایەتی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە<br>*سەردانی سەرۆکایەتیی هەیئەی ئەرکان.<br>*سەردانی بنکەی مەشق و راهێنانی بنەسلاوە.<br>* سەردانی سنووری سحێلا دوای پێکدادانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەپەگە.<br>*سەردانی دەروازەی سێمالکا و پێشخابوور.<br>*جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەیاوەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەیان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *بڕیاردرا لیژنەیەکی لاوەکی پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوونی راهێنانی هێزی پێشمەرگە. |

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراكسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شاخەوان رئوف مستەفا | سەرۆك | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٢ | باڵانبۆ محەمەد عەلی | ج.سەرۆك | یەكێتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | حیكمەت محەمەد عبوزید | بڕیاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | رزگار عیسا سوار | ئەندام | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٥ | نزار عەبدولغەفار | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | موحسین حوسێن مستەفا | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٧ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | ئەندام | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٨ | هاوڕێ پەنا محەمەد | ئەندام | یەكێتی | ٢ | ٠ |
| ٩ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | ئەندام | یەكێتی | ٠ | ٠ |
| ١٠ | یاسین خزر تەها | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ١١ | كاوە عەبدولقادر حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | ٢ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەكراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەكراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار كە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار كە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | كۆبوونەوەكانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەكگرتن (پێشوازی) | ١ | *پێشوازیی لە شاندێكی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێم كرد. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٢ | *لەسەر داوای دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەكی هاوبەش پێكهێندرا، لەنێوان لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، بەمەبەستی سەردانیكردنی سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ بەدواداچوونی ئەو كێشانەی كەروویاندا. *جێگری سەرۆكی پەرلەمان بەیاوەریی شاندێكی لیژنەی ناوخۆ سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان كرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەكان | ٠ | |
| ١٠ | پێكهێنانی لیژنەی لاوەكی | ٠ | |

## خشتەی ژمارە ( ١٧ )

## لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولستار مەجید قادر | سەرۆك | كۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ٢ | شوان كریم محەمەد | ج. سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | سەفین ئاغا عومەر | بڕیاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | گولستان باقی سلێمان | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٥ | ئیحسان محەمەد سەلیم | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | هێرش حەسەن حەمەد | ئەندام | یەكێتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | عوسمان كەریم سوارە | ئەندام | یەكێتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | یاسین خزر تەها | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٩ | سیپان سالم حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | ٣ | ٠ |
| ١٠ | هەلەز ئەحمەد محەمەد | ئەندام | یەكگرتوو | ١ | ٠ |
| ١١ | جنان جبار بویا حسینی | ئەندام | (ه.ی.ن) | ٠ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەكراو | ١ | *پیشنیازە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان–عێراق). |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەكراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار كە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار كە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | كۆبوونەوەكانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەكگرتن (پێشوازی) | ٤ | *پێشوازی لەخاوەنی هەرسێ كارگەی گەورەی ساغكردنەوەی بەرهەمی پەتاتە.<br>* پێشوازی لە نوینەرانی جووتیارانی سەرگەڕان و پەلكانە .<br>*پێشوازی لەژمارەیەك خاوەن كێڵگەكانی پەلەوەر لەهەرێمی كوردستان.<br>*پێشوازی لە ژمارەیەك جوتیاری ناوچە جیاجیاكانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە ماف و شایستە داراییەكانیان. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە | ١ | * قۆرخكردنی هینانی سەماد بۆ چەند كۆمپانیایەكی دیاریكراو. |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٢ | *بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانی جوتیارانی هەرێم، شاندێكی لیژنە لە شاری بەغدا لەگەڵ (وەزیری كشتوكاڵی عیراق) كۆبوونەوە.<br>*بۆ گەیاندنی داواكاری و چارەسەركردنی كێشە كشتوكاڵییەكان، شاندێكی لیژنە لە شاری بەغدا لەگەڵ (سەركۆماری عێراق) و (وەزیری بازرگانی) عێراق كۆبوونەوە. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەكان | ٠ | |
| ١٠ | پێكهێنانی لیژنەی لاوەكی | ٠ | |

## خشتەی ژمارە (١٨)

## لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولسەلام عەبدوڵڵا حەسەن | سەرۆک | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | موسلیم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ | ج. سەرۆک | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٣ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | بڕیاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٥ | گولستان باقی سلێمان | ئەندام | پارتی | ٢ | ٠ |
| ٦ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | ڕاهی ڕەهبەر سەید برایم | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | ئەندام | گۆڕان | ٣ | ٠ |
| ٩ | ژیدان ڕەشیدخان ئاودەل | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ١٠ | هەلز ئەحمەد محەمەد | ئەندام | یەکگرتوو | ١ | ٠ |
| ١١ | فەرید یەعقوب ئیلیا گورگیس | ئەندام | ڕافیدەین | ٢ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٢ | *پێشنیازە یاسای پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان– عێراق.<br>* پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان. |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٤ | *پێشوازیی لە شاندی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، نوێنەری سێ یەکەمەکەی هەرێم، سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری، و بەڕێوەبەرەکانی (گشتیی دیوان، دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین، خوێندنی تایبەت، تەندروستی و سەلامەتی) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزیری پەروەردە و بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٨ | * سەردانی وەزیری خوێندنی باڵا، سەردانی وەزارەتی پەروەردە، سەردانی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، سەردانی کۆلیژی پۆلیتەکنیکی ئاکرێ، سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی، سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدین.<br>*جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە یاوەری شاندێکی لیژنە سەردانی هەریەك لە وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستیان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری پەروەردە<br>*بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٦ | *پێکهێنانی لیژنە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی پۆلی ١٢ ئامادەیی.<br>* کێشەی شایستە داراییەکانی مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەدین.<br>* بەدواداچوون و بۆ گرفتی قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.<br>* لیژنەیەکی لاوەکی پێکهێنرا بۆ بەدواداچوونی دەوامی زانکۆکان و کێشەکانیان.<br>*بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو کەم و کورییەکان، لیژنەیەکی لاوەکی زانکۆی پۆلیتەکنیکیان لە هەولێر بەسەرکردەوە. |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەباح مەحمود محەمەد | سەرۆک | (پ.د.ک) | ٠ | ٠ |
| ٢ | شایان کاکە ساڵح محەمەد | ج. سەرۆک | گۆڕان | ١ | ٠ |
| ٣ | ڕۆژان ئیبراهیم عەلی | بڕیاردەر | (پ.د.ک) | ٠ | ٠ |
| ٤ | زانا خالد سمایل | ئەندام | (پ.د.ک) | ١ | ٠ |
| ٥ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | ئەندام | (پ.د.ک) | ٠ | ٠ |
| ٦ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام | (پ.د.ک) | ١ | ٠ |
| ٧ | لوقمان حمد حاجی | ئەندام | (ی.ن.ک) | ٢ | ٠ |
| ٨ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا | ئەندام | (ی.ن.ک) | ٣ | ٠ |
| ٩ | جەلال محەمەد ئەمین | ئەندام | گۆڕان | ١ | ٠ |
| ١٠ | کازم فاروق نامیق | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | ٠ |
| ١١ | موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ | ئەندام | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | *بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی تەندروستی، گفتوگۆکرا لەسەر مادەی (٧)ی پرۆژە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێم.<br>* پێشوازی لە وەزیری تەندروستی و شاندی یاوەری . |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٧ | *شاندێکی لیژنە سەردانی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کرد.<br>*سەردانی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە سوتانی سنەوبەر و چیاکان.<br>* سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بازرگانیی هەرێم.<br>* سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی و ژینگەی دهۆک.<br>*سەردانی قایمقامیەتی هەولێر<br>*سەردانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.<br>*سەردانی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | وەزیری تەندرووستی. |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٣ | *سەردانیکردنی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو زاخۆ لەسەر دۆخی تەندروستی و پەتای کۆرۆناو گرفتە تەندروستییەکانی ئەم ناوچانە.<br>*بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێکی پەیوەندیدار بەدەرمان، لیژنەی لاوەکیی دەرمان، کۆبوونەوەی ئەنجامدا.<br>*لیژنەیەکی لاوەکیی سەر بەلیژنەی تەندروستی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنترۆل و دابەشکردنی دەرمانی کرد. |

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەوسەن محەمەد میرخان | سەرۆك | پارتی | • | • |
| ٢ | ژیان تاهیر ئەحمەد | ج.سەرۆك | پارتی | • | • |
| ٣ | هەژان حەسەن ئەحمەد | بڕیاردەر | یەکێتی | • | • |
| ٤ | بەهمەن کاك عەبدوڵڵا ئەحمەد | ئەندام | پارتی | ١ | • |
| ٥ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | ئەندام | پارتی | ١ | • |
| ٦ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولڕەحمان | ئەندام | پارتی | ١ | • |
| ٧ | ڕۆژان محەمەد کریم | ئەندام | یەکێتی | ٢ | • |
| ٨ | شاخەوان ڕەئوف مستەفا | ئەندام | گۆڕان | • | • |
| ٩ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | ئەندام | نەوەی نوێ | • | • |
| ١٠ | عوسمان عەلی سمایل | ئەندام | کۆمەڵ | ١ | • |
| ١١ | فاهیك کەمال سوغون | ئەندام | ئەرمەن | • | • |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٠ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | * پێشوازی لە سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و تەیمور عەبدوڵڵا تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵ و ژیان کامەران تاقانەی ونبووی ئەنفال.<br>* پێشوازی لە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بۆ گفتوگۆ لەسەر گرفتی شەهیدان و کەس و کاری ئەنفال و زیندانی سیاسی. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٤ | *سەردانی مەیدانیی لیژنەکە، بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی شەهیدان، لەپارێزگاکانی هەرێم.<br>*سەردانی وەزارەتی پێشمەرگە، بە مەبەستی گفتوگۆی لەبارەی گۆڕانکارییەکانی پرسی چاکسازی لەوەزارەتی پێشمەرگە و گۆڕانکاری لەلیستی خانەنشینان و شەهیدان .<br>*جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەیاوەری لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی، سەردانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کرد.<br>*شاندێکی لیژنە سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان. |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | بۆ بەشداریکردنیان لەدووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی تایبەت بە (ماستەرو دوکتۆرا) لە (زانکۆی سۆران) بۆ کوڕ و کچی شەهیدان. |

**خشتەی ژمارە ( ٢١ )**

**لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵلا | سەرۆک | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا | ج. سەرۆک | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٣ | ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵلا | بڕیاردەر | یەکگرتوو | ٠ | ٠ |
| ٤ | ژیان تاهیر ئەحمەد | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٥ | چیا حەمید شەریف | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | زیاد جەبار محەمەد | ئەندام | یەکێتی | ٢ | ٢ |
| ٨ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ئەندام | گۆڕان | ٢ | ٠ |
| ٩ | سیروان فەرج محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | ٢ | ٠ |
| ١٠ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | ئەندام | (پ.گ.ت) | ٠ | ٤ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پڕۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پڕۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پڕۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پڕۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٩ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٣ | *لە دیدارێکی ئۆنلایندا لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی و گرووپی (APPG)ـی پەرلەمانی بەریتانیادا جەخت لەسەر بەستنی پەیوەندی و هەماهەنگی دوولایەنە کرایە و نەخشەڕێگای بەستنی پەیوەندی پەرلەمانییش لەنێوان لێژنەی پەیوەندییەکان و لێژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا گفتوگۆی لەبارەوە کرا.<br>*بەمەبەستی تاووتوێکردنی ڕەوشی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەو گەیاندنی سکاڵای ڕەوەندی کوردستانی، لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی، لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم کۆبووەوە.<br>*پێشوازی لە وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٢ | * سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم.<br>* سەردانی کۆنسوڵی تازەی وڵاتی ئەڵمانیا . |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٠ | |

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوان یونس مەحمود | سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | جەمال حەوێز مستەفا | ج. سەرۆك | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | بڕیاردەر | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | مەم ئەسکەندەر مەم | ئەندام | پارتی | ١ | ١ |
| ٥ | هەدیە موراد حەیدەر | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٦ | لیزا فەلەکەدین کاکەیی | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | شیرین ئەمین عەبدولعەزیز | ئەندام | گۆڕان | ١ | ٠ |
| ٨ | گۆران عومەر عەلی | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٩ | سیروان فەرەج محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | ٢ | ٠ |
| ١٠ | محێدین حەسەن یوسف | ئەندام | ئازادی | ١ | ٠ |
| ١١ | روبینە ئوملیك عزیز | ئەندام | (هـ.ی.ن) | ٠ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١ | *بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنی شنگال و دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێشوازی کرا لە وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری هەرێم و ناوەند و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٠ | |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٤ | *وەزیری ناوخۆ<br>*وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووسان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.<br>*وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن<br>*سەرۆکی گشتیی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٠ | |

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی حەمە ساڵح تەها | سەرۆکی | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٢ | گوڵیزار رەشید حاجی | ج. سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | سەرکۆ ئازاد حوسێن | بڕیاردەر | یەکێتی | ١ | ٠ |
| ٤ | پێشەوا تاهیر مستەفا | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٥ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٨ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٩ | عومەر عەبدوڵلا فەتاح | ئەندام | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ئەندام | یەکگرتوو | ١ | ٠ |
| ١١ | جنان جبار بویا | ئەندام | (هـ.ی.ن) | ١ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٦ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | *پێشوازی لە وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم، بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەپرس و هەنگاوەکانی چۆنیەتیی بەتایبەتکردنی کارەبای نیشتمانی و دڵنیابوون لەگراننەکردنی نرخەکەی لەسەر هاووڵاتییان . لەکۆبوونەوەکەدا تاووتوێی راپۆرتی دیلۆیت کراو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە راو سەرنج و تێبینیی خۆیان لەسەر راپۆرتەکە خستەڕوو و بڕیاردرا بەراپۆرتێك تەواوی تێبینی و سەرنج و پێشنیازەکان ئاراستەی وەزارەتی سامانەسروشتییەکان و ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بکرێت بەمەبەستی وەرگرتنەوەی وەڵامەکانی لیژنەکە. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١ | *بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی داخستنی کارگەکانی هەرێم، سەردانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم. |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | | |

**خشتەی ژمارە ( ٢٤ )**

**لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تـا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لوقمان حەمەد حاجی | سەرۆك | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | رزگار عیسا سوار | ج. سەرۆك | پارتی | ١ | ٠ |
| ٣ | نزار عەبدولغەفار | بریاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | نجات شعبان عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٥ | زێدان رەشیدخان ئاودەل | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | محێدین حەسەن یوسف | ئەندام | ئازادی | ٢ | ٠ |
| ٧ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | رزگار محەمەد مەحمود | ئەندام | گۆڕان | ٢ | ٠ |
| ٩ | سیپان سالم حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | ٤ | ٠ |
| ١٠ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | ئەندام | یەکگرتوو | ١ | ٠ |
| ١١ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | ئەندام | کلدانی | ٣ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ١ | *پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان. |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پـرۆژە و پێشـنیازە یاسـا و بریـار کـە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پـرۆژە و پێشـنیازە یاسـا و بریـار کـە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٤ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٨ | * پێشوازی لە شـاندێکی وەزارەتـی شـارەوانی بـە مەبەسـتی لیکۆلینـەوە لەکێشـەی بەسـتنی پێوەری ئاوی ماڵانو گرێبەستی کۆمپانیاکانی زبڵو خاشاك.<br>*پێشـوازی لەبەڕێوبـەری گشـتیی ئـاو و ئـاوەڕۆی هـەرێمی کوردسـتان و بەڕێوبـەرانی ئـاوی پارێزگاکانی هەرێم و ستاڤ وەزارەتی شارەوانی.<br>*پێشوازی لە ژمارەیەك لەدانیشتوانی گوندی کۆری لەشاری هەولێر بەمەبەستی گەیاندنی چەند کێشەیەکی گەرەکەکەیان.<br>* پێشوازی لە سەرۆکی شارەوانییەکان، بەڕێوەبـەری گشـتیی شـارەوانیی پارێزگاکـان، ئیـدارە سەربەخۆکان، نوێنـەری دیوانی وەزارەتـی شـارەوانی، بەربەسـتەکانی بـەردەم جێبـەجێکردنی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لەسنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆیيان کراوەتە سەر .<br>*پێشوازی لە وەزیری گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێم.<br>*پێشوازیی لە شاندێکی کۆمەڵەی گەشتوگوزارناسانی کوردستان.<br>*پێشوازی لە سەرۆك و بەڕێوەبەرانی گشتی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی هێڵەکانی مۆبایـل و ئینتـەرنێت و هێڵـەکانی گواسـتنەوە، شاندێکی لیژنە سەردانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنیان کرد |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٦ | *سەردانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.<br>*سەردانی سـەرۆکایەتیی شـارەوانی هـەولێرو بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی وەبـەرهێنانی هـەولێر سەرۆکایەتیی شارەوانی دووی هەولێر.<br>*جێگری سەرۆکی پەرلەمان بـەیاوەری شـاندێکی لیژنـە سـەردانی هـەر یـەك لـە وەزارەتـەکانی (گواستنەوەو گەیاندن) و (شارەوانی) یان کرد.<br>*بەمەبەستی دەربرینی پشتیوانی سەردانی گردبوونەوەی هاوڵاتیانی خاوەن زەوییەکانی کەرتی ٨ی حەسارۆك–یان لە هەولێر کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *کێشەی بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان و گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی زبڵ و خاشاك. |

**خشتەی ژمارە ( ٢٥ )**

**لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هاوڕێ پەنا محەمەد | سەرۆك | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ج.سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | زاهیر محەمەد عەلی | بڕیاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | بەهمەن کاك عەبدوڵڵا ئەحمەد | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٥ | شوان کریم محەمەد | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٦ | سەفین ئاغا عومەر | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٨ | دابان محەمەد حوسێن | ئەندام | گۆڕان | ٢ | ٠ |
| ٩ | هەورامان حەمە شەریف | ئەندام | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ١٠ | مژدە مەحمود محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٣ | *پێشوازی لە بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەری وەبەرهێنان لەئیدارەی گەرمیان و یەکێتی مامۆستایان و ژمارەیەك مامۆستا سەبارەت بە کێشەی گوندی مامۆستایان.<br>*پێشوازی لە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.<br>پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەران و بەڕێوەبەری گشتیی بانکە پسپۆڕییەکان لەوەزارەتی دارایی و ئابووری و شاندێکی یاوەریان سەبارەت بە قەرزی نیشتەجێبوون. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٢ | *سەردانی ڕێگەی سەرەکی نێوان دهۆك–هەولێری کرد.<br>*دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٠ | |

## خشتەی ژمارە ( ٢٦ )

## لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلمە فاتیح تۆفیق | سەرۆك | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | جەلال محەمەد عبدللە | ج. سەرۆك | پارتی | ١ | ٠ |
| ٣ | موحسین حوسێن | بریاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | پێشەوا تاهیر مستەفا | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٥ | گوڵێزار رەشید حاجی | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | فەیسەڵ عەباس عەولا | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | گۆران عومەر عەلی | ئەندام | گۆران | ٠ | ٠ |
| ٨ | مەم بورهان قانع | ئەندام | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ |
| ٩ | روپاك ئەحمەد رەحمان | ئەندام | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | ئەندام | میللەت | ٠ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٩ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١٢ | *پێشوازی لە هەریەکە لە بەڕێوبەری جێبەجێکارو ڕاوێژکارێکی یاسایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.<br>* پێشوازی لە سەرۆك و ستاف ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پارێزگاکانی هەرێم.<br>*پێشوازیی لە سەرۆکی دەستەی دەستپاکی .<br>* پێشوازی لە شاندێکی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.<br>*گفتووگۆ لەگەڵ بەشێك لە رێکخراوەکانی هەولێر.<br>*پێشوازی لە هاوسەرۆکانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوای کوردستان.<br>*پێشوازی لە سەرۆك و ستاف یەکێتی ناوەندی باسکەی کوردستان.<br>*پێشوازیی لەشاندێکی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان.<br>*پێشوازیی لە بەڕێوبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەریی تورکمانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری.<br>*بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لیژنە لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و نوێنەری بەشێك لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبووەوە.<br>*پێشوازیی لە نەقیب و ستاف سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.<br>*بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر کارکردن و کاراکردنەوەی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لیژنە لەهۆڵی پەناگیری لەتەلاری پەرلەمان دیدارێکی کراوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەپەرلەمانتارانی خولەکانی پێشوو و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپارێزگاکانی هەرێم سازکرد |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *بەدواداچوون بۆ برە بودجەی تەرخانکراوی کارگەی کلتوری سلێمانی و پایتەختی ڕۆشنبیری. |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٣ | *سەردانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ بەشێك لەستاف ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپارێزگاکە .<br>*سەردانی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان.<br>*سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | * بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر دۆخی لاوان لەهەرێم، سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانیان. |

**خشتەی ژمارە ( ٢٧ )**

**لیژنەی دەستپاکی لە خولی پاییزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شیرین ئەمین عەبدولعەزیز | سەرۆك | گۆڕان | • | • |
| ٢ | سەعید مستەفا تەتەرخان | ج. سەرۆك | پارتی | • | • |
| ٣ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | بڕیاردەر | پارتی | ١ | • |
| ٤ | ئومێد عەبدولڕەحمان حەسەن | ئەندام | پارتی | • | • |
| ٥ | لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ | ئەندام | پارتی | • | • |
| ٦ | وەیسی سەعید وەیسی | ئەندام | پارتی | • | • |
| ٧ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵڵا | ئەندام | یەکێتی | • | • |
| ٨ | دابان محەمەد حسین | ئەندام | گۆڕان | ١ | • |
| ٩ | مژدە مەحمود محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | • | • |
| ١٠ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | ئەندام | یەکگرتوو | • | • |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٨ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | *پێشوازی لە رێکخراوی ستۆپ کە راپۆرتێکیان سەبارەت بەهەنگاوەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی ئاراستەی لیژنەی دەسپاکی کرد.<br>*پێشوازی لە رێکخراوی چەلەنگ، گفتوگۆ لەسەر دۆسیەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری کە گرێبەستیان لەگەڵ دوو کۆمپانیا (پاپە گرووپ، هەڵمەت) ئیمزا کردبوو بەمەبەستی کۆکردنەوەو گواستنەوەی زبڵ و خاشاکی هەردوو حەوزی سۆران و کۆیە، کە لەسنووری قەزاکانی (کۆیە، سۆران، رواندز، مێرگەسوور، چۆمان) لەگەڵ قەزای شەقڵاوە شارۆچکەکانی دەوروبەری پێکدێت. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *بەدواداچوون بۆ پرسی ناردنە دەرەوەی بڕی شەش ملیار یۆرۆ لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی ئابوور |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١ | *جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بە یاوەری لیژنەی دەسپاکی سەردانی دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستانیان کرد. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو زەوییەی کەدەکەوێتە هەولێر شەقامی ٤٠ مەتری لە گەڕەکی ئازادی کەپێشتر ئەو زەوییە سەوزایی و یاریگاو فەرمانگە بووەو لەئێستادا کراوەتە زەوییەکی بازرگانی. |

**خشتەی ژمارە ( ٢٨ )**

**لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیسماعیل عەلی تەها | سەرۆك | یەکگرتوو | ٠ | ٠ |
| ٢ | چیا حەمید شەریف | ج.سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٣ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | بریاردەر | پارتی | ١ | ٠ |
| ٤ | سەروان محەمەد عەلی | ئەندام | پارتی | ٢ | ٣ |
| ٥ | خەدیجە عومەر تەها | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | سەوسەن محەمەد میرخان | ئەندام | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٧ | هەژان حەسەن ئەحمەد | ئەندام | یەکێتی | ٢ | ٠ |
| ٨ | راهی رەهبەر سەید برایم | ئەندام | یەکێتی | ١ | ١ |
| ٩ | شایان کاکە ساڵح محەمەد | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ١ |
| ١٠ | هیمداد سەباح بیلال | ئەندام | بەرەی تورکمانی | ٢ | ٠ |
| ١١ | فەرید یەعقوب ئیلیا گورگیس | ئەندام | رافیدەین | ١ | ٢ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٦ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٠ | |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *لێکۆڵینەوە لەهۆکاری دواکەوتنی پرسیارو وەڵامی پەرلەمانتاران. |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ٠ | |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *بۆ سەردانی نوسینگەکانی پەرلەمان لەپارێزگاو قەزاکان بکەن بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەشێوازی بەرێوەبردن و ئیشوکارەکانی ئەم نوسینگانە. |

**خشتەی ژمارە ( ٢٩ )**

**لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە خولی پایزە ( ٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەورامان حەمە شەریف | سەرۆکی | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ئیحسان محەمەد سەلیم | ج. سەرۆک | (پ.د.ك) | ٠ | ٠ |
| ٣ | وەیسی سەعید وەیسی | بڕیاردەر | (پ.د.ك) | ٠ | ٠ |
| ٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | ئەندام | (پ.د.ك) | ١ | ٠ |
| ٥ | هەدیە موراد حەیدەر | ئەندام | (پ.د.ك) | ١ | ٠ |
| ٦ | زاهیر محەمەد عەلی | ئەندام | (پ.د.ك) | ٠ | ٠ |
| ٧ | فەیسەڵ عەباس عەولا | ئەندام | (ی.ن.ك) | ٠ | ٠ |
| ٨ | هێرش حەسەن حەمەد | ئەندام | (ی.ن.ك) | ٠ | ٠ |
| ٩ | کازم فاروق نامیق | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | ٠ |
| ١٠ | ئیسماعیل عەلی تەها | ئەندام | یەکگرتوو | ١ | ٠ |
| ١١ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | ئەندام | ئاشووری | ١ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٢ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٥ | * پێشوازی چەند مامۆستاو کەسایەتیەکی ئاینی پێکهاتەی تورکمان.<br>* پێشوازی لە شاندی پێکهاتە ئاینیەکانی هەرێمی کوردستان .<br>* پێشوازی لە شاندێکی مەرجەعی گەورەی ئایەتولا سەید سادق حوسێنی شیرزای بەسەرۆکایەتیی شێخ مەیسەم عکاشی.<br>* پێشوازی لە وەزیری پەروەردە، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف کرد، ئامانجی گفتوگۆکە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی خوێندنی ئاینی لە هەرێمی کوردستان.<br>* لیژنە لەگەڵ لیژنەی باڵای بۆردی وتاری هەینی کۆبووەوە. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١٨ | *سەردانی شاندی لیژنە بۆ ئەو شوێنانە کراوە: (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، دەزگای گشتی کاروباری مین، قایمقامیەتی قەزای کۆیە، لقی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقاف قەزای کۆیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان لە شاری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەوقاف پارێزگای دهۆك، ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك، بەڕیوەبەرایەتی حەج و عومرە، بەڕیوەبەرایەتی ئەوقافی پارێزگای دهۆك، نوسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی ئێزدییان، ئیدارەی راپەڕین، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، قەزای سۆران، قایمقامی قەزای سۆران، لقی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی، بەریوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافەکانی چۆمان و مێرگەسۆر. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | وەزیری پەروەردە. |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٠ | |

**خشتەی ژمارە (٣٠)**

**لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆمیۆ حوزەیران نیسان | سەرۆک | (هـ.ی.ن) | ٠ | ٠ |
| ٢ | گولیستان سەعید محەمەد | ج. سەرۆک | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٣ | بەدریە ئیسماعیل مەحمود | بڕیاردەر | کۆمەڵ | ١ | ٠ |
| ٤ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | ئەندام | (پ.د.ك) | ٠ | ٠ |
| ٥ | لەیلا عەبدولجەبار حدۆ | ئەندام | (پ.د.ك) | ٠ | ٠ |
| ٦ | زانا خالید اسماعیل | ئەندام | (پ.د.ك) | ٢ | ٠ |
| ٧ | مەم ئەسکەندەر مەم | ئەندام | (پ.د.ك) | ١ | ٠ |
| ٨ | شیرین یونس عەبدوڵڵا | ئەندام | گۆڕان | ٠ | ٠ |
| ٩ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | ئەندام | (ی.ن.ك) | ٠ | ٠ |
| ١٠ | شادی نەوزاد وەهاب | ئەندام | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ |
| ١١ | هیمداد سەباح بیلال | ئەندام | بەرەی تورکمانی | ١ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٩ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٧ | *پێشوازی کراوە لە: شاندێکی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ، نوێنەری ناوەندی یاسا نێودەوڵەتیەکانو مافی مرۆڤ، ئەنجومەنی باڵای تالاسیمیای کوردستان، کەسوکاری بەندکراوێك. شاندێکی رێکخراوی جودال، بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازی و بەڕێوەبەرەکانی چاکسازی گەوران و منداڵان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١٩ | *سەردانی ئەم شوێن و دامودەزگایانە کراوە: ئیدارەی راپەرین و لیژنەی ئەمنی سنورەکە، پارێزگای هەڵەبجەو قایمقامیەتو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسو ئاسایشو هاتووچۆ، قایمقامیەتو ئاسایشی کەلار، کۆمەڵێك رۆژنامەنوسو چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بە کێشەو گرفتی نێوان رۆژنامەنووسانو چالاکیە مەدەنییەکانو دامودەزگا ئەمنیەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنانو منداڵانی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر، ماڵی بەساڵاچوان و خانەی بێسەرپەرشتانو بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێر، قایمقامیەتو بەڕێوەبەری پۆلیسو ئاسایشی زاخۆ، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری زاخۆ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس و ئاسایشی دهۆك، بەڕێوەبەرایەتی بەشی گرتن و گواستنەوەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی سلێمانی، خانەی بێسەرپەرشتانی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر.<br>*سەردانی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی هەرێمی کوردستان. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ، بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەو کێشانەی لە پارێزگای سلێمانی روویاندا. |

**خشتەی ژمارە (٣١)**

**لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرت لە خولی پایزە (٢٠٢٠/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولڕەحمان | سەرۆك | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٢ | شادی نەوزاد وەهاب | ج.سەرۆك | نەوەی نوێ | ٠ | ٠ |
| ٣ | جوان یونس مەحمود | بڕیاردەر | پارتی | ٠ | ٠ |
| ٤ | جەلال محەمەد عەبدوڵلا | ئەندام | گۆڕان | ١ | ٠ |
| ٥ | سەلمە فاتیح تۆفیق | ئەندام | یەکێتی | ٠ | ٠ |
| ٦ | گولیستان سەعید محەمەد | ئەندام | پارتی | ١ | ٠ |
| ٧ | بەدریە ئیسماعیل مەحمود | ئەندام | کۆمەڵ | ٠ | ٠ |
| ٨ | شیرین یونس عەبدوڵلا | ئەندام | یەکێتی | ١ | ٠ |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | ٠ | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٥ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٦ | |
| ٦ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٣ | *بەمەبەستی هەولدان بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم یەکسانی جێندەری و کۆتاییهێنان بەتوندوتیژی و جیاکاریی ڕەگەزی، لەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس کۆبۆوە.<br>*پێشوازیی لەشاندێکی ڕێکخراوی (NDI) بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر یاساکانی تایبەت بەپرسی ئافرەتان.<br>*بەمەبەستی ئاشناکردن و زیاتر زانیاری پێدان بەئەندامانی پەرلەمان و لیژنە، سەبارەت بەبودجەی جێندەری، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاندی ئەلایەنسی نێودەوڵەتی وۆرکشۆپێکی لەژێر ناوونیشانی دانانی بودجە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی/جێندەر، سازکرد |
| ٧ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٠ | |
| ٨ | سەردانی مەیدانی | ١ | *بەمەبەستی چاودێری و بەدواداچوون بۆ کەیسی کوشتنی دوو کچ، لەگەڵ قائیمقامی چەمچەماڵ کۆبوونەوە. |
| ٩ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٠ | |
| ١٠ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | * بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ زانینی ڕێژەی توندوتیژیی خێزانی لەپێش و دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناو دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی. |

## پاشکۆی ژمارە (١)

## دەقی وتەکانی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزە

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان....

هاووڵاتییانی ئازیزی هەرێمی کوردستان...

وەرزی دووەمی یاسادانان لەساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا دەکەینەوە کەمرۆڤایەتی بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی گیرۆدەی پەتایەکی کوشندەیە کەهەڕەشەیە لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی و بووەتەمایەی تووشبوون و گیانلەدەستدانی هەزاران کەس، بۆیە سەرەتاو دوای ئومێدی شیفا بۆ نەخۆشەکان و سەبووری و دڵنەوایی بۆ کەسوکاری کۆچکردووان و نزامان بۆئەوەی خوای گەورە قوربانییەکان بەبەهەشت شاد بکات، ئەرکمانە گوزارشت لەسوپاس و پێزانین و دەستخۆشیمان بۆ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی بکەین و داواکارین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کەئەرکی خۆی لەپێدانی ئیمتیازێکی شایستە بەو پزیشك و کارمەندانەی تەندروستی جێبەجێ بکات کە لەسەرەتاوە تائێستا لەسەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا شەونخونی دەکەن.

بەڕێزان...

تارادەیەك جیاواز لەمیللەتانی تر، کوردستانیان هاوکات لەگەڵ مەترسیی کۆرۆنا هەر زوو کاریگەری و لێکەوتەکانی کۆرۆناو دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕە جیهانییەکان و بڕینی پشکی هەرێم لەبودجەی فیدراڵی لەسەر دۆخی ژیانیان دەرکەوت و دووچاری نارێکی لەپێدانی مووچەو کەمکردنەوەی تەمویلی مووچەو سستبوونی بازاڕەکان بوونەوە، هەموو ئەمانەش بوونە بارگرانییەکی تری سەرشانی خێزانەکان، چ مووچەخۆران و چ کاسبکاران، بۆیە بەپێویستی ئەزانم چەند خاڵێك وەك ئەرکی پەرلەمان لەم قۆناغەدا بخەمە ڕوو:-

١-پشتیوانی لەشاندی دانوستانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کەڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لەچوارچێوەی ماف و ئەرکە دەستوورییەکان لەم قۆناغە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

٢- چڕکردنەوەی ئەرکی لیژنەکان و پەرلەمانتاران لەچاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کەژمارەیەیان زۆرو زەوەندەو تەنها بەجێبەجێکردنیان داهاتی نەوت، داهاتی دەروازەو خاڵە سنوورییەکان، داهاتی وەدەستهاتووی وەرگرتنی باج لەگەورە باجدەران و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی بواری پیشەسازیی نەوتی و ڕێکخستنەوەی تەواوی داهاتە ناوخۆییەکان، زۆر لەئێستا زیاتر دەبێت و دۆخ و گوزەرانی خەڵك و هەرێمەکەشمان دەباتە قۆناغێکی تر.

٣-هیچ خەرجییەك لەدەرەوەی یاسای بودجە بەشێوەی زانستی و پشتبەست بەسەنەدی قانوونی خەرج ناکرێت، بۆیە جگە لەوەی ئەرکی حکومەتە دوای (٧) حەوت ساڵ، پرۆژەیاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمان، ئەرکی پەرلەمانتاران و لیژنەکانیشە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بۆ ناردنی پرۆژەیاسای بودجە بکەن، لەبەرئەوەی ئەوە (٧) حەوت ساڵە پەرلەمان نەیتوانیوە یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی کەپەسەندکردنی بودجەیە جێبەجێ بکات.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان...

سەبارەت بەپرۆسەی تەشریع، بەڕێزتان وەکو فراکسیۆنەکان لەخشتەکانی تایبەت بەو پرۆژەو پێشنیازانە ئاگادارکرانەوە، کە لەهەردوو وەرزی (یەکەم)و (دووەم)ی ساڵی یەکەم، ئاراستەی سەرۆکایەتی کرابوون و لەڕۆژانی ڕابردووش خشتەکانمان بۆ ڕای گشتی لەسایتی فەرمیی پەرلەمان بڵاوکردەوە، بەڵام بەپێویستی ئەزانم کورتەیەك لەبارەیەوە بخەمەڕوو:-

تێبینی/ بە پێی ئەم خشتەیە:-

یەکەم/ کۆی پرۆژەیاساو بڕیارەکان (٦٥) پێشنیازو پرۆژەن.

دووەم/ (١٠) یان پەسەندکراون، (٥) یان لەڕێگەی یاساو بڕیارە پەسەندکراوەکان چارەسەرکراون، (٥) یان لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە ڕەتکراونەتەوە، (٧) یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکراونەتەوە.

سێ یەم/ واتا تەنها (٣٨) پێشنیازەیاساو بڕیار لەبەردەستی پەرلەمان ماوە بۆ کار لەسەرکردن.

چـوارەم/ (٢١) پێشنیازەیاسـاو بڕیـار پێویسـتیی بەپاڵپشـتیی دارایـی حکومـەت و ڕەزامەنـدیی دابینکردنـی تێچـووی خـەرجیی جێبەجێکردنی یاسا یان بڕیارەکەیە، یـان گۆڕینی هەیکەلـەی دامەزراوەیەکـەو پێویسـتیی بەڕەزامەندییـە، بـەڵام تائێسـتا ئەنجوومـەنی وەزیران ئەو ڕەزامەندییەی نەداوە.

پێنجەم/ (١٧) پێشنیازەیاساو بڕیار ئاڕاستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە هەمیشەییەکان کراوە-:

أ- (١٠) پێشنیازەیاساو بڕیار لای لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی-یـەو تائێسـتا بـەپێی مـاددەی (٧٩)ی پـەیڕەوی نـاوخۆ بڕیـار لەسـەر ئامادەکردنی بۆ خوێندنەوەی یەکەم نەدراوە.

ب- (٧) پێشنیازەیاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاڕاسـتەی لیژنـە هەمیشـەییەکان کـراوە بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپـۆرت و خوێندنەوەی (دووەم) بەڵام تائێستا سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین مانگ ئەو ڕاپۆرتانە ئامادە نەکراون.

تێبینی-:

١-بە پێی ئەم خشتەیە (١٤) پێشنیازەیاساو بڕیار، تایبەتن بەچارەسەری (٧) بابەت.

٢-بە پێی ئەم خشتەیە (٩) پێشنیازەیاساو بڕیار، تایبەتن بەچارەسەری (٣) بابەت.

بەگشتی (٢٣) پێشنیازەیاساو بڕیار، هەرچەندە لـەڕووی ژمـارەوە (٢٣) دانـەن، بـەڵام بەمەبەسـتی چارەسـەری یاسـایی تـەنها (١٠) بابەت ئاڕاستە کراون و هاوشێوەن.

بەڕێزان...

سەبارەت بە وەرزی (یەکەم)ی ساڵی دووەم، بەداخەوە بەهۆی کەرەنتین و خۆپارێزی و دۆخی تایبـەتی پەرلـەمان، وەرزەکـەمان لـە ڕووی تەشریعەوە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بەڵام هەر لەو وەرزە توانیمان بـە ئامـادەبوونی (٨) هەشـت وەزیـر، بـەپێی مـاددەی (٦٦) چـەندین دانیشـتن بـۆ خسـتنە ڕووی بابـەتی گشـتی بـۆ گفتوگـۆی نێـوان پەرلـەمان و حکومـەت ئـەنجام بـدەین، و تـەنها دوو یاداشـتی پەرلەمانتاران لەم وەرزە دانیشتیان بۆ ئەنجام نەدراوە، یەکێکیان تایبەت بوو بە ئەنجامـدانی دانیشـتن لـە پارێزگـای هەڵەبجـە لـە ٣/١٦ بەڵام بەداخە ئەوکات بڕیاری کەرەنتینی گشتی دراو بۆ خۆپارێزی کۆبوونەوەو گردبوونـەوەکان قەدەغـەکران و نـەمانتوانی ئـەو دانیشـتن گرنگە ئەنجام بدەین.

ئەوی تریش تایبەت بـوو بـە بابـەتی دۆخـی کرێنشـینان و لەلایـەن ژمارەیـەك لـە پەرلـەمانتاران واژۆکرابـوو، بـەڵام داوامـان لێکـردن چارەسەرێك بۆ ئەو بابەتە بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی دانیشتنێکی بەرهەمدارمان هەبێت، بۆیـە هیـوادارم، لـەم وەرزە بتـوانین قـەرەبووی ئـەو کاتانـە بکەینـەوە کـە لـەوەرزی یەکـەمی سـاڵی دووەم لەدەسـتمان چـوو، بـۆ ئـەوەش داوا لـە لیژنـەکانی پەرلـەمان دەکـەم هاوکـاری سەرۆکایەتی بن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پێشنیازە یاساکان و چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت.

لە کۆتاییدا ئاواتە خوازین کە کوردستانیان لەش ساغ و تەندروست باش بن، وە کوردستانیش گەشەسەندو ئاوەدان بێت.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

**هەڵوێستی بەشێك پەرلەمانتاران لەسەر دۆخی ئەمڕۆی کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پەکخستنی پەرلەمان**

جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەو گەنجە غەدر لێکراوانەی بە ناهەق لە خۆپیشاندانەکاندا و لەسەر داواکردنی مافە ڕەواکانیان شەهیدکران، خۆپیشاندەرانی ئازیز..

ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستان، وێڕای سوربوونمان لەسەر یەکدەنگیی و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پێداگریمان لەسەر باشکردنی ژیان و گوزەرانیان و هەروەها چارەسەرکردنی قەیرانی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەم ڕاگەیاندراوە فەرمییە، هەڵوێستی خۆمان بۆ ڕایگشتیی کوردستان ڕادەگەیەنین:

١- سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم خەمساردن لە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە دروستکراوانەی خۆیان بونەتە ئەندازیاری دروستکردنی و هەرێمی کوردستانیان نغرۆی کارەساتی گەورەی دارایی و ئابوریی کردوە، کەچی هێشتا بەردەوامن لە برسیکردنی خەڵك و ناشەفافییەتی داهاتەکانی نەوت و شاردنەوەی گرێبەستەکان و قاچاچچێتیی لە سنورەکاندا، لەکاتێکدا ڕۆژانە گەنجی غەدر لێکراو و بێکاریش بە گوللە شەهید دەکرێن.

٢- ئێمە دژی توندوتیژین، بەڵام کە گەیشتە توندوتیژیی، خوێنی مرۆڤێکمان زۆر لا پیرۆزتر و گەورەترە لە پەنجەرە و دەرگای بارەگایەکی حزبیی و، دەبێت بەرپرسانی حزبیی و حکومیی، بەرپرسانەتر مامەڵە لەگەڵ ناڕەزاییەکانی شەقام دا بکەن، ئەم خوێنڕشتن و توندوتیژیە کۆتایی پێبهێنرێت، و داوایش لەهێزە ئەمنییەکان دەکەین، خۆپیشاندەرانیش ڕۆڵەی ئەم هەرێمەن و ئەو غەدرەی لەوان کراوە و لەسەری دێنە سەر شەقام، هەمان غەدر لەئێوەیش کراوە، بۆیە لولەی تفەنگەکانتان لە بەرانبەریاندا رامەگرن.

٣- داواکارین لە سەرجەم حزبەکان، لەو شار و شارۆچکانەدا کە گرژیی و ئاڵۆزییان تێدایە، بارەگاکانیان چۆڵبکەن و خۆیان بەدووربگرن لە ڕووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندەران و نەهێڵن ئاگری خۆپیشاندانەکان زیاتر پەرەبسێنێت.

٤- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یاداشتێك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەوەی بەزووترین کات کۆببینەوەو حکومەت بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی حکوحەت مولزەم بکرێت چاکسازی ڕیشەیی بکات لە دۆسیەی نەوت و گەندەڵیی و قاچاچچێتیی و دۆسیەی باج و کۆمپانیاکاری و چارەسەری ڕیشەیی کیشەی موچەی فەرمانبەران و ڕێکەوتنی فعلی لەگەڵ حکومەتی ناوەند و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران.

٥- داوا لە خۆپیشاندەران دەکەین، شێوازی ئاشتییانە بگرنە بەر بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانیان، وەك چۆن دەربڕینی ناڕەزایی، مافێکی پیرۆزە و پشتیوانییان لێدەکەین، داوا دەکەین خۆیان بپارێزن لە توندوتیژیی و سوتاندنی شوێنە گشتییەکان، کە موڵکی گشتین.

جەماوەری دڵسۆزی کوردستان..

بەڵێنتان بۆ دووپاتدەکەینەوە هەمیشە پشتیوان دەبین بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانتان و هەموو ڕێکارێکی پەرلەمانی و مەدەنی لەم پێناوەدا دەگرینە بەر، بڕیارماندا بە مانگرتن لە پەرلەمانی کوردستان لە پێناو ئامانجی خۆپیشاندەران و چاکسازی گشتگیرو ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان.

لە پشتیوانیکردنی ناڕەزاییەکان بەردەوام دەبین، تا ئەوکاتەی ئاسۆیەکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی کوردستان دەردەکەوێت و پەرلەمان کارادەکرێتەوە و کۆتایی بەم دۆخە نەخوازراوە دەهێنرێت.

داوادەکەین سەرجەم پەرلەمانتاران پشتیوانی خواستی دەنگی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان بکەن .

**بەشێك پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان**

**٩/ ١٢/ ٢٠٢٠**

## پاشکۆی ژماره (٣)

### یادداشتی ئینستتیوتی پەی

## پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە
## پوختەی کارو چالاکییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ ی قەیران و کۆرۆنادا

ساڵی ٢٠٢٠ لە جیهان بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەت، ساڵی قەیران و نەهامەتی و گرژی و ئاڵۆزی بوو، قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، تەندروستی، پەروەردەیی و کۆمەلایەتی تەشەنەی سەندبوو، بار و گوزەرانی هاولاتیان سەخت بوو و ئەگەر وابڕوات بەرەو خراپتریش دەچێت، کەشی سیاسی گرژبوو، جا چ لەنێوان هیز و لایەنە کوردستانیەکان بێت یا لەنێوان هەولێر و بەغدا، یا لەگەل ولاتانی دەوروبەر، ڤایرۆسی کۆڤید–١٩ بڕستی لەبەر هاولاتیان بڕیبوو و پەکی هاتووچۆ و کارو کاسبی خستبوو، پرۆسەکانی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی بالا پەکیان کەوتبوو و تا ئێستاش دەستیان پێ نەکردۆتەوە، بەهەدەردانی سامان و داهاتی ناوخۆ زۆر و زۆرتر بوو لەلایەن هێزە بالاّ دەستەکان و کۆمپانیاو گروپەکانیانەوە. ئەمانەو چەندان قەیران و بابەتی تر کە بەرۆکی خەلکی کوردستانی گرتبوو، ئەوەی دەبوایە رۆڵی هەبێت و جێدەستی بەسەر روداوەکانەوە دیار بێت پەرلەمانی کوردستانە کە پێویست بوو وەك لەیاسادا هاتووە مەرجەعی بالاّ بێت، نەك سەرقاڵی کاری لابەلا بێت.

ئێمە وەك (**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**) کە ماوەی حەوت ساڵە بە هاوکاری و پشتیوانی رێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پالپشتی دیموکراسی (NED) ی ئەمەریکی (**پرۆژەی چاودێری و هەلسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان**)مان گرتۆتە ئەستۆ و تا ئێستا (١٦) راپۆرتمان لەسەر بلاوکردۆتەوە،بەمەبەستی دروستکردنی فشاری مەدەنی و راستەڕێ کردنی کاری پەرلەمانی و پێگەیشتنی پرۆسەی دیموکراسی و هێنانەکایەی کۆمەلێکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی رۆڵی پەرلەمانی کوردستان وەك خۆی و روونتر بۆ هاولاتیان بخەینە روو، لەم کورتە راپۆرتەدا تەنها بە ژمارە باس لە پەرلەمان دەکەین لەماوەی یەك ساڵی رابردوودا، کە ئاخۆ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵساوە وەك مەرجەعێکی بالاّ، یاخود رۆڵی پەراوێز خراوەو سەرقاڵ کراوە بەکاری لابەلا!؟

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**
**٢٠٢٠/١٢/٣١**

# پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە

| ز | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراوە | 16 | بەپێی پەیرەو پێویست بوو لەو ماوەیەدا کە دوو خولی گرێدانی (پایزە) و (بەهارە) لەخۆدەگرێت، (٧٠) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام بدات، ئەمە جگە لە کۆبوونەوەی نائاسایی کە لەکاتی پشووەکاندا دەکرێت. |
| ٢ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە دواخراوە | 4 | بەهۆی ململانێی سیاسی و لاوازی دەستەی سەرۆکایەتیەوە کۆبوونەوەکان دواخراون. |
| ٣ | کاتژمێری دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان | 59:00 | پەرلەمان لەماوەی ساڵێکدا تەنها پەنجاو نۆ کاتژمێر کۆبۆتەوە، لەڕابردوودا کۆبوونەوە هەبووە نیو کاتژمێر و کۆبوونەوەش هەبووە دە کاتژمێری خایاندووە، ئەگەر وەك نەریتێك وەربیگرین و هەر کۆبوونەوەیەك تەنها (٣) کاتژمێری بۆ دابنرێت، پێویست بوو بەلای کەمەوە لەماوەی ئەم ساڵەدا پەرلەمان (٢١٠) کاتژمێر کۆ ببێتەوە، ئەمە جگە لە کاتژمێری کۆبوونەوە نائاساییەکان ئەگەر بکرابووایە. |
| ٤ | ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی پەرلەمان | 168 | لە کۆی ئەندامان لە کۆبوونەوەکاندا (١٦٨) جار ئامادەنوبوونی ئەندامان تۆمار کراوە، جا بەهۆی ئامادەنەبوونەکە بەهۆی (غیاب)ەوە بووبێت، یا مۆڵەت یا بایکۆت، بەلام ئەو ژمارەیەی بەردەستە تەنها ئامادە نەبوونی (١٢) کۆبوونەوەیە، ژمارەی ئامادە نەبوونی (٤) کۆبوونەوەی تیانیە چونکە لەبەردەست نەبوو و سەرۆکایەتی راینەگەیاندووە.<br>سەبارەت بە ناوی ئەوانەی ئامادە نەوبوون لە کۆبوونەوەکان هەمووی لە پێگەی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان (www.payied.org) لەبەشی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران هەیە. |
| ٥ | ژمارەی پرۆژەی یاسا و بریار کە خوێندنەوەی بۆ کراوە. | 9 | سەرباری ئەو کێشەو گرفتانەی هەن،سەرباری بوونی کەلێنی یاسایی لەهەرێمی کوردستاندا، ژمارەیەکی کەم پرۆژە یاساو بریار خوێندنەوەیان بۆ کراوە. ژمارەیەك پرۆژە یاساش هەیە ئەندامان پێشکەشیان کردووە بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی بۆ نەکردووە. |
| ٦ | ژمارەی یاسا کە پەسەند کراوە | 5 | لە ماوەی ساڵێکدا تەنها ئەو پێنج یاسایە پەسەند کراون:<br>١-یاسای ژمارە (١)ی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرو کارتێکەرە عەقلیەکان لەهەرێمی کوردستان عێراق.<br>٢-یاسای ژمارە (٢)ی چاکسازی لەموچەو دەرماڵەو بەخشین وئیمتیازاتەکان وخانەنشینی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.<br>٣-یاسای ژمارە (٣)ی رێگریکردن لەبەقاچاخ بردنی نەوت و گاز ولێدەرهێنراوەکانیان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.<br>٤-یاسای ژمارە (٤)ی یاسای ماف وئەرکەکانی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان-عێراق.<br>٥-یاسای ژمارە (٥)ی یاسای لەئەستۆکردن لەهەرێمی کوردستان. |
| ٧ | ژمارەی بریار کە پەسەند کراوە | 2 | لەماوەی ساڵێکدا تەنها ئەم دوو بریارە پەسەند کراوە کەتایبەت بە بابەتی کارگێری پەرلەمان نەبن:<br>١-بریاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠: بریاری بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لەهەرێمی کوردستان.<br>٢-بریاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠: سەبارەت بە چۆنیەتی پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و بریار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە |
| ٨ | هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار | 1 | بەپێی بریاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار (سۆران عومەر سەعید) هەلگیراو بەناچاری دەستی لەکار کێشایەوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر | 0 | هیچ وەزیرێك متمانەی لێنەسەنراوەتەوە. |
| ١٠ | داوای پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | 2 | لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە (٢) جار داوای پرساندنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کرا. |
| ١١ | ئامادە بوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ لێپرسینەوە | 0 | سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کاتێك بانگهێشتکران بۆ لێپرسینەوە ئامادە نەبوون بچنە بەردەم پەرلەمان. |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | 14 | بە هۆکاری جیاو لەکاتی جیاجیادا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە داوای ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت و جیگرەکەی و وەزیرەکان کراوە. |
| ١٣ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەلاَم ئامادە نەبوون | 9 | نۆ لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران (سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرەکان) بەدەم بانگهێشت و داواکاری ئەندامانەوە نەچوون و لەپەرلەمان ئامادە نەبوون. |
| ١٤ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکانی لیژنە | 16 | لە کۆی (٢٣) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران ، لەماوەی ساڵێکدا (١٦) جار وەزیر لە کۆبوونەوەی لیژنەکان وەك میوانداری ئامادەبوون، ئەمە لەکاتێکدا وەزیر هەیە چەند جارێك ئامادە بووەو وەزیریش هەیە تا ئێستا لە کۆبوونەوەی هیچ لیژنەیەك ئامادە نەبووە. |
| ١٥ | ئەندامی پەرلەمان پەلاماری دراوە | 8 | لە گرژی و خۆپیشاندانەکاندا هەشت پەرلەمانتار پەلامار دراون. |
| ١٦ | پەسەندکردنی بودجە | 0 | حەوت ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمان پەسەند نەکراوە. |
| ١٧ | ژمێرەی کۆتایی | 0 | نۆ ساڵە ژمێرەی کۆتایی نەچۆتە پەرلەمانی کوردستانەوە. |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان لە حکومەت | **بەردەست نیە** | ژمارەی پرسیاری ئەندامان بەردەست نیە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان شەفاف نیەو ئەو داتایانە ناخاتە بەردەست، بەلام بەپێی وتەی ئەندامان و خودی سەرۆکی پەرلەمانیش زۆرینەی پرسیارەکانی ئەندامان لەلایەن حکومەتەوە وەلام نادرێنەوە. بۆ نمونە سەرۆکی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٢٠/٣/١ی پەرلەماندا وتی:"لەئێستادا زیاتر لە ١١٥ پرسیاری پەرلەمانتاران کە ئاراستەی ئەندامانی کابینەی وزاریی حکومەتی هەرێم کراون وەڵامنەدراونەتەوە". |
| ١٩ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | 165 | لە ماوەی ساڵێکدا بەهەر (١٩) لیژنەی پەرلەمان تەنها (١٦٥) کۆبوونەوەیان کردووە، لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو بەلای کەمەوە پێویست بوو بە هەر نۆزدە لیژنەکە لەماوەی ئەم ساڵەدا (٤٥٦) جار کۆبونەوە بکەن. |
| ٢٠ | ژمارەی بەشدارینەکردنی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان | 313 | رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکان بەبەراورد لەگەل کۆبوونەوەکان زۆرە، کە لە (١٦٥) کۆبوونەوەدا (٣١٣) ئامادەنەبوون تۆمار کراوە. |
| ٢١ | کۆی گشتی ئەندامان کە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان قسەیان کردوە | **بروانە خشتەکەی تر** | بۆ وردەکاری ئەم بابەتە بروانە ئەو خشتەی تایبەتە بە ژمارەی قسە کردنی ئەندامان، ئەندام هەیە لەساڵێکدا هیچ قسەیەکی نەکردووە. |
| ٢٢ | راپۆرتی نوسراو لەسەر پرۆژە یاساو بریار | 11 | بە هەموو لیژنەکانەوە تەنها (١١) راپۆرتیان لەسەر پرۆژە یاساو بریارەکان نوسیوە. |
| ٢٣ | راپۆرت کە پێویست بوو لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان بینوسن بەلام نەیان نوسیوە | 22 | پێویست بوو بە کۆی لیژنەکان لەو ماوەیەدا (٣٣) راپۆرت بنوسن و پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، بەلام تەنها (١١) راپۆرتیان نوسیوەو (٢٢) راپۆرتیان پشتگوێ خستووە. |
| ٢٤ | راگەیەنراوی پیرۆزبایی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە بابەتی جیاجیا دەریکردووە | 93 | دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەك راگەیەنراو لەسەر ماڵپەری فەرمیی خۆیو لە راگەیاندنەکاندا (٩٣) جار پیرۆزبایی لە جەژنەکانی سەری سال و رەمەزان و قوربان و جەما و رۆژی ئالا و جەژنەکانی تر و پیرۆزبایی دامەزراندنی حزب و رێکخراوەکان و بابەتی تری لەم جۆرەی کردووە. |
| ٢٥ | راگەیەنراوی پرسەنامەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە کۆچی دوایی کەسانی جیاجیا | 76 | دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەك راگەیەنراو لەسەر ماڵپەری فەرمیی خۆی و لە راگەیاندنەکاندا (٧٦) جار پرسەو سەرەخۆشی لە هەندێك لەو کەسایەتیانەی کۆچی دواییان کردووە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ڕاگەیەنراوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە کێشەی (PKK) و هێرشی تورکیا | 4 | دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەك ڕاگەیەنراو لەسەر ماڵپەڕی فەرمیی خۆی و لە ڕاگەیاندنەکاندا (٣) ڕاگەیەنراوی تایبەتی بە (PKK) دەرکردووە کە هەریەك لەو ڕاگەیاندنانە تەعبیر لە ڕایی یەکێك لەئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەکات، ڕەنگدانەوەو تێڕوانینی حزبەکانیانی تیادا دانراوە. یەك ڕاگەیەنراویش سەبارەت بە هێرش و پەلامار و بۆردومانی تورکیایە بۆ هەرێمی کوردستان. |
| ٢٧ | ڕاگەیەنراوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە سوتاندنی بارەگای پدك لە بەغدا | 1 | دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەك ڕاگەیەنراو لەسەر ماڵپەڕی فەرمیی خۆی و لە ڕاگەیاندنەکاندا (١) ڕاگەیەنراوی تایبەتی سەبارەت بە سوتاندنی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەرکردووە. |
| ٢٨ | ئەو بەڵێنانەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان بە خەڵکی کوردستانیاندا جێبەجێی بکەن | 141 | بەپێی کۆبوونەوەکانی دەستپێکی هەردوو خولی بەهارەو پایزە لە ڕۆژانی(٢٠٢٠/٣/١) و (٢٠٢٠/٩/٢)، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە کۆبوونەوە بەڵێنی جێبەجێکردنی بەڵێن گەلێکیان دا کە کۆی لە (١٤١) خاڵ دەبینیەوە، بەلام کەمترینیان لێ جێبەجێ کراوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە:<br>–کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوور.<br>–هێنانی بودجەی (٢٠٢٠) بۆ پەرلەمان.<br>–گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە بە یاسا.<br>–فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات.<br>–دڵنیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.<br>–چارەنوسی فەرمانبەرانی گرێبەست.<br>–دامەزراندنی یەکەمی زانکۆکان.<br>–یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.<br>–وەبەرهێنان.<br>–دەروازە سنورییەکان.<br>–پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی.<br>–ئەنجومەنی دەرمان و خۆراك.<br>–ڕێکخستن و فرۆشتنی هاوردەکردنی لێدەرهێندراوەکانی نەوت. |

## خشتەی ژمارەی بەشداری ئەندامان لەقسە کردنیان لەنێو هۆڵی پەرلەمان لەماوەی ساڵی ٢٠٢٠ دا

| ز | ژمارەی<br>ئەندامی پەرلەمان | ژمارەی قسەکردنی ئەندامان<br>لە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە ساڵێکدا |
|---|---|---|
| ١ | ئەو پەرلەمانتارانەی هیچ قسەیەکیان نەکردووە | (٢) پەرلەمانتار |
| ٢ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١) جار قسەیان کردووە | (٤) پەرلەمانتار |
| ٣ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢) جار قسەیان کردووە | (١٠) پەرلەمانتار |
| ٤ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٣) جار قسەیان کردووە | (٨) پەرلەمانتار |
| ٥ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٤) جار قسەیان کردووە | (١١) پەرلەمانتار |
| ٦ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٥) جار قسەیان کردووە | (٨) پەرلەمانتار |
| ٧ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٦) جار قسەیان کردووە | (١١) پەرلەمانتار |
| ٨ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٧) جار قسەیان کردووە | (٣) پەرلەمانتار |
| ٩ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٨) جار قسەیان کردووە | (٦) پەرلەمانتار |
| ١٠ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٩) جار قسەیان کردووە | (٧) پەرلەمانتار |
| ١١ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٠) جار قسەیان کردووە | (٦) پەرلەمانتار |
| ١٢ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١١) جار قسەیان کردووە | (٩) پەرلەمانتار |
| ١٣ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٢) جار قسەیان کردووە | (٥) پەرلەمانتار |
| ١٤ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٣) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ١٥ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٤) جار قسەیان کردووە | (٢) پەرلەمانتار |
| ١٦ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٦) جار قسەیان کردووە | (٣) پەرلەمانتار |
| ١٧ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٧) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ١٨ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٨) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ١٩ | ئەو پەرلەمانتارانەی (١٩) جار قسەیان کردووە | (٢) پەرلەمانتار |
| ٢٠ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢٠) جار قسەیان کردووە | (٢) پەرلەمانتار |
| ٢١ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢١) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ٢٢ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢٣) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ٢٣ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢٤) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ٢٤ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٢٧) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ٢٥ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٣٠) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |
| ٢٦ | ئەو پەرلەمانتارانەی (٣٦) جار قسەیان کردووە | (١) پەرلەمانتار |

## له بڵاوكراوەكانی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

**یەكەم: بە زمانی كوردی:**

١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەركردنیان، نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەكانی خوێندنی باڵاو گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەكی كراوەدا بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی كوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یەكەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- كاری هاوبەشی نێوان رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەكانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دووەم، (١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سێیەم، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی چوارەم، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، هەولێر ، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی شەشەم، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری كردنی پەرلەمان لە روانگەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە، راپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەكاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دەیەم، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥- رەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاكانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحكومی لەنێوان كوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەكراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یەكەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ كارەكانی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی یەكەم لە خولی پێنجەم، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٩-٢٩/٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، (١/٣/٢٠٢٠-٣١/٨/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٧- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، راپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠٢٠-٣١/١٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**


١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، اربيل، ٢٠١٤.
٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني،(١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.
٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، اربيل ، ٢٠١٥.
٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.
٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، اربيل ، ٢٠١٧.
٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل ، ٢٠١٧.
٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، اربيل ، ٢٠١٧.
١٠- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، السليمانيه، ٢٠١٧.
١١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.
١٣- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٤- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير اليانى، التصويت العام، السليمانيه، ٢٠١٨.
١٥- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، ، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، اربيل ، ٢٠١٩.
١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، ، (١/٠٩/٢٠١٩-٢٩/٠٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، ، (١/٠٣/٢٠٢٠-٣١/٠٨/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.
١٩- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، ، (١/٩/٢٠٢٠-٣١/١٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.


**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.
2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.
3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.
4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.
5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.
6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.
7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.
8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.
9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.
10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.
11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.
12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.
13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.
14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.
15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.
16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.
17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.
18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.
19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.
20- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

## ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(26یتشرین دووەمی2013) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویست.


پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە .

### کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی:

1. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی بالاٌ لە هەرێمی کوردستان.
2. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
3. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
4. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی بالاٌ.
5. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی بالاٌی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.
6. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکات لە هەرێمی کوردستان.

بلاٌوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (63)




www.payied.org